# ئيسلام يان ئيلحاد

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: **زامدار قادری**
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: **ئەیاد نادر**

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
Nawandi Raha ناوەندی ڕەها

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# ئیسلام یان ئیلحاد

دیبەیتێک لەنێوان هەمزە تزۆرتسس و لاورنس کراوس

وەرگێڕانی:
ئەیاد نادر

چاپی دووەم
٢٠٢١

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە: **1**

ناوی کتێب: **ئیسلام یان ئیلحاد**

وەرگێڕانی: **ئەیاد نادر**

پێداچوونەوە: **ڕێبەر بەختیار**

دیزاینی بەرگ: **بسام محمود**

دیزاینی ناوەوە: **ئەیاد نادر**

ساڵی چاپ: **2021**

تیراژ: **1000 دانە**

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی **٢٧٣** ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.

# سوپاس و پێزانین

لەپاش سوپاس و ستاییشی خودای گەورە، سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەم کە لەم پەرتووکەدا یارمەتییاندام:

1_ سوپاسی ئەو کەسە دەکەم کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم کتێبەوە پاڵپشتم بوو هەتا کۆتاییەکەی.

2_ سوپاسی برای زێدە خۆشەویستم کاك (ئەحمەد موحەممەد نەقاش) دەکەم، کە یارمەتییەکی زۆری دام.

3_ سوپاسی برای گەورەم کاك (ئازاد موزەفەر) دەکەم لەم کتێبەدا یارمەتییدەرم بوو.

4_ سوپاسی دیزاینەری لێهاتوو و داهێنەر کاك (ئیبراهیم صاڵح)ی برام دەکەم، بۆ دروستکردنی بەرگی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە.

5- سوپاسی برای شیرینم کاک (بسام مەحمود) دەکەم، بۆ دیزاینکردنی بەرگی ئەم چاپە تازەیە.

5_ سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە پاڵپشت و یارمەتییدەرم بوون.

# پێشەکیی ڕێکخەری دیبەیت

بە (سوپاس و ستاییش بۆ پەروەرێنی بەخشندە و دلۆڤان) دەستپێدەکەم.

السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته... بەخێربێن.

سوپاس بۆ ئامادەبوونی هەمووتان، ئەم دیبەیتە لێرەدا بۆ دوو قسەکەری بەڕێزە، ئاواتەخوازم بەسوود بێت.

هۆکاری کۆبوونەوەی ئێمە ئەو دیبەیتەیە، ئەم دیبەیتە وای لێکردین لەگەڵ یەکتردا ڕاستگۆبین.

دیبەیتی ئەمڕۆ پڕیەیەتی لە ڕکابەرییکردن، ناونیشانی دیبەیتەکە بریتییە لە: (ئیسلام، یان ئیلحاد کامیان لۆژیکییترە؟)

ئەم دیبەیتە لە گەردووندا ڕوونادات، یان لە جیهانی دەرەوەشدا ڕوونادات.

ئەم دیبەیتە لە جیهانێك ڕوودەدات پڕبێت لەو کەسانەی بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن.

له جیهــانێكی پــڕ ئومێــدی ســەركەوتن ڕوودەدات، له جیهانێــك ڕوودەدات پڕبێت له زانیاریی، له لایەن نەوەیەكی پڕ زانیارییەوە.

وەهــا بەدیاردەكەوێــت ئــێمه له وەڵامــدانەوەی تەواو بــۆ پرســیاره بنچینەییەكـانی ژیـان و بـوون شكسـتمانهێناوه، كه بـابەتی كـرۆك و سەرەكیی ئەو دیبەیتەی ئەمڕۆمانه لێرەدا، له لەندەن، لەم هۆڵەدا.

لەیادمه بەشێكی زۆری ژیانم بەسەربرد، بەردەوام له خۆمم دەپرسی: بـۆچی مـن لێرەم؟ كـێ منـی دروسـتكردووه؟ ئایا ئامـانجم هەیه له ژیان؟

ئایا دەكرێت ئێمه لەم پرسیارانه دڵنیابین؟

جارێك له (دانایەكی گاورم) پرسی: ئامانج له ژیان چییه؟

وەڵامیدامەوه و گوتی: بڕۆ لاهوت بخوێنەرەوه...

مـن نـاڵێم: بـڕۆن لاهـوت بخـوێنن، بەڵكـو مـن داواتـان لێدەكەم لێره دابنیشــن و بــۆ مــاوەی دوو كــاتژمێر لەگەڵ میــوانه بەرێزەكــانم گفتوگۆبكەن.

ئەوەی دەتوانین لێرەدا ئەنجامیبدەین بریتییه لەوەی عەقڵ و ژیریی و لۆژیك بەكاربهێنین هەتا بتوانین بڕیارەكانمان دابڕێژین سەبارەت بەو دیبەیته.

بە ڕاستیی پێویستە ئازاد و خاوەن بیرێکی کراوەبین، مسوڵمان بین، یان مسوڵمان نەبین، مەسیحیی بین، یان باوەڕمان بەهەر شتێکی تر هەبێت، پێویستە کراوەبین و بە ڕاستگۆیانە گفتوگۆ بکەین.

پێش ئەوەی داوا لە ئێوە بکەم" سەرەتا داوا لە خۆم دەکەم لەبەرئەوەی زۆر ئەستەمە لە کاتێك پێشووتر کاسۆلیکییەکی ئێرلەندی بووبیت.

ئەم ئێوارەیە گفتوگۆ دەربارەی دوو بیروباوەڕی بنچینەیی دەکەین، هەردووکیان بانگەشەی حەقیقەت و ڕاستیی دەکەن، جا هەر کامێکیان براوەبێت.

لە کۆتایی دیبەیتەکەدا ئێوە زیاتر دەربارەی ئیلحاد و ئیسلام دەزانن.

حەزدەکەم هەموان زیاتر دەربارەی ئیسلام و ئیلحاد بزانن، ئەوەش بنچینەی دیبەیتەکەمانە.

دیبەیتەکە چۆن بەڕێوەدەچێت ئەمڕۆ؟

هەر یەکێکتان 25 خولەکی تایبەتی دەبێت بۆ قسەکردن، دەشکرێت هەروەك ڕامگەیاند بگۆڕدرێت، لەدوای ئەمە هەر یەکەیان 10 خولەکیان هەیە بۆ وەڵامدانەوەی یەکتر. پاشان 3 خولەکی تر بۆ وەڵامدانەوەیەکی تر، ڕەنگە ئەمەش بگۆڕدرێت. پاشان وەڵامدانەوەی

یەکتر دەبێت لە نێوان ئێوەدا، بەڵام ڕێگە نادرێت هیچ چەکێکی قورس بەکاربێت لەو ماوەیەدا...

لەگەڵ ئەوەی من دەزانم دەکرێت زمان زۆر لە چەکی نەوەوی بەهێزتر بێت.

لە دوای ئەمە بواردەدرێتە ئێوەی بەشداربووی خۆشەویست بە پێشکەشکردنی پرسیار و سەرنجەکانتان، ئاواتەخوازم پەیوەندیی بەباتەکەوە هەبێت.

پاشان 2 خولەك بۆ گوتەی کۆتایی. پاشان پێشکەشکردنێکی سادە. لە دواییدا دەگەڕێینەوە ماڵەوە، پێش کاتژمێر 10 لێرە دەرناچین.

دەمەوێت داوا لە بەشداربووان بکەم کە هیچ گێرەشێوێنییەك نەکەن ببێتە هۆی بێزارکردنی قسەکارەکان و بەدرێژایی ماوەکە بە ئەدەبەوە بدوێن، گوێ لە یەکتر بگرن.

ئێمە هیچ خوێن و شەڕێکمان ناوێت، وابزانم ئێوەش تێدەگەن بۆ وا دەڵێم...

هەمزە ئەندریاس تزۆرتسس... لە ڕاستییدا یۆنانییە پاکستانیی نییە، هەرچەندە لە ڕاستییدا بە پاکستانییەکان دەچێت.

قوتابیی بیری ئیسلامییە، وانەبێژ و توێژەرە لە پەیمانگای پەروەردە و توێژینەوەی ئەکادیمیی ئیسلامیی.

بەبێ درێژکردنەوە... داوای لێدەکەم با بفەرمووێت.

# دەستپێکردنی گوتار

# (هەمزە تزۆرتسس)

ان الحمد لله والصلوه والسلام على رسول الله

پرۆفیسۆری بەڕێز کراوس، برایە میوانەکان، خوشکان، هاوڕێیان، خزمان...

سڵاوتان لێدەکەم بە پاکترین سڵاوی ئیسلام...

السلام علیکم ورحمه الله و برکاته...

واتاکەی ئاشتیی و بەرەکەتی خوداتان لەسەربێت...

پرسیاری ئەمڕۆمان، ئیسلام، یان ئیلحاد کامیان زیاتر لۆژیکییە؟

ئەگەر بێتو توانا لۆژیکییەکانمان بەکاربهێنین، بێگومان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئیسلام زیاتر لۆژیکییە. دوو بەڵگەی سادە بەکاردەهێنم بۆ پشتڕاستکردنەوەی بانگەشەکەم.

بەڵگەی یەکەم: ئیسلام لۆژیکییترە لە ڕووی (بنچینەی گەردوون).

بەڵگەی دووەم: ئیسلام لۆژیکییترە لە ڕووی (ڕەوانبێژیی قورئان).

ڕاستەوخۆ دەچمە سەر بەڵگەی یەکەم، کە دەڵێت: ئیسلام لۆژیکییترە لە ڕووی بنچینەی گەردوونەوە. هەموومان یان زۆربەمان بەهەر

شێوەیەك بێت ئەو پرسیارەمان بە خەیاڵدا هاتووە، بۆچی گەردوون بوونی هەیە؟ بۆچی شتێك هەیە لە بری نەبوونی هیچ شتێك؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، باپیرە گەورەی مولحیدە نوێیەکان (بێرتراند راسل) کاردانەوەی هەبووە و گوتوویەتی "گەردوون بوونی هەیە، ئەمەش هەموو شتێکە و ڕاستییەکەیە".

تەنانەت لە مێژووی ئیسلامییدا، لە سەرەتاکانی سەدەی هەشتەم، فەلسەفەی سرووشتگەرایی بوونیان هەبووە بە ناوی (الدهریە)[1] کە هاوشێوەی ئەو تێڕوانینەیان هەبووە بۆ ئەم بابەتە.

ئەو بۆچوونە مێژووییانە ئەوە لەخۆدەگرێت کەوا گەردوون هەمیشەییە، ئەگەر گەردوونیش هەر هەبووبێت، ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کەوا ڕابردوویەکی بێکۆتایی هەبووە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەکرێت ئێمە ڕابردوویەکی بێکۆتامان هەبێت؟ ئایا دەکرێت بوونی بێکۆتایی[2] لە جیهانی ڕاستییدا لۆژیکییانە بێت؟

---

[1] - دەهرییەکان: ئەوەیە کە باوەڕی بە ژیانی دیکەی دوای مردن نییە و گۆڕ دوا وێستگەیە، دەهرییەکان لەکاتی هاتنی ئیسلام ئە مانایەیان بەو شێوەیە دەردەبڕی؛

[2] - بێکۆتا (بەم هێمایە نیشاندەدرێت) ئاماژە دەکات بە چەندین چەمکی جیاوا — زۆرتر گرێدروە بە بیری " بێسنووری"- کە لە فەلسەفە و بیرکاری و تیۆلۆجیدا دێتە کایەوە.

ئەو بیرکـــــردنەوەی کە دەڵێـــــت گەردوون ســــەرەتایەکی نیـــــیە، بیرکردنەوەیەکی لۆژیکیی نییە، چونکە بێکۆتا لە جیهانی ڕاستییدا شـتێکی پێـوانە نەکـراوە. بابەتێـك کە پرۆفیسـۆری خۆشەویسـتمان کـــراوس لە لاپەڕە ٧١ لە کتێـــبەکەی (گەردوون لە هـــیچەوەیە) بەڕوونیـی باسـیکردووە و دەڵێـت: "هێـزی بۆشـایی بەتـاڵ، یـان هەر شتێکی تـر لەو لایەنە ناکرێت بەشێوەیەکی فیزیاییـانە ببێتە بێکۆتـا، لەبەرئەوە لەسەرمانە ڕێگەیەکی ژمێریاریی بدۆزینەوە بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی دیارییکراو".

بـۆ ئەوەی ڕوونیبکەیـنەوە کە بێکۆتـا ناگونجێت بـوونی هەبێت، ئەو نمـوونەیەی کە ئێسـتا پێتانیـدەڵێم بـیخەنە نـاو ژمێریـارییەوە، بیهێـنـنە بەرچـاوی خۆتـان کەوا ژمـارەیەکی زۆر و بێکۆتـا لە پرۆفیســۆر کــراوس لەم ژوورە هەیە، ئــێمەش پێــنج دانەیــان کەمبکەیــنەوە و لایانببەین، ئایا چەند دەمێنێتەوە؟

هەنـدێك لەبیرکارییزانەکـان لەوانەیە بڵێن کە هەر ژمـارەیەکی بێکۆتـا لە پرۆفیسۆر کراوسمان بۆ دەمێنێتەوە.

لۆژیکزانێـك لەوانەیە بڵێت بێکۆتـا کەمـی پێنجمـان بـۆ دەمێنیـتەوە، بەڵام چی شتێك ڕێگرییم لێدەکات بە کردار مـن پێنج لە پرۆفیسۆر کراوس لەم ژوورە لاببەم، هیچ شتێك.

ئەگەر من بەو کردارەش هەڵسام، ئەوا دەبێت کەمتر لە بێکۆتا هەبێت، بەڵام ئەوەش بــوونی نیــیە، ئەوەش سەردەکێشــێت بــۆ دژیەکبــوون و پووچەڵیی.

ئەم نموونەیەش وەربگرن و بیخەنە ناو ژمێریارییەوە، دووریی نێوان من و پرۆفیســۆر کــراوس وەربگــرن، دەتــوانین ئــێمە ئەم دووریــیە بــۆ بەشبەشی بێکۆتا دابەشبکەین، بەهۆی ئەوەی کە کورتترین ڕێگەی سنووردار بەکاربهێنم بۆ ئەوەی تیایدا گواستنەوە بکەم.

هەروەك چۆن فەیلەسوفی یۆنانیی ئەرەستۆ گوتوویەتی: "ڕەهایی ئەگەرییە و هەرگیز واقیعیی و ڕاستیی نییە".

لەژێر تیشکی ئەمەدا، هەردوو زانای ماتماتیکیی (کازنر و نیومان) گوتوویانە: "بێکۆتا بوونی نییە، بەهەمان ئەو لۆژیکەی کە دەڵێین ماسیی لە ناو دەریادا بوونی هەیە". ئەمە دەمانگەینێتە بەڵگەی دەرئەنجامیی. ئەوەی نازانێت واتای بەڵگەی دەرئەنجامیی چییە. بەڵگەی دەرئەنجامیی بریتییە لەو ئەنجامەی کە بە شێوەیەکی پێویست لەدوای پێشەکییە باسکراوەکەدا دێت.

لەبەرئەوە ڕەتکـردنەوەی بەڵـگەی دەرئەنجـامیی وەك ڕەتکـردنەوەی حەقیقەت و ڕاستیی وایە. لەبەرئەوە گوێ لە بەڵگەی دەرئەنجامیی بگرن.

خـاڵی یەکەم: ناگونجێـت بێکۆتـا بـوونی هەبێـت بە شـێوەیەکی ڕاستەقییەنە لە جیهانی فیزیاییدا.

خـاڵی دووەم: ژمـارەیەکی بێکۆتـا لە ڕووداوە مێژووییەکـان بەڵـگەیە لەسەر بێکۆتایی ڕاستەقیینە، لەبەرئەوە ناکرێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕووداوە مێژووییەکان هەبێت.

هەر لەبەرئەوەیە گەردوون بێکۆتا نییە و گەردوون سەرەتایەکی هەیە، ئەمە بەڵگەی دەرئەنجامییە.

بەڵگەیەکـی ترمـان هەیە تەواوکەری بەڵـگەی پێشـووە، بەڵگەیەکـی پەیوەست بە فیزیـایی گەردوونیـیە. مـن بانگەشـەی ئەوە نـاکەم کە زانـایەکی فیزیـاییم، لێرەدا زانـای فیزیـایی و ئەکـادیمیی هەیە، ئەو دەتوانێت تەواوی باسەکەمان بۆ باسبکات، بەڵام زانا گەردوونناسەکان چییان گوتووە؟

بۆ نموونە (ئەلیکسەندەر فیلینکن) لە کتێبەکەی (کۆمەڵە جیهانێك لە یەك جیهان)، باوەڕیشم وایە کەوا ئەو هاوڕێی پڕۆفیسۆر کراوسە، دەڵێت: "بەو بەڵگانەی کە هەمانە، گەردووناسان چیتر ناتوانن خۆیان لەپشت ئەو ئەگەرەی کە گەردوون ڕابردوویەکی هەبووە حەشاربدەن".

هیچ ڕێگەی دەرچوون و خۆدزینەوە نییە، لەسەریانە ڕووبەڕووی بابەتی (سەرەتای دروستبوونی گەردوون ببنەوە). تەنانەت پڕۆفیسۆر (کراوس) لە کتێبەکەی پشتڕاستی بوونی سەرەتایەك بۆ گەردوون دەکاتەوە. ئەوەی گرنگە لە فیکری ئیسلامییدا بۆ ماوەیەکی زۆر گفتوگۆی ئەو ڕایە کراوە و کۆدەنگبوون لەسەر ئەو دەرئەنجامەی کە گەردوون بێکۆتا نییە و لە خاڵێکی دیارییکراودا دەستیپێکردووە.

ڕوناکبیر ابن تیمیە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) لە سەدەی چواردە لە کتێبەکەی (الصفدیە) وای نووسیوە: "هەرچی شتێکە جگە لە خودای گەورە دروستکراو و پەیدابووە دوای ئەوەی کەوا نەبووە، هیچ شتێك جگە لە خودا بێکۆتا نییە".

ئێستا دوای ئەوەی ئێمە ئەوەمان سەلماند کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە، چوار گریمانەمان هەیە بۆ چۆنیەتیی دروستبوونی گەردوون:

یەکەم: گەردوون لە هیچەوە دروستبووە.

دووەم: گەردوون خۆی دروستکردووە.

سێیەم: گەردوون دروستکراوە لە لایەن دروستکراوێکی ترەوە.

چوارەم: گەردوون دروستکراوە لە لایەن دروستنەکراوێکەوە.

با بەیەکەوە گفتوگۆی ئەم بۆچوونانە بکەین.

ئایا دەگونجێت گەردوون لە هیچەوە دروستکرابێت؟

پێش هەموو شتێك مەبەستمان چییە لە (هیچ)؟

مەبەستمان لە (هیچ) واتە نەبوون و ئامادەنەبوونی شتێك، لەو حاڵەتەدا بریتییە لە نەبوونی گەردوون.

بۆچی پێناسەی ئێمە لۆژیکییترە؟

لەبەرئەوەی ئێمە بە شێوەیەکی لۆژیکیی گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە، گەردوون لە کاتێکدا بوونی نەبووە. ئەوەش ناتوانرێت دژایەتیی بکرێت، لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی لۆژیکیی گەشتینە ئەو دەرئەنجامە. لە ئەنجامی ئەو پێناسەی کردمان، من وەها بیردەکەمەوە کەوا ئێمە دەگەین بە

دەرەنجامێك ئەویش ئەوەیە (دروستبوونی گەردوون بەهۆی هیچ و لە هیچەوە شتێکی نالۆژیکییە و دوورە لە ڕاستییەوە).

ئەمە دەهێنینە ناو مەیدانی تاقیکردنەوەوە، دەتوانین بە شێوازی ماتماتیکییانە وتوێژی دەربارە بکەین، ئەنجامی 0+0+0 چەندە؟ مەحاڵە وەڵامەکەی بکاتە 3، بەڵکوو دەکاتە 0.

هەر لەبەرئەوە ناگونجێت گەردوون لە (هیچ)ەوە دروستبووبێت.

(بی جی وارتۆن ) لە بڵاوکراوەکەیدا دەربارەی (کات) دەڵێت "ئەگەر شتێك هەبێت و نەتوانرێت باوەڕی پێبکرێت بریتییە لە دروستبوونی شتێك لە (هیچ)ەوە.

با بچینە سەر بژاردەی دووەم، ئایا گەردوون خۆی دروستکردووە؟

ئەوە واتای وای لێدێت کە گەردوون بووە و نەبووە لەهەمان کاتدا، ئەمەش مەحاڵە.

نموونەیەکی سادە هەیە دەتوانیت لە عەقڵت وێنایبکەیت، پرسیار لە خۆت بکە ئایا دایکت دەتوانێت خۆی خۆی ببێت؟

بێگومـــان وەڵامەکە ڕوونە نەخێـــر، لەبەرئەوە بۆمـــان دەرکەوت کە دروستکردنی خود شتێکی مەحاڵە.

بـــژاردەکەی تـــر ئەوەیە ئایـــا دەکرێـــت ئەم گەردوونە لە لایەن دروستکراوێکەوە دروستکرابێت؟

مـن دەڵـێم ئەو شـیکردنەوەیە نـالۆژیکیی و نـاعەقڵانییە، لەبەرئەوەی گەردوون ناکرێت بەرهەمی گەردوون، یان هەرشتێکی تر بێت، یـان لە ئەنجـامی هەر دروسـتکراوێکی تـر بەدیهاتبێـت. بەهـۆی بێواتـایی هەڵگەڕاوەی بێکۆتا.

وا وێنـابکە، گەردوونـی ژمـارە 1 لە ئەنجامی گەردوونـی ژمـارە 2 دروسـتبووە. گەردوونـی ژمـارە 2 لە ئەنجامی گەردوونـی ژمـارە 3 درووســـتبووە. بەم جـــۆرە هەتـــا ناکۆتـــا. ئەگەر بەم شـــێوەیە ئەو گەردوونەی خۆمان دەست ناکەوێت.

هەر لەبەرئەوە بیرمەنـد و فەیلەسـوفی مسـوڵمان (جەعـفەر ئیـدریس) ئامـاژە بەو خـاڵە دەکـات، گوتـوویەتی: "لەو حـاڵەتەدا زنجیـرەیەك لە هۆکارەکان نییە، بەڵکوو زنجیرەیەك لە نەبوومان دەستدەکەوێت. هەموو ئەو بوونـــانەی لە دەوروبەرمـــان هەیە ڕاســـتەقیینەن، هەر لەبەرئەوە هۆکاری سەرەکیی نابێت بەهۆی هۆکاری دونیاییەوە بێت".

لەبەرئەوە من دەڵێم ئەگەری کۆتایی بریتییە لەوەی ئەو گەردوونە لە لایەن زاتێکەوە دروستکراوە، کە دروستکراو نییە، کەواتە ئەمەیان لۆژیکییترینە.

فەیلەسوف (ئیبراهیم فیرگیز ) گوتوویەتی لە پاشکۆی کتێبەکەی (ئەنتۆنی فلو) - خودا بوونی هەیە There is) A God)، ئەم دەرئەنجامە بە شێوەیەکی زۆر سادە و بەهێز باسدەکات و دەڵێت: "ڕوونە کە مولحیدەکان و ئیماندارەکان دەکرێت لەسەر شتێکدا یەکڕابن، ئەویش ئەگەر شتێك هەبوبێت، ئەوا دەبێت بەر لە ئەو شتێکی تر بوونی هەبێت، کەوا هەمیشە بوونی هەبووە".

چۆن دەکرێت ئەو ڕاستییە هەمیشەییە پێکهاتبێت؟

وەڵامەکەی بریتییە: لەوەی پێك نەهاتووە، هەر هەبووە، خۆت هەڵیببژێرە. خودا، یان گەردوون، دەبێت شتێك هەر بوونی هەبوبێت. ئەوەمان سەلماند کە گەردوون سەرەتایەکی هەبووە، ئەگەر بێتو هەمیشە نەبووبێت، بێگومان ئەوە بە حەتمیی ئەوە ناگەینێت کە (الله، یان بوزا، یان مەسیح، یان یەهوێ) هەبووە. ئەوە تەنها باوەڕە، ئەوەش بۆ مولحیدەکان جێدەهێڵین.

ئەو بیرۆکەی من دەمەوێت بیگەینم، بریتییە لەوەی ئەگەر بێتو لەم گفتوگۆیەدا لۆژیکییانە بەردەوامبین بە بەکارهێنانی عەقڵ هەروەك فێرکاری قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت: (افلا تعقلون) واتە: ئایا عەقڵتان بەکارناهێنن؟ ئەگەر بەردەوامبین لە بەکارهێنینی عەقڵ و بیر و هۆشمان دەگەینە دەرئەنجامی زۆر قووڵ:

یەکەم: ئەو دروستنەکراوە پێویستە هەمیشەیی بێت، چونکە دروستنەکراوە.

دووەم: پێویستە لە لووتکەدا بێت، هەروەك چۆن ابن تیمیە (فەلسەفەزان و بیردۆزدانەر)، فەرموویەتی: "دەبێت جیاواز بێت و لەو گەردوونە نەبێت".

بۆ نموونە: ئەگەر من ئەو ستەیجە دروستبکەم، ئایا من ئەو ستەیجەم؟ نەخێر!

سێیەم: دەبێت ئەو دروستکەرە خاوەن ویست بێت، لەبەرئەوەی هەمیشەییە و شتێکی دروستکردووە وەك ئەو گەردوونە، لەبەرئەوە ئەو ویستوویەتی دروستیبکات بەپێی ویستی خۆی.

ویستەکەشی دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی کە دەتوانێت پەیوەندیی هەبێت لەگەڵ درووستکراوە ژیرەکان لە گەردووندا.

چوارەم: پێویستە هێزی لە لووتکەدا بێت. بۆ نموونە گەردیلەی دروستکردووە، دەتوانیت گەردیلە بەشبەشبکەیت؟ پرسیار لە پرۆفیسۆر کراوس بکەن ئەگەر ویستتان گەردیلە بەشبەشبکەن.

پێنجەم: دەبێت لە لووتکەی زانیارییدا بێت، بەوەی کەوا هەمیشەییە و یاساکانی داناوە، وەك یاسای کێشکردن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دروستکەری یاساکانە.

هەرلەبەرئەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو زاتە زانایە بە هەموو شتێك لەگەڵ ئەوەش هەمیشەییە و یاسا دارێژەرە بۆ گەردوون.

لە کۆتاییدا دەبێت تاك و تەنها بێت. ئەگەر بێتو لۆژیکی (ئۆکام ڕیزەر) وەربگرین، بەهەرحاڵ زۆر کەس لە (ئۆکام ڕیزەر) نەگەیشتوون. بەهۆی خوێندنەوەم بۆ کتێبەکەی پرۆفیسۆر کراوس وا بزانم ئەویش لێی نەگەیشتووە، دەتوانن دواتر لەگەڵیدا گفتوگۆبکەن.

هاوکات (ئۆکام ڕیزر) گفتوگۆی هۆکارە فیزیاییەکانی نەکردووە، بەڵکوو لە بەرانبەردا بەهەڵە لێیتێگەیشتراوە بە شێوازی کراوسی.

لۆژیکی (ئۆکام ڕیزر) بریتییە لەوەی کەوا تۆ ئاسانترین و سادەترین ڕاڤەت لابێت، هاوکات گەورەترین و قورسترینیشیان بێت، ئەمەیان واتای چییە؟

ئەمە واتای ئەوەیە کە دەبێت شیکردنەوەکە پێویستە خاوەن دیدگایەکی بەهێز و قووڵ بێت، لەبەرئەوەی دەکرێت شیکردنەوەکە ئاڵۆزبێت، دەشکرێت شیکردنەوەکە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە.

بیرکردنەوە لەو ڕاستییەی کە خودای گەورە تاك و تەنهایە، هەڵبژاردنێکی تەواو گونجاوە، چونکە یەك دانەیە (سادەیە)، لەهەمان کاتدا زۆر قووڵیشە.

ئەگەر بڵێیت دوو یان سێ، یان چوار خودا هەیە، ئەو هەڵبژاردنە سادە نییە، وەڵامی هەموو پرسیارەکان ناداتەوە، بەڵکوو پرسیاری تر دەهێنێتەکایەوە.

پرسیارگەلێکی وەك ئەوەی چۆن دەگونجێت دوو خودا، یان سێ خودا، یان زیاتر لەیەك کاتدا هەبێت. ئەمە بە هیچ جۆرێك لۆژیکی نییە.

هەر لەبەرئەوە ئێمە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە قورئان پێش (1400) ساڵ پێیگەیشتووە، بەوەی تاکە دروستکارێك هەیە کە جیاواز لە هەمووانە و لە سەرووی ماددەدایە.

هەروەك ئەوەی لە قورئانی پیرۆز هاتووە لە سورەتی(١١٢)یەمین (قل هوالله أحد(١)الله الصمد(٢) لم یلد ولم یولد (٣) ولم یكن له كفوا أحد(٤)).

پێش ئەوەی بچمە سەر خاڵێکی تر دەمەوێت لێرەدا هەڵبسم بە گفتوگۆیەك، ئەگەر یەکێك وا پرسیاری لێکردی ئاوا وەڵامدەدرێتەوە.

هیچ هەستم بە سووکایەتیپێکردن، نەکرد کاتێك لەو ژوورە داوام لە یەکێك کرد بەم جۆرە گفتوگۆم لەگەڵ بکات، وەڵامیدامەوە (من لە بەردەمیدا بێدەنگ نابم).

من هەستمکرد کە ئەمە کردارێکی منداڵانەیە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە چیرۆکێکی ترە.

من دەمەوێت بەم ڕێگەیە گفتوگۆبکەم هەتا کلێشەکانی ئیلحاد پووچەڵبکەمەوە.

باشە یەکەم کلێشەی ئیلحاد چییە؟

یەکەم کلێشەی ئیلحاد کە من پێیدەڵێم (کلێشەی هیچ)ی پرۆفیسۆر کراوس.

ئەگەر بێتو کتێبەکەی بخوێننەوە هەستدەکەن بەوەی کەسێکی ئەکادیمیی لێزانە و من بەو بەراورد ناکرێم.

لە کتێبەکەیدا (گەردون لە هیچەوە) کە من زۆر بەدڵم بوو، لایەنی ڕەوانبێژییەکەی کتێبەکەشم بەدڵ بوو.

تێیدا نووسیوە: هیچ بریتییە: لە هیچێك لە هێڵێکی لارەوە.

ئەوەی دەیەوێت لێرەدا بیکات بریتییە لەوەی واتای (هیچ) بگۆڕێت کە لە زمانی ئینگلیزییەوە بە واتای نەبوونی گشتیی دێت.

بەڵام ئەوەی ئەو دەیەوێت بیڵێت (هیچ)یش هەر شتێکە، ڕاستییەکی کوانتەمییە.

بە ڕاستیی ئەمە زۆر سەیرە، هەر لەبەرئەوە دەبێت (فەلسەفە) بخوێنیتەوە هەتا بتوانیت شتەکان لە یەکتر جیابکەیتەوە.

بۆ نموونە: وا خەیاڵ بکە من چاوم بە (هیچ کەسێك) کەوت لە سەرەوە و ئەوان ڕێنماییانکردم بۆ ئەم ژوورە.

یان وا خەیاڵ بکە من بڵێم هاوسەرەکەم دوێنێ چێشتێکی زۆر خۆش و بەلەزەتی ئامادەکردبوو، کە (هیچ) بوو.

یان بە ڕاستیی ئەو (هیچ)ە لەگەڵ کرێم زۆر خۆشە.

مەبەستم ئەوەیە کەوا ئەمە هیچ واتای نییە.

پرۆفیسۆر کراوس لەگەڵ ئەوەی دەڵێت (هیچ) شتە، بەهەمان شێوە لە کتێبەکەی لە لاپەڕە 80 دەڵێت: "گەردوون دووبارە لەناودەچێت هەتا دەگەڕێتەوە بچوکترین ئەندازە لە بارستەی کوانتەمی[3]، ئەو هێزەی ڕەنگە هەموو بوونمان لە ئەوەوە دەستیپێکردبێت".

هاوڕێیەکەی پرۆفیسۆر کراوس (ئەلیکساندەر فیلینکین) بەو دواییانە گوتی کە ئەو بۆشاییە تەواو جیاوازە لە (هیچ)ەوە، ئەو بوونێکی فیزیکییە.

بەڵام ئەوانە هەمووی هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە، چونکە پرۆفیسۆر کراوس لە کتێبەکەیدا دان بەوەدا دەنێت کە ئەو دەرئەنجامانە هەمووی گریمانە و دەرئەنجامی یەکلاکەرەوە نین.

---

[3] - فیزیایی چەندی (کوانتەم) کۆمەڵێک بنەما لەخۆدەگرێت کە کار لەگەڵ سیستەمە فیزیاییە وردەکاندا دەکات، بەشەکان و گەردیلە و پرۆتۆنەکان و، نیترۆن و ئەلیکترۆن و کوارک و تەنۆلکەکانی تری ژێرگەردیلەیی، هەروەها لە شەپۆلە جۆراوجۆرەکانی وزەی جیاواز دەکۆڵێتەوە.

دەڵێت: "پێویستە من جەخت لەسەر وشەی (ڕەنگە) بکەمەوە، چونکە هەتا ئێستا ئێمە زانیارییەکی تاقیکاریی تەواومان نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەتا بە شێوەیەکی ناڕوون نەبێت".

من ڕێز لەوە دەگرم کە دەیەوێت بیکات، بەڵام ناگونجێت تۆ بەڵگەی گریمانەیی وەربگریت و واز لە بەڵگەی دەرئەنجامیی بهێنیت.

هیچ کەسێك ئەوە ناکات، مەگەر کورتیی بیرکردنەوەی نەبێت.

شتەکان دەگونجێت بەبێ هۆکار بێنەبوون... ئێمە بۆشایی گەردوونیمان هەیە لەگەڵ گەردوونی ڕاستەقینە، هەندێك لە ڕووداوی گەردیلەیی بەدیاردەکەوێت بەبێ ئەوەی هۆکارێکی زانراوی هەبێت.

من باوەڕم وایە ئێمە شتێکمان هەیە دەتوانێت ئەو گریمانەیە پووچەڵبکاتەوە، ئەویش پەیوەندیی بە تێڕامان و دەرکپێکردنەوە هەیە.

من دەتوانم ئەوەی لەم ژوورەدا هەیە تێڕابمێنم و دەرکیپێبکەم، من دەتوانم ئەو گەنجە جوانە ببینم، دەتوانم وێنەگرەکە و دیوارەکەش ببینم، دەتوانم ڕیزبەندییەکە پێچەوانەبکەمەوە.

بەڵام ئەگەر ئێستا خێزانەکەم بەرەوڕووم بێت، من تەنها دەتوانم دیوی پێشەوەی خێزانەکەم ببینم، بەبێ ئەوەی دواوەی ببینم، ناتوانم پێچەوانەی ئەوەش بکەم.

هەر لەبەرئەوە من دەزانم کەی دەتوانم کۆنترۆڵی دەرکپێکردنەکانم بکەم و کەی ناتوانم، لەبەرئەوەی ئێمە هەر بە فیترەت واتای هۆکار و پەیوەندیی شتەکان بەیەکەوە دەزانین.

هەر لەبەرئەوە ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایە بە پێوەری تاقیکاریی[4] وەك ڕەتکردنەوەی خودی دەرکپێکردنە، وەك ئەوە وایە تۆ فیشەکێك بە پێی خۆتەوە بنێیت.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە فەیلەسوف (جۆن کۆتینگام) لە کتێبەکەیدا (ڕێبازی لۆژیکیی) گوتوویەتی: "هیچ کەسێك بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت تێبینیی ڕووداوەکان بکات، مەگەر یاسایەك هەبێت وا لە دەرکپێکردنەکانمان بکات بەم شێوەیە بێت و پێچەوانە نەبێت".

---

4 - تاقیکاری: بریتییە لە تیۆرێک کە ئەڵێ زانین تەنیا یان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەزموونی هەستەکانەوە دێت. بۆ خۆی یەکێکە لە چەن بۆچوونێکی زانستی زانیندا، لە زانستی مرۆڤدا پێکەوە لەگەڵ ئەقلانییەت و گومانگەراییدا، ئەزموونگەرایی جەخت دەکاتەوە لە ڕۆڵی بەڵگەی ئەزموونی بۆ پێکهێنانی بیرۆکە، لە چوارچێوەی بیرۆکەی ناخیی یاخود عادەتیدا.

هەر بەكورتیی تاقیكردنەوەی ڕووداوێكی دەرەكیی وەها دەخوازێت پێشتر لە هۆكار و پێویستییەكەی تێبگەیت.

ئەوانەی ڕابردوو كلێشەكان بوون، با ئێستا بچینە سەر سروشتی قورئانی پیرۆز.

ئایەتە قورئانییەكان لە لایەن زانا ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژئاواییەكانەوە بە وتانێكی سەرسوڕهێنەر و بە هەیبەت وەسفكراون.

ئایەتانێكن هەوڵدەدەن بچنە هەموو لایەنە ناوەكییەكانی مرۆڤەوە، ئەو ئایەتانە بە ئەرێنیی هەژماردەكرێت، لەبەرئەوەی قورئانی پیرۆز هەوڵدەدات بە ئەرێنیی لەگەڵ مێشك و توانا دەروونییەكان مامەڵەبكات.

قورئانی پیرۆز لەم لایەنە سەركەوتنی بەدەستهێناوە، ئەمەیش لە ڕێگەی پرسیاركردنەوە (بەڵگە لە خودی خۆتانەوەیە ئایا نایبینن)، دەربارەی ڕاستییە فیسیۆلۆجیی و دەروونییەكان دەدوێت، هەتا ئاماژە بۆ ژیرییش دەكات.

هەر لەبەرئەوە دکتۆری بواری فەلسەفە (شەبیر ئەختەر) لە کتێبەکەیدا (قورئان و عەقڵی عەلمانییەت - فەلسەفەی ئیسلام) هەوڵدەدات ئەو ئایەتانە شیبکاتەوە، کە قورئان ئاماژەی بۆ دەکات.

دەڵێت: "ئەو ئاوازە بێکۆتاییەی لە سروشتدا هەیە، ئەو نارەحەتیی و دڵخۆشکەرانەی لە ژینگەی مرۆڤدا هەیە، بە هەموو جۆر و پەیوەندییە ناسکەکانیانەوە، هەموویان ئاماژەن بۆ واتایەکی ئایینیی، سروشتی دروستکراو کۆدێکی بەرزە بۆ حەقیقەت. سروشت کۆدێکە و پێویستی بە کردنەوە هەیە، بەڵگەکانیش پێکدێن لە جیهانی ماددیی و کۆمەڵایەتییمان. لە بەرزییەوە هەموویان دەلالەتدەکەن لەسەر ڕیزبەندییەکی ڕۆحانیی پەنهان.

ڕەنگە وەها گومان ببەن کە ئەوە زۆر گرنگە بەتایبەت بە نیسبەت کتیبێکەوە، کە لە سەدەی حەوتەم هەیە، بەڵام قورئانی پیرۆز زۆر لەوە گەورەتری تیادایە. تەحەدایەکی هزریی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی لەخۆدەگرێت.

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لەوەی دامانبەزاندووە بۆ سەر بەندەی خۆمان، کە (موحەممەدە) ئەوا ئێوە سورەتێك وەك ئەو قورئانە بهێنن، بانگی هەرچی دۆست و

شـایەتەکانتان بـکەن، کە کردووتـانن بە خـودا لە بـری خـودای حەق، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن).

ئەو ئایەتە بنچینەی نووسینەوەی قورئانە، ئێستا ئێمە کاتی تەواومان لەبەردەست نییە هەتا لە بارەی هەمـوو بەڵگەکـانەوە بدوێن، دەربـارەی بەڵگەی مێژوویی و کۆمەڵناسیی و هزرییەکانەوە بدوێین.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا باسیبکەم بریتییە لە (ئیعجاز و تاك ڕەهەنـدی ئایەتەکانی قورئان لە زمانی عەرەبیی بەکارهاتوودا).

ئەو باسـەیە کە زانـا و بیرمەنـدە ئیسـلامییەکان بە (مـوعجیزە) ناوزەندیدەکەن.

بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو باسەوە پێویستە گفتوگۆی بـابەتی (موعجیزە) بکەین، پێویستە بزانین وشەی (موعجیزە) واتای چییە؟

وشـەکە – بە ئینگلیزیـی- لە وشـەی (میریکیـولا) ی یۆنـانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای شتێکی سەرنجراکێش دێت.

پێناسـەی ڕۆژئاواییەکـان بـۆ ئەو وشـەیە بەو جۆرەی (دێڤیـد هیـۆم) کورتیکردووەتەوە بریتییە لە شکاندنی یاسا سروشتییەکان. ئێمە یەکڕا نین لەسەر ئەو پێناسەیە.

بەڵام ئایا یاسا سروشتییەکان چین؟

یاسا سروشتییەکان ئەو ڕێچکانەن لەگەردووندا هەن، ئێمە دەرکیپێدەکەین و تێبیرادەمێنین.

ئەگەر هەر شتێك لەسەر ئەو ڕێچکەیە بگۆڕێت، یان جیاواز بێت لەو ڕێچکەیە، ڕەنگە ئەوەش بەشێك بێت لە ڕێچکەکە، ئەو یاسا سروشتییانە لەسەر بنەمای بەدواداچوون (استقراء)[5] دامەزراوە.

ئەو باسە قووڵەی بیرمەندە ئیسلامییەکان پێی هەڵساون بریتییە لەوەی پێناسەی (موعجیزە)یان دووبارە داڕشتووەتەوە بەپێی ئایەتە قورئانییەکان.

پێناسەی (موعجیزە)یان کردووە بەوەی: هەر شتێکە لە دەرەوەی توانا دەرئەنجامییەکانی سروشتەوە ڕوودات.

ئەوەش واتای وایە ئەگەر بگەڕێیتەوە سەر سروشتی ڕووداوەکە، ئەوا هەموو شیکردنەوە سروشتییە گونجاوەکان وەلادەنێیت، چونکە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان سروشتی ڕووداوەکە و هۆکارە سروشتییەکانی

[5] - استقراء: ئەو ڕێبازەیە کە پرۆسەی بیرکردنەوە لە ڕێگای وەرگرتنی (بەش)ەوە بۆ (هەموو —گشت) ئەنجام دەدرێت.

ڕووداوەکەدا نییە، ئەمە پێناسەیەکی زۆر یەکگرتوو و لۆژیکییترە بۆ (موعجیزە).

قورئانی پیرۆز باسی موسا (علیه السلام) و فیرعەونی کردووە، موسا (علیه السلام) پێیڕاگەیاند ئەگەر گۆچان فڕێبدات لەناکاو دەبێتە مارێکی زیندوو، ئەو ڕووداوە (موعجیزەیە) لە سنووری دەسەڵاتی سروشت چووەتەدەرەوە، کە سروشت بتوانێت شتێکی وەها بکات، لەبەرئەوەی پێکهاتە کیمیاییەکانی (گۆچان) تەواو جیاوازە لە پێکهاتە کیمیاییەکانی مار. لەبەرئەوەی تۆ پێویستت بە ماددەی زیاترە بیخەیتە سەر پێکهاتەی (گۆچان)ەکە هەتا پێکهاتەی (مار)ت دەستبکەوێت، بەڵام موسا(علیه السلام) هیچ ماددەیەکی زیاد نەکرد، بەڵکو تەنها (گۆچانێك) بوو.

هەر لەبەرئەوە لەو کاتەی هەموو شیکردنەوە سروشتییەکان وەلادەنێین، دەبینین هیچ پەیوەندییەك لە نێوان (گۆچان) و (مار)دا بوونی نییە. ئەمەش پێناسەی (موعجیزە)مان پێدەبەخشێت.

ئەم یاسایە بەهەمان شێوە لەسەر قورئانی پیرۆزیش بەکاردێت، لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبییدا لە ئایەت و سورەتەکاندا، لەبەرئەوەی

قورئانی پیرۆز ناتوانرێت بەراوردبکرێت بە هیچ شێوازێکی ئەدەبیی لە شێوازی زمانی عەرەبییدا.

شێوازە ئەدەبییەکان (سەجەع، مورسەل، مەقامە، 16 بەحرەکان) لەخۆدەگرێت.

ئەوەی جێگەی بایەخە بریتییە لەوەی هەموو دارِشتنەکان لە زمانی عەرەبییدا دەکەوێتە ژێر شێوازێك لە شێوازە ئەدەبیی و نائەدەبیەکانی زمانەوە، بەڵام قورئانی پیرۆز کاری زمانی عەرەبیی دەگۆڕێت، قورئانی پیرۆز بە (موعجیزە) هەژماردەکرێت، هەرچەندە بە زمانی عەرەبییش نووسراوەتەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەك لە نێوان زمانی عەرەبیی و عەرەبیی قورئاندا نییە.

لەبەرئەوەی ئێمە ئەگەر هەر (28) پیتەکە و یاسا ڕێزمانییەکان و وشەکان بەکاربهێنین، ناتوانین شێوازێکی ئەدەبیی وەها ناوازە بەرهەمبهێنین وەك ئایەتەکانی قورئان بێت.

ئەوەی زۆر جێگەی بایەخە لە لایەنە مێژوویی و ئەدەبییەکەیەتی، لەو کاتەی هەوڵانێك درا بۆ ئەوەی شتێك هاوشێوەی قورئان بهێنن، بەڵام هەموو هەوڵەکان شکستیهێنا.

هەر وەك چۆن ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیی ناسراو (فۆستر فیتزیرالد ئەبورپنوت) گوتوویەتی: "هەموو ئەو هەوڵە سەختانەی لە ڕووی نووسینەوە درا، بۆ ئەوەی هاوشێوەی قورئان بهێنن، هەموو هەوڵەکان شکستیانهێنا".

برایان و خوشکانم هەر لە سۆنگەی ئەمەی گفتوگۆمان دەربارەی کرد، دەتوانین بەڵگەی دەرئەنجامییمان دەستبکەوێت.

جوان گوێڕادێرن بۆ ئەوەی دەمەوێت بیڵێم:

یەکەم: موعجیزە بریتییە لە ڕووداوێك دەرچووە لە ڕێچکەی هێزی سروشتیی، واتە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان هۆکاری ڕووداوەکە و سروشتی ڕووداوەکەدا نییە.

دووەم: ئەو شێوازە ئەدەبییەی قورئانی پیرۆز لە دەرەوەی شێوازە ئەدەبییەکانی ترەوەیە، ناتوانرێت لە زمانی عەرەبیی شیکردنەوەیەکی لۆژیکیی بۆ بکرێت.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە قورئان موعجیزەیە. هەروەك چۆن پرۆفیسۆر (بروس لۆرینس) لە کتێبەکەیدا (قورئان ڕێچکەی ژیانە) لە لاپەڕەی 8 دا دەفەرمووێت: "وەك زانستێکی هەستپێکراو ئایەتە

قورئانییەکــان بە شــێوەیەکی ڕاســتەقینە تەعبیــری لێکــداوەتەوە، واتــایەکی لە نــاو واتــایەکی تــری لێکــداوەتەوە، ئامــاژەیەك لە نــاو ئاماژەیەکی تردا، موعجیزەیەك موعجیزەی تری بەدوادێت".

هەر لەبەرئەوە ئـێمە ئێـستا دوو گفتوگـۆ و وتوێژمـان هێنایەکـایەوە. هەیە پشـــت بە دەرئەنجـــام و بەدواداچـــوون دەبەســـتن، بـــۆ ئەوەی گفتوگـۆی بەڵـگەی بەدواداچـوون بکەیـت، پێویسـتە لە پێشـەکییدا گفتوگۆی گریمانەگانی بکەیت.

من ئاواتەخوازم پرۆفیسۆر کراوس ئەمە بکات.

با بەسەر کەمێك بەڵگەدا گوزەربکەین.

چی دەربارەی شکسپیر؟

شکسپیر لە جۆری خۆیدا تاکەکەسە؟

بەڵام ئەوە زۆر بەڵگەیەکی ڕووکارییە.

من ئەمەم لە (دان بارکر) گویێ لێبوو بە گفتوگۆکەی لە مینیسوتا، کاتێك وانەکانی بەباشیی ئامادە نەکردبوو.

"شکسپیر تاکەکەس نییە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوانییدا، یان لە شێوازە ئەدەبییەکەیدا، بەڵکوو تاکە بە شێوازی جوانیی نوسراوەکانی".

ئەو بەڵگەی ئێمە لێرەدا باسیدەکەین خۆی پەنهانددەدات لە جیاوازیی داڕشتن لە زمانی عەرەبییدا، ئەگەر سەیری شکسپیر بکەین، دەبینین زۆر شێوازی ئەدەبیی بەکارهێناوە.

زۆرێك لە شاعیرە ئینگلیزەکان ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە، ئەگەر بچیتە سەر فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ مێژووی کەسایەتییەکان، دەبینیت شکسپیر زۆر بە (فرانس بیمۆنت) و (جۆن فیلچەر) و نووسەرەکانی تر دەچێت، هەر لەبەرئەوە نووسینەکانی موعجیزە نییە و هیچ ڕێگرییەك نییە نووسینێکی وەك ئەو بهێنرێت.

لە کۆتاییدا: ئەو گفتوگۆ و وتووێژەی کە دەڵێت: (بەڵام من عەرەب نیم، چۆن ئەوە بزانم؟) لەبەرئەوە دەتوانین لێرەدا دەرئەنجامی عەقڵانیی بەکاربهێنین.

دەرئەنجامی عەقڵیی: کردارێکە لە گێڕانەوەیەکی قبوڵکراوەوە سەرچاوەدەگرێت، هەتا دەرئەنجامێکی لۆژیکییمان دەستبکەوێت.

هیچ کەسێك دژایەتیی گێڕانەوەیەکی قبوڵکراو ناکات، لەبەرئەوەی ئەوە ڕۆڵــی زانســتی فەلســەفەی مەعــریفەیە[6]، شــایەتییدانەکان سەرچاوەیەکی کاران بۆ مەعریفە.

ئەگەر کارەکانی پرۆفیسۆر (کۆدین) و پرۆفیسۆر (کیپ لیرەر) بخــوێنینەوە لە کتێبــی (فەلســەفەی مەعــریفە) لە ڕێــگەی ئەو شایەتییدانانە و ئەوانەی ئۆکسفۆرد بڵاویکردوونەتەوە، دەبینین ئەوە گفتوگۆ و وتوێژێکی لۆژیکییە، و دەتوانین لە داهاتوودا گفتوگۆی ئەمە بکەین.

هەر لەبەرئەوە بەڵگەی شەرعیی و کارا دەربارەی قورئانی پیرۆز بریتییە لەوەی کەس نەیتوانیوە تێکستێکی ئەدەبیی هاوشێوەی ئایەتە قورئانییەکان بهێنێت، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامە لۆژیکییەی کە هەتا لە کاتی نەزانینی یەك پیت لە زمانی عەرەبییدا.

ئایا دەگونجێت عەرەبێك دایبنابێت؟یان جگە عەرەبێك دایبنابێت؟

یان موحەممەد (ﷺ) دایبنابێت، یان لە لایەن زاتی خوداوە دانرابێت؟

---

[6] - فەلسەفەی مەعریفە: لقێک لە لقەکانی فەلسەفەیە، گرنگی بە سروشت و سنوورەکانی زانین دەدات.

ئێمە دەزانین ناكرێت عەرەبێك دایینابێت، لەبەرئەوەی هەموو عەرەبەكان بێدەسەڵات بوون لە هێنانی هاوشێوەی قورئانی پیرۆز، تەنانەت بەهێزترینەكەیان.

كەسی جگە عەرەبیش ناتوانێت ئەو كارە بكات، لەبەرئەوەی ناتوانێت بە عەرەبیی بدوێت.

ناگونجێت موحەممەد (ﷺ) خۆی دایینابێت، لەبەرئەوەی هەروەك ئەو نموونەی دەڵێت ئەگەر خۆت نوسخە ئەصڵەكەت لابێت، دەتوانیت كۆپییبكەیتەوە.

سەیری تابلۆكانی (بیكاسۆ) و (مۆنێی) بكەن لە ڕووی هونەرییەوە...

هەر لەبەرئەوە پێویستە قورئان لە لایەن زاتی ئیلاهییەوە بێت.

ئێمە وا ڕەفتارمان لەگەڵ ئەو كلێشانەدا كرد، لەبەرئەوەی من گفتوگۆیەكی ڕاشكاو و وردم دەوێت.

داوادەكەم ئەو شتەیە ڕووبدات لەگەڵ پرۆفیسۆر (كراوس)ی بەڕێز ڕووبدات، كە من زۆر ڕێزیدەگرم.

ئێوەش هەمووتانم خۆشدەوێت و ڕێزتاندەگرم.

ڕاسته هەندێك یاریی به وشەكاریی و ڕستەكان هەیه، بەڵام خاڵێكی شاراوه هەیه، كه لێنەگەڕام كراوس له سەرەتای گفتوگۆیەكه لێی دەربازببێت.

لەبەرئەوه داوای لێدەكەم وەڵامی گریمانەكانم بداتەوه و بەڵگەی دەرئەنجامیی بەكاربهێنێت. هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازم، سوپاس بۆ ئێوه...

# دەستپێکردنی گوتار

## لاورنس کراوس

ســـەرەتا مـــن دەمەوێـــت سوپاســـی ئەو کەســـانە بـــکەم کە بانگهێشـتیانکردووم، ئێـوە زۆر بەڕێـزەوە ڕەفتارتـان لەگەڵ کـردم، لە زۆربەی دیبەیتەکانی تردا بەم جۆرە ڕەفتارم بەرانبەر نەکراوە.

دەمەوێـت سوپاسـی (عەبـادە و سـەبیە) بـکەم، کە لەم دوو ڕۆژەی ڕابـردوودا زۆر گرنگییـان پێدام. (عیسـا)ش بەهەمـان شێوە کە کـارم لەگەڵدا کرد.

لەبەرئەوە من دەمەوێت زۆر سوپاسیان بکەم، زۆر بە ڕێزەوە ڕەفتاریـان لەگەڵ کردم، هەر لەبەرئەوە دەمەوێت لە ئاست ئەو ڕێزەوە سوپاسـیان بکەم.

ئەوە واتای ڕێزگرتنی بیروبۆچوون نییە، هەندێك لە بیروبۆچوونەکـان بێواتـــا و پـــووچن، ئەوەش شـــتێکی لـــۆژیکیی و تەندروســـتییە. لە ڕاستییدا بیرە پووچەکان سەر دەکێشن بۆ پێشکەوتن.

لەبەرئەوە ئەگەر یەکێك لە ئێوە ئەوە بە سووکایەتیی تێگەیشت، ئەوە سووکایەتیی نییە بۆ کەسایەتیی ئەو، من خۆم گاڵتە بە هەندێك لەو بیروبۆچوونانەتـان دەکەم، ئەو کـارەش ئەگەر بەرانـبەر منـیش بکرێت، دڵـتەنگم ناکـات، لە ڕاســتییدا ئەگەر ڕووبەڕووی بیرەکـانی مــن بوویتەوە، سەردەکێشێت بۆ گفتوگۆ و دیبەیت.

ئەوەی مـــایەی ســـووکایەتییە بەلای مـــنەوە، ڕوبەڕووی ئـــازادیی کەسییم بووەستیت و یەکسانیی نەبێت. ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وای لێکـــــردم هەر لەســــەرەتاوە تــــوڕەبم، بەڵام تـــــوانرا ئەوە چارەســـەربکرێت. سوپاســـی ڕێکـــخەری دیبەیـــتەکە دەکەم لەســـەر ڕەزامەنـــدییان بە جیـــانەکردنەوەی پیـــاوان لە ئافرەتـــان لەم هـــۆڵەدا لە سـەدەی (21)دا، ئەوە هەنگـاوێکی نـوێیە بـۆ پێشـەوە، مـن زۆر ڕێـز لەوە دەگرم.

من زۆر لە گفتوگۆکانی بەڕێز (تزۆرتسس)م سەیرکردووە، هەموویان بەتەواویی هاوشێوەی یەکتر بوون، وامزانی ئەمە جیاوازدەبێت.

هەمیشـــە گفتوگۆیەکـــان لەگەڵ ئێـــوە وا دەســـتپێدەکات، لە پاشـــان وەڵامبـــدەمەوە، هەتـــا ئەنـــدازەیەك ئەوە دەکەم، بەڵام ســـەختە وەڵامـــی گوتانێکی نالۆژیکیی (بێواتا) بدەیتەوە.

لە ڕاستییدا خاڵی گفتوگۆکەمان بریتیی نییە لە بوونی خودا.

بەڵکوو پێم وابێت ئەو پرسیارەی کە کراوە (ئیسلام، یان ئیلحاد ئایا کامەی لۆژیکییترە؟)

من توشی شۆك بووم، لەبەرئەوەی وام دەزانی تۆ بانگەشەی ئەوە ناکەیت کە زانست بەکاربهێنیت، لەبەرئەوەی بەکاری ناهێنیت، بەدرێژیی گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین.

هەموو ئەو شتانەی گوتت قسەی نالۆژیکیی و بێبنەمان بەرانبەر زانست، لە کاتی قسەکردن گفتوگۆ لەسەر ئەمە دەکەین لەو بارەیەوە ئەگەر تۆ ڕێگر نەبیت.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە تۆ سەرەتای قسەکانت بەو شتە پووچانە دەستپێکرد. دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە، بەڵام بەوە دەستپێدەکەم کە ناونیشانی گفتگۆیەکە زۆر گونجاو نییە بە جۆرێك لە جۆرەکان.

لەبەرئەوەی ئەو ناونیشانە دوو پێشنیاز دەکات:

یەکەم: پێشنیازی ئەوەی ئیسلام شتێکی تایبەت دەکات، کە وا نییە، بە هیچ جۆرێك ئەمە ڕاست نییە.

بەڵکوو ئەو ئایینێکە لە نێوان هەزاران، یان زیاتر لەو ئایینانەی لە کۆندا هەبوون، هەمووشیان بانگەشەی حەقیقەتی وەحیی ئیلاهیی دەکەن.

هەموو ئایینەکان بانگەشەی تەواوی و مەعریفەی ڕەهایی و تاکیی و جوانیی دەکەن.

ئیسلامیش وەك هەر ئایینێکی تره، هیچ جیاوازییەکی نییە لەو شتانەی ئەو بانگەشەیدەکات لەگەڵ ئەو شتانەی ئایینە میسرییە کۆنەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئیسلام هیچ شتێکی تایبەت بە خۆی نییە، گەردوون سەرەتایەکی هەیە بانگەشەیەك نییە تایبەت بە ئیسلام بێت.

ئیسلام هیچ شتێکی تایبەتی نییە، ئیسلام ئایینێکە لە نێوان هەزاران ئایین کە هەمان بانگەشە دەکات، ئەوەی هاوبەشە لە نێوان ئەو بانگەشانە بریتییە لەوەی هەموو بانگەشەکان پووچەڵن.

ئەوەی دەربارەی هەزاران ئایینەکانەوە دەزانین ئەوەیە هەموویان بانگەشەی پووچەڵدەکەن، ناشگونجێت هەموویان لەسەر حەق بن.

لە باشترین باردا تەنها یەك ئایین دەکرێت لەسەر حەق بێت، لەبەرئەوەی هەر ئایینەو ئایینەکەی تر پووچەڵدەکاتەوە.

ئەمە پێیدەگوترێت بەڵگەنەویست... تەنها بەڵگەنەویستە.

دەزانم تۆ زۆر حەزت بەو دەستەواژەیە، گوێم لێبوو بەکارتدەهێنا.

لە ڕووی پــراکتیکییەوە ئیســلام بە ڕێــژەی یەك لە هەزار ڕاســتە، لەبەرئەوەی ئــایینێکە لە نێــوان هەزاران ئایینــدا و لە نــاو ئەو هەزار ئایینەدا تەنها یەك ئایین دەتوانێت لەسەر حەق بێت.

لەبەرئەوەی هەموویــان بانگەشــەکانیان هاوشــێوەی یەکتــرن، هەر لەبەرئەوەیە بەزۆریــی هەموویــان هەڵەن، ڕەفتــارکردن لەگەڵ ئیســلام وەك ئایینێکی تایبەت کارێکی زۆر نابەجێیە.

پاشــان وا وەســفی ئیلحــاد دەکەیــت هەر وەك ئەوەی سیســەتمێکی باوەڕدارییە. سیستەمێکی باوەڕداریی نییە.

ئیلحاد وەك ئیسلام و یەهودیەت و مەسیحیەت و ئەفسانەکانی باکوور و زیـوس و ئەفسـانە نەرویجییەکـان و هـیچ کـام لەم ئەفسـانانەی تـر نییە، کە لە مێژووی مرۆڤدا بوونیان هەیە.

ئیلحــاد بــاوەڕ و عەقیــدەیەك نیــیە، بەڵکــوو بــاوەڕبوون بەو شــتانەی ڕەتکردووەتەوە لەبەرئەوەی زۆر نالۆژیکییە.

هەر لەبەرئەوە ئەمە واتــای ئەوە نیــیە کە ئــێمە باوەڕمــان بە شــتێك هەیە، بەڵکــوو بــابەتەکە بــریتییە لەوەی ئەو ئەفســانە دژی ئەو

ئەفسانەیە. ئەم ئەفسانە دژی ئەو شتانەیە کە ئێمە دەربارەی گەردوون دەیزانین.

هەر لەبەرئەوە هۆکاری سەرەکیی بڕیتییە لەوەی ئەو ئەفسانەیە ڕاست نییە. لەبەرئەوە ئیلحاد بەلایەنی زۆرەوە بڕیتییە لەوەی بڵێت ئەو شتە ڕاست نییە. سیستەمێکی باوەڕیی نییە.

لەبەرئەوە بەراوەردکردنی ئیلحاد بە ئیسلام کارێکی هەڵەیە و گریمانەیەکە هەر لە سەرەتاوە هەڵەیە.

هەڵەی یەکەم: گریمانەی ئەوەی کە ئیسلام تایبەتمەندە...

ئیسلام تاکە ئایین نییە ڕاستبێت. ڕەنگە نەمێنێت و ڕەنگە وەك ئایینەکانی تر بمێنێت.

هەڵەی دووەم: گریمانەی ئەوەی کە ئیلحاد ئایینە...

لە ڕاستییدا ئیلحاد ئایین نییە. دەتوانرێت بە فیترەتی پاك وەسفیبکرێت.

من باوەڕم وایە شتە لۆژیکییەکان بەزۆریی وا بەدیاردەکەون کە ڕاست بن و شتە نالۆژیکییەکان هەڵەبن، لە ڕاستی زانستیشدا هەر وایە.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێکی جیاواز لە ئیسلامدا نییە، لە ڕاستییشدا هەر هیچ شتێکی جیاواز لە ئیسلامدا بوونی نییە.

من مامۆستام، باوەڕیشم وایە ئەوە وادەکات کە باوەڕم بەو هەوڵە هەبێت کە هزرەکان ڕوونبکرێنەوە و هانی گفتوگۆ و هزرە ڕەخنەییەکان بدرێت، لە کۆتاییدا هانی فێرکردن و مەعریفە بدرێت.

بەڵام دیبەیتەکان مەبەستێکی تریان هەیە، ئامرازێکی ڕەوانبێژییە دیبەیتکارەکان بەکاریدەهێنن بۆ پێشکەشکردنی هزر و ئایدیای یەکگرتوو بۆ قەناعەتپێکردنی بەشداربووان بە بابەتێك و ئایدیایەك، ئەوە هۆکارێکی فێرکردن نییە

کەمێك دەربارەی ئەوانە قسەدەکەم، بەڵام کەمێك لێرەدا دەمەوێت هەڵبستین بە گفتوگۆیەکی دووانە. کاتی خۆم لە گفتوگۆی دووانە بەکاردەهێنم و کاتێك بمەوێت خاڵێك ڕوونبکەمەوە بە تەنها قسەدەکەم و کەمێك پرسیار دەکەم لەبەرئەوەی حەزدەکەم هەندێك شت ببینم.

ئومێد دەکەم لە ئاکامی ئەو گفتوگۆیە هەردووکمان شتی نوێ فێرببین.

یەکەم: دەمەوێت هەڵەتێگەیشتنێك ڕوونبکەمەوە... بیری (گفتوگۆی دەرئەنجامیی) کە وا بەدیاردەکەوێت چاکە، بەڵام ئەمە ڕێگە نییە بۆ زانینی ڕاستییەکان.

(گفتوگۆی دەرئەنجامیی) ناگونجێت لەبەرئەوەی سەر دەکێشێت بۆ دەرئەنجامی نالۆژیکیی.

ئەگەر بپرسین (فیترەتی پاك) چییە؟

وەڵامەکەی بریتییدەبێت لەوەی بیروباوەڕەکانت هەڵگرە و بەراوردیبکە لەگەڵ بەڵگەی واقعییدا هەتا هەڵبستی بە کردارێکی لۆژیکیی، بەڵام ئەگەر بێتو هەوڵبدەیت وا لە واقع بکەیت لەگەڵ بیروبۆچوونەکانت بگونجێت، ئەوە تۆ کارێکی نالۆژیکیی دەکەیت.

هەر لەبەرئەوە وا گومان دەبەیت کە تۆ دەتوانیت شتانێك بکەین بەپێی بیروباوەڕەکانت، بەڵام تۆ ڕووبەڕووی کێشە دەبیتەوە.

بۆ نموونە دەکرێت باوەڕت وابێت ئەگەر داوا لە خودا بکەیت دەتوانیت لە پەنجەرەی نهۆمی چوارەم خۆت فڕێبدەیت و بکەویتە سەرسەزەوی و بە سەلامەتیی بمێنیت.

دەکرێت ئەو بیروبڕوایە کوێرانەت هەبێت، تۆ دەکرێت وا گریمانە بکەیت بەپێی ئەو بیروبڕوایەی هەتە کە مرۆڤێکی چاکیت و خودا خۆشیدەوێیت، تەندرووستییت زۆر باش بێت.

لەو کاتەدا من سەرخەری کارەبایی (مەصعەد) بەکاردەهێنم و لە کۆتاییدا یەکێك لە ئێمە ڕزگاریدەبێت، ئەوە بەڵگەی دەرئەنجامیی نییە، بەڵکوو ئەو بەڵگەیە لەسەر تاقیکردنەوە و تێڕامان وەستاوە.

لەبەرئەوە گفتوگۆ و وتوێژکردن لەسەر شتانێك کە بەلای تۆوە لۆژیکیی نییە، بەندە لەسەر ئەو شتەی کەوا تۆ دەبێت بیزانیت کامەیان لۆژیکییترە بەلای تۆوە.

بەڵام بەرلەوەی کەوا ئێمە جیهانی دەوروبەرمان نەدۆزینەوە، نازانین کامەیان ڕاستە.

بۆ نموونە فیترە پاکەکەمان لەو ڕاستییە هاتووە کە ئێمە پەرەمانسەندووە لە ساڤانای ئەفریقاوە هەتا خۆمان لە ڕەشیەتیی بپارێزین، لەوەوە نەهاتووە کە ئێمە لە کوانتەمی میکانیکیی تێبگەین.

هەروەك ئەوەی هەمیشە دەیڵێم لە دەرئەنجامی فیترەتی پاك ئەوەیە تۆ دەتوانیت بڵێیت ناکرێت تۆ لە یەك کاتدا لە دوو شوێندا بوونت هەبێت، ئەمە شێتییە.

بەڵام بێگومـــان ئەلیکتــرۆن دەتوانێــت ئەمە بکــات، ڕەنــگە ئەمە لۆژیکیی نەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە بەپێی پێویست پەرەمان نەسەندوە هەتا تێبگەین، بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین و فێریبووین.

ئێمە فیترەتمان ناچاردەکەین بگۆڕێن، ئەمە پێیدەگوترێت فێربوون.

هەنـدێك لە خەڵکـی پێیـان باشـە کتێبـی کـۆن بخـوێننەوە دەربـارەی فێربوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو قسەیەم.

بۆ نموونە کاتێك دەڵێیت شتێك ناتوانرێت وێنابکرێت، واتـای وایە تـۆ ناتوانیــت وێنایبکەیــت، بەڵام ئەو شـــتە گەورەی لەگەردوونە و ئەو هۆکارەی پاڵی پێوەنام بۆ زانست بریتییە لەوەی گەردوون زۆر زیـاتر لە ئێمە دەکرێت وێنا و خەیاڵی بۆ بکرێت.

لە ڕاسـتییدا شـتانێك لە بەهەشـت و سـەرزەوی هەیە زۆر زیـاترە لەو شـــتانەی خەونـــی پێوەدەبینیـــت لە فەلســـەفەکەت، ئەو شـــتە زۆر سەرنجڕاکێشە لە بارەی گەردوونەوە.

ئەو شتانەی ناکرێت هەموو کات ڕووبدات، ئەوە وا دەکات مێشکمان فراوانبکات.

فراوانکردنی مێشك هەتا لەگەڵ بەڵگە واقعییەکان بگونجێت، ئەمە فیترەتـــی پـــاکە کە ئیلحـــاد باســـیدەکات. هەمـــوو ئەوەی ئیلحـــاد

باسیدەکات بریتییە لەوەی من بەڵگەی واقعیی وەردەگرم، ئەگەر شتێکیش بەدیاربکەوێت، ئەوا دژی بەڵگەی واقعییە، یان نالۆژیکییە، پێویستە گومانی تێدا دروستبکەم و تێڕابمێنم.

زۆر بیرۆکە هەبوو بەڕێز تزۆرتسس پێشکەشیکرد...

زمانێك هەیە پێیدەگوتری زمانی ماتماتیك، کە تۆ لێی تێناگەیت، با قسە لەسەر نالۆژیکیی (بێکۆتا) بکەم، کەمێك باسی ئەوە دەکەین.

با نموونەیەکی فیزیایی وەربگرین، با وێنەی بازنەیەك بکێشین و وێنەی نیوەتیرەکەی بکێشین.

- ئەندازەی لێواری بازنەکە بەرانبەر نیوەتیرەکەی چەندە؟ ئایا دەزانیت؟
- تۆ مامۆستایت.
- من دەزانم. من پرسیارت لێدەکەم، دەمەوێت قسەبکەیت.
- من هیچ شتێك نازانم.
- ئەوە بۆمانی سەلماند، کە تۆ هیچ شتێك نازانیت، ئایا تۆ لە (پای)[7] دەزانیت؟

[7] -پای: ژمارەیەکی (نەگۆڕ)ی بەناوبانگە، لەبیرکاریدا کەڵکی زۆری لێ وەردەگیرێ. لە ئەندازەی ئیقلیدسیدا ئەم ژمارەیە لە دابەشکردنی چێوەی بازنەیەک

- بەڵێ.
- دەزانیت چییە؟
- بریتییە لە 3.14.
- چەند پلەی دەیی هەیە؟
- نازانم.
- ژمارەیەکی بێکۆتایە.
- بەڵێ.
- باشە ئەندازەی نیوەتیرەکە بە نسبەت لێواری بازنەکە ژمارەیەکی بێکۆتایە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە تۆ قسەی ئەرستۆت هێناوەتەوە وەك بنچینەی زانست، بێگومان ئەرستۆ پێی ڕاگەیاندووین کە تەنەکان بەپێی بارستاییان دەکەونە خوارەوە، ئەوە لەبەرئەوەیە کە هەڵنەستاوە بە هیچ تاقیکردنەوەیەك. ئەو تەنها گریمانەی کرد لەبەرئەوەی ئەو شتەی دەویست، لە کاتێکدا گالیلیۆ هەڵسا بە تاقیکردنەوەی، ڕاستە؟ با ئەو تاقیکردنەوەیە لەبەردەمتدا بکەین. با ئەو پەڕە کاغەزەیە و ئەو کتێبە بهێنین. ئەرستۆ

---

بەسەر تیرەکەیدا بەدەست دێت و بە نزیکی دەکاتە : 3.14159 و ژمارەی ڕەنووسەکانی بێکۆتایە.

پێیـــدەگوتین کـــامەی یەکەم جـــار دەکەوێـــت، ئایـــا تـــۆ دەتوانیـــت پێمانبڵێیت؟ هەڵیببژێرە.

- کتێبەکە.

- ڕاستت گوت، شتێکی جوانە، بەڵام بۆچی؟

- بەهۆی بەرگریی پەڕەکەیە.

- ڕاستە، بەڵام ئەرستۆ ئەمەی نەدەزانـی. ئەرستۆش دەیگـوت بێکۆتـا مەحـاڵە بـوونی هەبێت، لەبەرئەوەی هەروەك ئەوەی ئامـاژەت پێدا ئەو بـاوەڕی وابـوو کە ئەو مەودایەی لە نێـوان مـن و تـۆدا هەیە دەتوانرێت بەشبەشبکرێت بۆ نیوە و چواریەك و هەشت یەك... هەتا بێکۆتا. ئەمەش وا دەکات مەحاڵ بێت. ئەو شتەی ئەرسـتۆ نەیزانـی و تۆش نایزانیت بریتییە لەوەی چۆن کۆمەڵە بێکۆتاکان کۆدەکرێنەوە.

١+١ |١+٢| ١+٤ |١+٨ |١٦ = ٢

هەر لەبەرئەوە ئەو بیـرەی بڵێـت بێکۆتـا مەحـاڵە، لـۆژیکی نیـیە لە ڕووی ماتماتیکەوە، بێکۆتا بوونی هەیە.

ڕاستە من لە کتێبەکەم باسمکردووە کە چڕیی ڕەها و وزەی بێکۆتا وا بەدیاردەکەوێت کە دژی بەڵگە فیزیاییەکانە، بەڵام ئەوە ناگەینێت

که هەمــوو بێکۆتاکـان مەحـاڵبن. له ڕاسـتییدا گەردوون بێکۆتـایه له گەورەیـــی و هـــیچ گریمـــانەیەك پـــێچەوانەی ئەوه نیـــیه، ئەوەش دەگونجێت ئەوەی دەربـارەی فیزیـا بیـزانین پاڵمـان پێوەبنێت بڵێـین که بێکۆتـا نیـیه، بەڵام هـیچ یاسـایەکی فیزیـایی نیـیه پێمانبڵێـت که گەردوون ناگونجێت بێکۆتا بێت.

لەبەرئەوه گریمانه دەکرێت تۆ بڵێیت بێکۆتا مەحاڵه...

تەنها ئەوەت پێدەڵێم زانا بەم شێوازه کار ناکات.

لەبەرئەوەی هەمیشـه بێکۆتـا ڕوودەدات حەزت پێـی هەبێت، یـان نـا. پاڵ به هیچ کەسێکیشـەوه نانێت کـاری نـالۆژیکیی بکـات. زانایـانی ماتماتیـك ڕێگەیەکایـان هەیه بـۆ ڕەفتـارکردن لەگەڵـی، دەتوانیـت بێکۆتاکان کۆبکەیتەوه، دەتوانیت کار لەسەر ژماره بێکۆتاکان بکەیت. بـۆ نمـوونه زنجیـرەی ١+٢+٣+٤+٥+٦ +7 هەتـا بێکۆتـا به لێکدانی ماتماتیکیی دەتوانین وەڵامێکی دیارییکراومان دەستبکەوێت که بریتییه له یەك توان ١٢-.

ڕەنـگه بـۆت لـۆژیکیی نەبێت، که کۆمەڵه ژمـارەی +(مـوجەب) و گەورەتـر له یەك تـوان ١٢= یەك تـوان ١٢- ڕەنـگه ئەمه جـێگەی باوەڕت نەبێت.

لە ڕاستییدا ئەگەر باوەڕنەکەیت ئەوە واتە تۆ زۆر نەزانیت.

- سوپاس.

- ئەو بیرەی کە ئۆکام ڕیزەری پێشکەشکرد...

یەکەم: ئۆکام ڕیزەر یاسایەکی زانستی نییە، شتێکی باشە تۆ سادەترین شیکردنەوە بدەیت، زانایانی فیزیایی هەمان شت دەکەن، بەڵام شیکردنەوەی سادە هەموو کات کاری پێناکرێت.

بۆ نموونە لە زانستی جینەکان ڕەنگە زۆر هۆکار هەبێت بۆ یەك ڕووداو، زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت ئەگەر هەموو نەخۆشییەکان بەهۆی یەك هۆکارەوە بووبێت.

یەکێك لەو هۆکارانەی وادەکات زانستی جینەکان زۆر قورس بێت، لەبەر ئەوەیە کە کارلێکی ئاڵوگۆڕ و زۆر ئاڵۆز لە نێوان جینەکاندا هەیە، هەر لەبەرئەوە لە زۆربەی حاڵەتەکان زیاتر لە یەك هۆکار هەیە، ئەو نەخۆشییانەی کە یەك هۆکاریان هەیە زۆر کەمن.

لە ڕاستییدا دەزانیت سادەتر لە ژمارە یەك چییە؟

ژمارە سفرە، سفر سادەترە، لەبەرئەوەی لەو حاڵەتەدا هیچ هۆکارێك بوونی نییە.

ئەگەر دەتەوێت پەرەنسیپی (ئۆکام ڕیزەر) جێبەجێبکەیت، ئەوە سادەترین شیکردنەوە سفرە، ئەویش واتە نەبوونی هۆکار.

تۆ دەستەواژەی (هۆکار)ت بەکارهێنا، بەڵام تۆ پێناسەکەی نازانیت چییە.

دەتوانیت پێناسەمان بۆ بکەیت؟

- لەوانەیە بتوانم.

- بۆچی ئێستا پێناسەمان بۆ ناکەیت؟

- نامەوێت خزمەتت بکەم.

- وابزانم ئێمە لەگەڵ یەك قسەدەکەین.

- ویستم گفتوگۆ بکەین، نەك شەڕی ڕەوانبێژیی.

- ئەگەر ئێمە گفتوگۆی ڕەوانبێژیی بکەین، ئەوا من کەمێك پێش ئێستا پێشکەشمکرد، من دەمەوێت گفتوگۆ بکەین، من پرسیارێکت لێدەکەم: ئایا دەزانیت واتای (هۆکار) چییە؟

- بەڵێ.

- ئەگەر دەستەواژەیەك بەکاربهێنیت دەبێت واتاکەشی بزانیت.

- بەڵێ، من پێناسەی دەستەواژەکەم لایە.

- باشە من پێناسەیدەکەم. هۆکارە، پاشان کار و پاشان دەرئەنجامە.

- ئەمە پێناسەیەکی هەڵەیە.

- باشە دەمەوێت بزانم پێناسەکەی چییە؟

- کتێبێکی زۆر گرنگ هەیە لە بارەی فیزیایی کوانتەم و هۆکاریی، فەیلەسوفەکانی زانست و زاناکان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی پێناسەیەکی دیارییکراو بۆ (هۆکار)، لەبەرئەوە لە پێناسەیەکی سەرەکییدا کورتیانکردووەتەوە.

- نەخێر.

- ئایا تۆ گفتوگۆت ناوێت؟

- تۆ لە کتێبێکی زانایانی فیزیا وەرتگرتووە.

- بەڵام من قسەکانم تەواو نەکردووە.

- زانایانی فیزیایی جیاوازییان نییە دەربارەی پێناسەی (هۆکار).

- ئایا تۆ پێشبینیی دەرئەنجامەکەت کردووە، پێش ئەوەی پرسیارم لێبکەیت؟ ئایا بە ڕاستیی تۆ دەتەوێت لەیەکتر بگەین؟

- نەخێر، نەخێر، نەخێر. تۆ لە زانایانی فیزیایی وەرتگرتووە. بەردەوامبە...

- لێبگەڕێ با وەك زانایەك تەواویبکەم.

- من لەگەڵت هاوڕام. بەپێی ئەو زانینە سادەیەم، کە من دەزانم سادەیە، کۆڕایی هەیە لەسەر ئەو شتەی کە کاریگەریی دروستدەکات و ئەو شتەی کاریگەریی لەخۆدەگرێت ناویبنێیت بە هۆکار لەخۆڕایی پێکنەچوو، ئەوەش لەو کاتەی هۆکارەکە پێش هۆکار هات، نەك پێش کاتەکە.

- مەبەست چییە پێش هۆکار هات و پێش کات هات؟

- پێش هۆکارەکە ئەگەر بێتو تۆپێکی ناکۆتا لەسەر تەختەیەکی ناکۆتا دابنێیت، هەردووکیان هەیە و کات بوونی نییە، لێرەدا ناتوانیت بڵێیت لاربوونەوەی تەختەکە بەهۆی تۆپەکەوە نییە، هەر لەبەرئەوە هۆکار و ئامانجێك لێرەدا بوونی هەیە، دەتوانین بەردەوامیی بە گفتوگۆی (هۆکار) بدەین، بەڵام بەو سادەییە نییە

كە تۆ دەتەوێت وا پشانیبدەیت، بابەتێكی یەكلاكرەوە نییە وەك ئەوەی تۆ دەیبینیت.

- من وا باوەڕناكەم، ئەگەر بێتو بەو ئاگەدارییەوە بیر نەكەیتەوە هەروەك ئەوەی ئێستا كردت، تۆپەكە نابێتە هۆكاری لاربوونەوە لەسەر تەختەكە، هەر بەو بۆنەیەوە تۆ (ناكۆتا)ت بەكارهێنا، وابزانم ئێمە ناتوانین بەكاریبهێنین!

- تەنها نموونەیەك بوو.

- نموونەیەكی فیزیایی بوو، تۆش گوتت (ناكۆتا) بوونی نییە، بەڵام گرنگ نییە ئێستا كام (ناكۆتا) بێت، ئەگەر تەختەیەكی ئاسایی لێرەدا هەبێت لەگەڵ تۆپێكی ئاسایی، ئایا لاربوونەوە هەیە؟

- بەڵێ بێگومان هەیە.

- باشە، ئایا تۆپەكە لێرەدایە، یان نا؟

- ئەو نموونەی هێنامەوە پشت بە سنووردارەكان نابەستێت، بەڵكوو پشت بە (ناكۆتا)كان دەبەستێت.

- بەڵام ئەگەر بێتو تۆپەكە لەسەر مێزەكە نەبێت، ئەو لاربوونەوەیە بوونی نییە، ڕاستە؟

- بەڵێ بێگومان ڕاستە.

- ئایا لەسەر مێزەکەیە؟

- ئەمە هیچ پەیوەندییەکی پێیەوە نییە، تۆ نموونەکە دەشێوێنیت، ئەوە قسەی بێبنەما و نالۆژیکییە.

- نەخێر، بەڵکوو هۆکارە فیزیاییەکان کاریگەریی ماددییان هەیە، یان کاریگەریی تۆپەکەیە لەسەر مێزەکە، یان بوونی مێزەکەیە بۆ لاربوونەوە.

ئەوەی جێگەی بایەخە ئەو پرسیارە فیزیاییە گرنگەیە (باشە چی دەبێت ئەگەر (لەپێش ئەوە) بوونی نەبێت؟

با دەربارەی زانستی گەردوونیی بدوێین، با بیردۆزی ڕێژەیی وەك نموونە وەربگرین، من دڵنیام تۆ هاوکێشەکانیشی نازانیت.

- من گوتم هیچ شتێك نازانم.

- تۆ بەڕاشکاویی گوتت سەرەتای گەردوون شتێکی ڕوون و سادەیە، تۆ گریمانەی ئەوەت کرد، بەڵام لە ڕاستییدا گریمانە گرنگ نییە، ڕاستیی ئەو گەردوونە بینراوە بەلای ئێمەوە سەرەتای هەیە، لەبەرئەوەی دەتوانین پێوانەیبکەین، ئەمە جگە لەوەی ئەو

بیرکردنەوەمان بەدڵە، یان نا. لۆژیکییە، یان نا. بێگومان سەرەتایەکی هەیە، ئەمە ڕاستییەکە و مشتومڕ نییە.

گەردوونەکەی ئێمە سەرەتایەکی هەیە، بەڵام یاسا فیزیاییەکان ئێستا پێماندەڵێن کە ئێمە بە هۆی بەدواداچوونەوە دەتوانین خاڵی سەرەتا دیاریبکەین، ئەگەر ئێمە ئەو بیرکردنەوەیە وەك خۆی وەربگرین بەوەی کات بوونی نەبووە، واتە پێش ئەوەی کات =0، ئەگەر کات بە هیچ شێوەیەك بوونی نەبێت، بیری هۆکاری هۆکارەکان لۆژیکیی نییە، ئەوەش کلیلە خاڵی سەرەکییە لە زانست. پێویستە لەسەرمان تێبگەین حەزە فیترییەکەمان و بیرە گشتییەکەمان کاتانێك وندەبن لە بووندا، لەو کاتەی چاودێریی کاریگەرییەکەی دەکەین هۆکارەکانی دەدۆزینەوە، بەڵام لە سەرەتای کاتدا، لەو کاتەی کات دەستیپێکرد، ئەو پرسیارە ڕەنگە پرسیارێکی خراپ بێت، دەکرێت فەیلەسوفەکان گفتوگۆی لەسەر بکەن و خەڵکی بینووسنەوە، بەڵام ئەوە گرنگ نییە.

بابەتی کۆتایی کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، ئەو قسەیەتە کە گوتت قورئان وەك دەقێکی ئەدەبیی نییە، بەڵکوو جیاوازە لە هەموو

دەقە ئەدەبییەکانی تر و بەڵگەکانیشت هێنایەوە. دەمزانی ئەوە دەکەیت، لەبەرئەوەی تۆم بینیوە بە ملیاران جار ئەمەت کردووە.

بێگومان من زۆر وشەی عەرەبییم خستە ناو کۆمپیتەرەکەوە و داوام لێیکرد ڕستەیەك درووستبکات بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی، کۆمپیتەرەکەم دوو ڕستەی عەرەبیی بۆ بەرهەمهێنام، کە لە قورئاندا بوونی هەیە. ئەمەش لە ماوەی 11.6 چرکە، لەگەڵ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەم بە عەرەبیی قسە نادوێت و عەرەبییش نییە، بەڵام بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو هەڵسا بە بەرهەمهێنانی ئەو وشانەی لە وەحییەوە وەرگیراون.

لێرەدا پرسیارێکی تر دێتەئاراوە، پرسیارێکی فیترییە، بۆچی خودای گەورە زمانی عەرەبیی هەڵبژارد؟ یان زمانی ئارامیی و یۆنانیی هەڵبژارد؟

ئایا بە ئینگلیزیی قسە ناکات؟ ئەمەریکییەکان بەردەوام دەڵێن بە ئینگلیزیی قسەدەکات. لەبەرئەوە ئایینی مۆرمۆییەکانیان داهێنا.

بەڵام ئەو پرسیارەی دەمەوێت بیکەم، زۆر لۆژیکییە لە درێژیی قورئان نەکرێت، من نامەوێت قووڵببمەوە لە قورئان، لەبەرئەوەی یەکێکە لە نێوان هەزاران ئاییندا، هەمووشی هەمان بانگەشە دەکەن،

ئەگەر بە شێوەیەکی شیکارییانە سەیریانبکەیت، دەبینیت هەموویان لە یەك ئاستی پووچین؟

لە ڕووی شیکاریی فیترییەوە.

بۆ نموونە، ئەو نموونەیەم لە هاوڕێم (کریستۆڤەر هیتشز) وەرگرتووە، ئایا لۆژیکییە مرۆڤەکان بەو شێوەی ئێستا هەیانە لە ماوەی دووسەدوپەنجاهەزار ساڵ هەتا ملیۆنێك ساڵ پەرەیسەندبێت؟

هەر لەبەرئەوە ئەو خودایەی کە گەردوونی دروستکردووە چوارملیارونیو ساڵی هەیە بۆ پەرەسەندن. (هۆمۆسابینز)ەکان پەرەیانسەندووە و لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا ژیاون، کە ناتوانرێت وێنابکرێت. پاشان دوای (250) هەزار ساڵ لەناکاو لە ئەشکەوتێك، لە بیابان، لەو شوێنەی هیچ کەسێك ناتوانێت بیبینێت، بانگی کەسێکی سادە دەکات و پێیدەڵێت: من ڕاستییەکەت پێدەڵێم، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکوو بوارت پێدەدەم مرۆڤایەتیی ڕزگاربکەیت، ئەو خەڵکەی باوەڕت پێناکات دەچنە دۆزەخ هەتاهەتایە، بەدرێژیی باسی ئەو سزایە دەکەین کە ڕووبەڕوویاندەبێتەوە و چێژی لێوەردەگرین.

باشە چی دەربارەی ئەو مرۆڤە هەژارانەی پێش 250 هەزار ساڵ ژیاون، مرۆڤی ڕاستەقینە بوون و جەنگاون لەپێناو مانەوەیان لە بووندا.

ئەو مـرۆڤە هەژارانەی ژیـاون پـێش ئەوەی خـودا بڕیـار بە نـاردنی وەحی بدات بۆ موحەممەد بۆچی؟

بۆچی خودایەکی وا لۆژیکیی ئەو ماوە چاوەڕواندەکات؟

پرسیارە گـرنگەکە بـریتییە لەوەی بـۆچی هەمـوو کـردارە وەحییەکـان ڕوودەدات بەبێ ئەوەی یەك کەس بتوانێت بیانبینێت؟

ئەگەر ئەمە لە دادگـایەك باسـبکەیت، پێتـدەڵێن ئەمـانە هەمـووی نالۆژیکیین، بۆچی لە ئاسمانەوە بۆ هەمووومـان بەدیـارنەکەوت، هەتـا هەموویان بیاندیبایە ئەگەر بۆ جارێکیش بایە؟

بـۆچی وەحیـیەکە بـۆ کەس نـایەت مەگەر تەنهـا نەبێـت، دوای بانگەشەی ئەوە دەکەن وەحییان بۆ هاتووە؟

بـۆچی مـن ناچـاربم بـاوەڕ بە وەحیـی مـوحەممەد بـکەم، بـاوەڕ بە وەحیی کەسی تر نەکەم؟

لە ڕاستییدا ئافرەتێك هەبوو لە ئەمەریکا وەحیی بۆ هاتبوو، خودای گەورە داوای لێکردبـوو هەر چـوار مـنداڵەکەی لە حەمـام بخنکێنێت، ئـافرەتەکەش ئەنجامیـدابوو، لەبەرئەوەی گـوێی لێبـوو خـودای گەورە داوای لێـدەکات، بە لای ئەوەوە حەقیقەتێـك بـوو، گـوێی لە چەنـد

وشانێکی سەرنجراکێش ببوو، کە پێشتر گوێی لێنەببوو، لەبەرئەوە بە ئەنجامدانی ئەو کارە هەڵسا.

ئێستا ئەو لە نەخۆشخانەی چارەسەری مێشکە، بەهۆی ئەوەی یەك بەڵگەی لۆژیکیی نییە بەجۆرێك کەسێکی ئاقڵ باوەڕبکات کە خودای گەورە پێیڕاگەیاندووە منداڵەکانی بخنکێنێت.

- باشە با پرسیارێکت لێبکەم، ئایا پێت وایە پێویستە شەریعەت جێبەجێبکرێت؟

- ئەوە لەسەر پێناسەکەی تۆ وەستاوە، کە بۆ شەریعەت دەیکەیت؟ ئایا هیچ شتێك دەربارەی شەریعەت دەزانیت؟

- ئەوەیە دەمەوێت لێتبپرسم.

- لە جاری داهاتوو پێتدەڵێم.

- باشە چاکە، بۆ نموونە پێت وایە تاوانبار دەبێت سزابدرێت؟

- مەبەستت چییە بە تاوان؟

- مەبەستم ئەگەر کەسێك زەواج لەگەڵ منداڵێکی 9 ساڵان بکات، ئەوە دەستدرێژیی کردووەتە سەر منداڵ، ڕەنگە ئەو کەسەش

پێغەمــبەر بێــت، ئایــا ئەو وتەم بە تــاوان هەژماردەکرێــت و پێویســتە لێپرسینەوەم لەگەڵ بکرێت؟

- ڕەنگە پێویستبکات لەو بوارە فێرببیت.

- نەخێر نەخێر، مـن نـاڵێم ئەوە ڕوویـداوە، بـا وا گریمـان بکەیـن من وا دەڵێم، ئایا پێویستە من سزابدرێم؟

- لە دادگای دادوەری جۆرێك لە سزای هەیە.

- ئەی چــی دەربــارەی ئەوەی ئەگەر بە شــێوەیەکی ئاشــکرا گومان لە بوونی خودا بکەم، چی دەبێت ئەگەر بە ئاشکرا بڵێم خودا بوونی نییە و بانگەشەشی بۆ بکەم، ئایا شایستەی سزادەبم؟

- ئەوە فیتــنەیە... باســی (دەهرییەکــانم) کــرد لە ســەدەی هەشتەمدا...

- باشـە ئەگەر بڵێیـت (اللـه) خـودا نیـیە و (چێـڵ) خـودایە، پێویستە خەڵك (چێڵ) بپەرستن، ئایا ئەوە کوفرە؟

- ئەوە هەڵە و منداڵانەیە، ئامادەم گفتوگۆی لەسەربکەم.

- بەڵام ئایا ئەگەر بڵێیت (موحەممەد) پێغەمبەر نییە کوفرە؟

- تۆ دەزانیت لە دیدگای ئیسلامییەوە جیاوازیی هەیە لە نێوان چارەسەرکردنی بابەتێك بە فیکریی و لە نێوان بێئەدەبیی، گفتوگۆیەکی فیکریی وەك ئەم دیبەیتە بە هیچ شێوەیەك حەرام نییە.

- بەڵام تۆ پێت وایە من دەبێت سزابدرێم ئەگەر بڵێم (موحەممەد) دەستدرێژیی کردووەتە سەر منداڵ؟

- نەخێر من وام نەگووتوە.

- وات نەگوتووە؟

- ئەوەی من گوتوومە، لە شەریعەتی ئیسلامیی ئەگەر یەکێك قسەیەکی لەم جۆرە بکات و ببردرێتە دادگا لە بارودۆخێکی دیارییکراو.

- لەو کاتە سزادەدرێت؟

- ڕەنگە سزایەك هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی سزایەکی سووك و فێرکاریی دەبێت.

- بەڵام ئەو پرسیارەی من لێتی دەکەم ئایا سزا هەیە؟

- ڕای منت دەوێ؟ ئەگەر سزایەك هەبێت پێویستە قبوڵی بڕیاری دادگا بین.

- باشە، بە ڕای تۆ پێویستە سزایەك هەبێت؟

- بەڵێ، ئەگەر ئازاردانێکی بە ویستەوە هەبێت بەرانبەر کەسێکی تر.

- سزایەکە تەنها بۆ گومان و کەمکردنەوەی بابەتەکەیە؟

- نەخێر، جیاوازیی هەیە، تۆ بابەتەکان تێکەڵدەکەیت وەك پیاوی کەنیسە.

- با نموونەیەکی ڕوونتر پێبدەم، با بڵێین من پیاوێکی هاوڕەگەزبازم و کاری سێکسیی لەگەڵ پیاوێکی هاوڕەگەزباز دەکەم، ئایا پێویستە سزابدرێم؟

- ئەگەر لە ماڵەوە و دوور لە چاوی خەڵکی بیکەن، ئەوە لە شەریعەتی ئیسلامیی نییە، بەڵام ئەگەر بە ئاشکرا بیکەن، کە بە هیچ شێوەیەك لە وڵاتەکەی تۆ ڕوونادات، ئەوە چیرۆکەکە جیاواز دەبێت.

- من خەڵکی کوێم؟

- خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایت.

- ئەوە لە وڵاتەکەی من ڕوونادات؟ ئەوە کەمیی ڕەوشتە.

- چۆن کەمیی ڕەوشتە؟ من وام باوەڕدەکرد تۆ کەسێکی تاقیکارییت.

- ئەوە لە وڵاتەکەی مندا ڕوودەدات، ئەگەر بێتو دوو پیاو لە بیابانەکانی (ئەریزۆنا) بن و کرداری سێکسیی بکەن، لەبەرئەوەی حەزیان بە پیاوانە، ئایا سزادەدرێت لە شەریعەتی ئیسلامییدا؟

- ئەگەر کەس لە بیابان نەبێت سزا نادرێن.

- با پرسیارێکی ترت لێبکەم، ئایا هاوڕەگەزبازیی سێکسیی قبوڵکراوە؟

- لە تەقلیدی ئیسلامیی بە تاوان هەژمارکراوە.

- بیرۆکەکەی من ئەوەیە کە فیترەتی پاك دەبێت ئەوەت پێبڵێت کە ئیسلامیش وەك ئایینەکانی تر فیتری نییە.

لەبەرئەوەی هاوڕەگەزبازیی شتێکی زۆر سروشتییە و لە لای گیاندارەکان بە ڕێژەی 10% هەیە. لە ڕاستییدا چەندان هۆکاری

پەرەسەندووی باش هەن بۆ هاوڕەگەزبازیی سێکسیی، لەو واتایەدا هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی ببێت...

بۆچی خودای گەورە بە هەڵە هەژماریدەکات، لە کاتێکدا کردوویەتییە شتێکی سروشتیی لە ناو جۆرەکاندا؟

باوەڕم وانییە مەڕەکان و ئەوانەی 10% یان بە پەیوەندییەکی هاوڕەگەزبازیی ماوەدرێژدا بووبن.

بۆچی خودا بە هەڵەی هەژماردەکات لە کاتێکدا مەڕەکانی بە هاوڕەگەزبازیی سێکسیی دروستکردووە، لە کاتێکدا ئەوان هیچ عەقڵێکیان نییە هەتا بیر لەو بابەتەیە بکەنەوە؟

ئەوە ئەو جۆرە قسە نالۆژیکیی و پووچانەیە کە پێویستە گومانمان لێی هەبێت و تاکە ڕێگەش بۆ زانینی ئەوەی قسانێکی هەڵەیە، لە ڕێگەی تێڕامانمان دەبێت بۆ جیهان و دەوروبەرمان، نەك لە ڕێگەی گریمانەکانەوە بێت.

نەك لە ڕێگەی بیستنی گوتەی خەڵکانێکی نەزان و جووتیارەکان بێت، کە نەیانزانیوە زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە.

دانـایی و مـەعـریفەت لە ڕێـگەی تێڕامـانی جیـهـانی دەوروبەرمـانە و نابێت ئەو داناییە لەو کەسانە وەربگرین کە نازانن بە چ ڕێگەیەك ئەو جیهانەمان بەرێوەدەچێت.

## وەڵامدانەوەی

## هەمزە تزۆرتسس

من باوەڕم وایە هەموو ئەوانەی گوتی خۆڵکردنەچاو بوو.

وەك ئەوە وایە تۆ ماسییەکی بۆنداری ناخۆش لەبەردەم ڕێگەی سەگێك دابنێیت. لەبەرئەوە وا دەڵێم، چونکە ئەو گوتی: تۆ قسەت لە زانست کردووە، من بە ڕاشکاویی گوتم ئەو لە زانستدا زیاتر لە من دەزانێت.

من بابەتی بێکۆتایی گەردوونم وەك بەڵگەی سەرەکیی دیاریی نەکرد بۆ ئەم دیبەیتە، ئەویش شتێکی بۆ ڕاستکردمەوە کە نەمگوتووە. ئەوە ڕەوانبێژیی و گفتوگۆی فیکریی نییە، ئەوە پێیدەگوترێت قسەی پووچ و بێبنەما.

من ئەوە وەك کەمیی ڕێز و ئەدەبەوە ناڵێم، بەڵکوو ئەوە شێوازێکی کراوسییە، بابەتی کراوسی ئامانج لێی ڕاکێشانی سەرنجی بەشداربووان و بەپێکەنینخستنیانە، خەیاڵبکە من لەسەرەتاوە ئاوام کردبایە...

خایاڵبکەن من لە گفتوگۆی نێوان ئایینەکان بچمە ناو کلێسا، یان پەرستگایەکی یەهودیی و بڵێم من دەمەوێت گفتوگۆتان لەگەڵ بکەم، بەڵام بە ڕێگەی ئێوە بێت...

ئایا ئەمە قبوڵكردنی كەسانی ترە؟

ئایا ئەمە ڕێگەی گونجاوە بۆ لێكترگەیشتن؟

ئەو دەیەوێت لە دابونەریتی ئێمە شارەزابێت، بەڵام پرسیار ناكات و هەمان هەڵەی پیاوە ئاینییەكە دەكاتەوە.

دادپەروەریی و یەكسانیی... ئایا واباوەڕدەكەن ئەوان وا دەڵێن لەبەرئەوەی دادپەروەرییان نییە؟

خێزانەكەم لێرەیە، لێیبپرسن: كێشەت چییە؟

ئەوانە قسەی درۆی فۆكس نیوزن.

تۆ كەسێكی ئەكادیمیت، بەڵام قسە دەربارەی ئیسلام دەكەیت و بنچینەی قسەكانت فۆكس نیوزە، من دوای چەند خولەكێك ئەوە ئاشكرادەكەم...

تۆ سێ جار وشەی - بەڵگەنەویستت- بەكارهێنا، بەڵام ڕەتی بیركردنەوەی دەرئەنجامییت كردەوە، ئایا بیركردنەوەی دەرئەنجامیی بەڵگەنەویست نییە؟

ناتوانیت دوو دژبەیەك لەگەڵ یەكتر بەكاربهێنیت... ئەوە خاڵی یەكەمە.

خـاڵی دووەم: ئـێمە بەڵـگەی بەدواداچـوون ڕەتنـاکەینەوە، بێگومـان نەخێر.

تـۆ لەیادیـدەکەیت ڕێـگە (میتـۆد)ی بەدواداچوون لە کوێـوە هـاتووە، دەزانیت لەکوێوە هاتووە؟

- دەزانـم زانـایەکەی عـەرەبی ماتمـاتیکیی هەبـووە، ئەگەر ئەو کەسە بێت تۆ قسەی لەبارەوە دەکەیت.

- مـن قسـه دەربـارەی (ابـن هەیـپهم) و کتێـبەکەی بەصـەرِیات (بینایيەکـان) دەکەم، تـۆ بـرۆ کتێبـی (دیڤـد لیمـبەرگ) و مێژوونووسەکانی تر بخوێنەوە، هەموویان لە ئیسلامەوە وەریانگرتووە.

- نەخێر، لە جیهانی عـەرەبییەوە وەریانگرتووە، نەك لە ئیسلام.

- با ئاماژەیەکت پێبدەم، ئایا سەیری وشتر ناکەن چۆن دروستکراوە.

ئەو ئایەتە بنچینەیە بۆ دروستبوونی ڕێگەی زانستیی.

ئـێمە لەگەڵ نووسـراوە زانسـتییەکان دەرِۆیـن گەمـژە نـین، بەڵام بەڵگەی دەرئەنجامیی پێویستە بۆی.

ئەگەر بتویستایە گفتوگۆی بەڵگەکانم بکەیت سەرەتا پێشەکییەکانت شیدەکردەوە و بەتاڵتدەکردەوە، بەڵام تۆ ئەوەت نەکرد، تـۆ تەنها قسـەت لەسەر (بێکۆتا) و بازنە و لاکانی بازنەت کرد.

من دەمزانی تۆ وادەکەیت، لەبەرئەوەی ئەوانە هەمووی پەیوەندییان بە ماتماتیکەوە هەیە.

- بازنەیەکی فیزیاییە.

- لێبگەڕێ با ڕوونیبکەمەوە، من گوتم ئەو (بێکۆتا)ییەی کە پێوانەدەکرێت هەرگیز بە شێوزای فیزیایی ناتوانرێت بسەلمێندرێت، تۆش لەگەڵ من لەسەر ئەوە هاوڕابوویت. من گوتم هیچ کێشەیەك لەگەڵ (بێکۆتا)ی چۆنیەتیی نییە، دەکرێت بە شێوەیەکی ڕەهایی هەبێت، ئایا بێکۆتا لە کوێ هەیە؟

- تۆ باوەڕت وایە ئەو درێژییە ئەندازەیەکی فیزیاییە؟

- بەڵێ، بێگومان.

- ئەندازەی درێژیی ئەو هێڵە درێژە بەراورد بە درێژیی لایەکانی ژمارەیەکی بێکۆتایە.

- باشە درێژیی ئەو هێڵە چەندە؟

- یەکە.

- باشە دەتوانیت ئەو هێڵە ڕاستە و لایەکانی بپێویت؟

- بەڵێ، دەتوانم بیپێوم.

- باشە ئەو بێکۆتاییە دەتوانرێت بپێورێت، بەڵام ئەوەی تۆ دەربارەی دەدوێیت لە زانستی ماتماتیکە، کە چەندان ڕاستیی بەڵگەنەویستی تێدایە، ئەمەش لۆژیکییە. من لەگەڵت جیاواز نیم لەو خاڵەدا، من هاوڕاتم لەسەر ئەو گوتەی لە کتێبەکەتدا باستکردووە، کە لە دیدگای بەها کۆتاهاتووەکان پێوانەدەکرێت ناتوانرێت بێکۆتا بەدەستبێت.

- بەهای کۆتاهاتوو؟

- بەڵێ.

- کێ گوتوویەتی دەبێت کۆتاهاتوو بێت؟

- ئەوە گریمانەی پێشووتە، تۆ گریمانەکانت خستەڕوو، پاشان لە کۆتاییدا بەهەمان ڕێگەی فۆکس نیوز و شتانێك دەزانیت وەڵامت لایە.

- پێویستە من (جیاکاریی و تەواوکاریی)[8]ت فێربکەم...

[8] - جیاکاری و تەواوکاری یان کالکیولس( بە ئینگلیزی Calculus): یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی بیرکارییە و، لە گۆڕانی دوو لقی جەبر و ئەندازە دێتە ئاراوە.

- جیاکاریی لەسەر حەقیقەتە بەڵگەنەویست و یاسایە ماتماتیکییەکان وەستاوە.

- ئەو ڕاڤەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کارەکان دەکات.

- بەڵێ، ئەمە خاڵی یەکەم بوو، لە پاشان باسی ئەوەی کرد کە (سفر) سادەترین چارەسەرە بەپێی پەرەنسیپی (ئۆکام ڕیزەر).

تۆ بە هەڵە لە (ئۆکام ڕیزەر) حاڵیبوویت، تەنها سادەترین شیکردنەوە نییە، بەڵکوو دەبێت قووڵترین و بەهێزترین شیکردنەوە بێت. (سفر) هیچ لایەنێکی نییە لە شیکردنەوەی بنچینەی گەردوون، ئەمە ڕووندەکەمەوە کەمێکی تر.

خاڵی دووەم: لەو کاتەی باسی دۆزەخ و دادپەروەریی و هەموو ئەو خەڵکە دەکەیت، کە دەچنە ناو دۆزەخەوە، دووبارە هەمان هەڵەی پیاوی کڵێسات کردەوە، بەهەڵە بیروباوەڕی ئیسلامییت شیکردەوە، بیروباوەڕی ئێمە چەندان جیاوازیی وردی هەیە بەڕێزم، باوەڕم وایە باشتربوو ڕاستگۆ بوویتایە و بتگوتبا من لەمە تێناگەم و هیچم دەربارەی نەخوێندووەتەوە، هەموویم لە ڕاکانی (کریستۆڤەر هیتشز) وەرگرتووە. باشتربوو بتگوتایە من زۆر دەربارەی نازانم و پرسیارت بکردبایە دەربارەی ڕای ئیسلام سەبارەت بەو بابەتە، بەڵام تۆ دووبارە

کەوتیتە ناو هەمان هەڵەی پیاوی ئاییینیی، کاتێك باسەکە دێتەسەر دۆزەخ ئێمە باوەڕمان وایە خودای گەورە دادپەروەر و میهرەبانە، هیچ کەسێکیش جیاڕایی نییە لەسەر بابەتی سزا، ئایا ڕات جیاوازە لەگەڵم لەسەر بابەتی سزا؟

کاتێك باسەکە دێتە سەر ئەو کەسانەی گوێیان لە پەیامی ئیسلام نەبووە، ئەوا کۆمەڵێك بیرمەندی ئیسلامییمان هەیە وەك (ابن تیمیە) و (غەزالی) گوتوویانە: جۆرێکی تر دادپەروەریی ئەوانە دەگرێتەوە، ڕەنگە لە ڕۆژی دوایی بەپێی پێغەمبەرەکەی خۆیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کارەکە سادە نییە.

سەبارەت بە هاوڕەگەزبازیی تۆ ویستت لە بری من ڕونکردنەوە بدەیت ئەمەش کارێکی جوان نییە.

- تەنها پرسیارم کرد، نەك لە بری تۆ شیبکەمەوە.

- بەڵێ، بەڵام دوای ئەوەی کە هەوڵتدا لە بری من وەڵامبدەیتەوە، سەیربکە ئێمە باوەڕمان وا نییە حەزی هاوڕەگەزبازیی هەڵە بێت، بەڵام ئاشکراکردنی هاوڕەگەزبازیی لە ناو خەڵکدا بەگشتیی و لە ناو کۆمەڵگەدا تاوانە. با ئەو خاڵەت بۆ ڕوونبکەمەوە، ئێمە هەمووومان حەزمان هەیە، هەندێك کەس هەیە

حەزی لە فـرەژنییە، هەنـدێکی تـر بە شـێوەیەکی نەرێنیـی سـەیری بـابەتەکە دەکەن، کەسـانێکی تـر هەن حەز و ئـارەزووی جۆراوجۆریـان هەیە، ئـێمە باوەڕمـان وایە ئەو حەزانە خـودای گەورە لە ئـێمەدا دروسـتیکردووە، فەیلەسـوفێکمان هەیە دەڵێـت: "ئەو کـاتەی خـودای گەورە ئەو حەزانەی لە ئـێمەدا دروسـتکرد بە هەمـوو جیاوازییەکانیشـەوە پێویسـتیکرد لەسـەر ئـێمە عەقڵمـان بەکـاربهێنین، هەتا لە حەقیقەتی ئیلاهیی تێبگەین و بزانین خودای گەورە چی لە ئێمە دەوێت، لەبەرئەوەی باشتر لە خۆم من دەناسێت، پێماندەڵێت چۆن ئەو حەزانەمـان بەڕێـوەببەین". ئـێمە باوەڕمـان وا نیـیە کە پێویسـتە لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵکدا بکەیـن، یـان بڕیاریـان لەسـەر بدەین بەپێی ئەو حەزە سێکسـییانەی هەیـانە، ئەگەر خۆیـان حەز بە سـێکس بـکەن لەگەڵ یەکتر، یان هاوڕەگەزباز بن.

هەر بەو بۆنەیەوە تۆ دەزانیـت تەنهـا گـوتنی (ئۆف) بەرانـبەر دایکت بە گوناهێکی گەورە هەژمارکراوە، وەك ئەوەیە هاوڕەگەزباز بیت.

ئەو خاڵەی دەمەوێت بیڵێم بریتییە لەوەی ئێمە بەهۆی کەسایەتییەوە سەرکۆنەی کەس ناکەین، ئێمە ناڵێین: من دوایی دەتکوژم، ئـێمە ڕێز لە هەموو مرۆڤێك دەگرین، هەموویان پێویستی ڕۆحییان هەیە، بەڵام

ئێمه ئایینی خۆمان تێکنادەین و شوێن ئایینی کراوس ناکەوین. ئێمه شوێن حەقیقەتی ئیلاهیی دەکەوین، ئەگەر بڵێین هاوڕەگەزبازیی تاوانە، ئەوا وەك خواردنەوەی ئارەق و ئازاردانی مسوڵمانان تاوانە.

من ناڵێم من پیاوم و ئازاری خەڵك دەدەم، ئایا تەنها لەبەرئەوەی من حەز و ویستم هەیە واتای ئەوەیە خودا هەڵەیە؟ نەخێر، ئەمە ڕاست نییە.

من بەدوای هەندێك وەڵامی بەهێزت دەگەڕێم کە وەڵامی منت داوەتەوە.

- هیچ خاڵێك نییە هەتا وەڵامیبدەیتەوە.

- چەندان خاڵ هەیە و وەڵامیشی دەدرێتەوە.

- تۆ گوتت (بێکۆتا) بوونی نییە، بەڵام بوونی هەیە.

- نەخێر، من گوتم (بێکۆتا)ی پێوانەکراو بوونی نییە، هەمان هەڵەی پیاوی ئایینیی مەکەرەوە.

ئەوەی دەمەوێت بڵێم ئێمە (بەڵگەی دەرئەنجامیی)مان هەیە، کە گەردوون کۆتایی پێدێت، لەبەرئەوەی کۆتایی پێدێت دەبێت سەرەتایەك بۆ بوونی هەبێت، ئەگەر سەرەتایەك هەبێت بۆ

دروستبوونی گەردون چەندان ئەگەری لۆژیکییمان هەیە، تکایە بیر لەو ئەگەرانە بـــکەرەوە، ئەگەر وانەکەیـــت وەك ئەوە وایە تـــۆ لە مـاڵەکەی منـدا بیـت و مـن قسـە بـۆ تـۆ بـکەم، بەڵام تـۆ قسـە بـۆ پەنجەرە بکەیت، من دەزانم تۆ خاوەن ڕەوشتیت و زۆر بەڕێزیت، ئێمە هەموومان ڕێزت دەگرین بە ڕێگەی جیاواز.

ئەوەی دەمەوێت بە پرۆفیسـۆر کـراوس بڵـێم بـریتییە لەوەوی ئەگەر بتەوێت قسەکانی فۆکس نیوز پاڵفتەبکەیت، پێویسـتە تـۆ کـاردانەوەت بەرانبەر شەریعەت بگۆڕیت، ئایا کتێبێکت دەربارەی شەریعەت هەیە؟

- من پرسیارم لە تۆ کردوە هەتا شەریعەت فێرببم.
- نەخێـر، تـۆ پرسـیارت لێنەکـردم، بەڵکـوو تـاقیتکردمەوە، ئایـا هیچ کتێبێکت دەربارەی شەریعە هەیە؟
- نەخێر، لەبەرئەوەی لۆژیکیی نییە.
- مـن کتێـبم دەربـارەی ئیلحـاد هەیە لەگەڵ ئەوەی بـڕوام وایە لـۆژیکیی نـیـە، بەڵام مـن کاتێـك دیـدگای ئێـوە دەخـوێنمەوە ڕێـزی مەعریفیی و فیکریی لێدەگرم.
- مــن هــیچ کتێبــێکم دەربــارەی ئیلحــاد نیــیە، تەنهــا کتێــبم دەربارەی زانست هەیە.

- بەڵام تۆ بە خۆبەزلزانیی و بێبایەخەوە هاتوویتە ئێرە، من نامەوێت پێوانەتبکەم، بەڵام تۆ دەڵێیت هەموو ئەوانە قسەی پووچن لە کاتێکدا بیر لە بەڵگەکانیشم ناکەیتەوە، لە کاتێکدا تۆ زۆر لە فیزیا زۆر لە من شارەزاتریت دانی پێدادەنێم، تۆ هاتوویتە ئێرە و بڕیار لەسەر شەریعەت دەدەیت، بەڵام بەبێ ئەوەی یەك کتێبت لەسەر شەریعەت هەبێت.

- هەر لەبەرئەوە من پرسیارم لێکردیت. ببورە من لەبەرئەوە پرسیارم لێکردیت هەتا لێتەوە فێرببم و ڕای تۆ بزانم، لەبەرئەوەی تۆ لەو کەسانەیت پێویستە ڕێزت لێبگیرێت و ڕات وەربگیرێت. من ویستم بزانم تۆ باوەڕت وایە هاوڕەگەزبازیی کارێکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی لۆژیکیی نییە. ویستم بزانم ئایا فیترەتییە، یان ئەوەتا بەهۆی پێغەمبەرێکەوە بە هەڵەی دەزانیت.

- باشە با پرسیارێك لە (کراوس) بکەم، بۆچی هاوسەرگیریی خزمە نزیکەکان کارێکی هەڵەیە.

- بە لای منەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا کارێکی هەڵە نییە، زۆربەی کۆمەڵگەکان هاوسەرگیریی خزمە نزیکەکان بە خراپ دەزانن، ئەمەیش لەسەر بنچینەی تێڕامان و تاقیکردنەوە دامەزراوە،

بە شێوەیەکی گشتیی هاوسەرگیریی خزمە نزیکەکان منداڵی شێواوی لێ دروستدەبێت، هەر لەبەرئەوە بە شێوەیەکی گشتیی هۆکاری کارگوزاریی و هۆکاری کۆمەڵایەتیی هەیە بۆ بەهەڵەزانینی کارەکە، هەر بەو بۆنەیەوە بەهەڵەزانینێکی قووڵ لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەیە بەهۆی ئەمەوە، لەبەرئەوەیە کۆمەڵگەکان دەیانەوێت ئەو بەهەڵەزانینە بەردەوامبێت.

بەڵام ئەگەر لێمبپرسیت ئەگەر برایەك خوشکەکەی خۆشبوێت و هۆکارەکانی ڕێگرییکردن لە دووگیانیان گرتەبەر، ئایا هیچ کێشەیەکی ڕەوشتیی هەیە لەو کردارەی دەیکەن؟ بەتایبەت ئەگەر یەکجار ڕوودات و کاریگەریی لەسەر هیچ کەسێك نەبێت، ئەوا دەبێت بیر لەو بابەتە بکرێتەوە، لەبەرئەوەی من باوەڕم وایە هیچ هۆکارێك نییە بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو کارە، ئەگەر یەکیان خۆشبوێت و ئازاری هیچ کەسێك نەدەن.

ئایا من هانی ئەو کارە دەدەم؟ نەخێر.

ئایا بەو کارە دڵخۆشدەبم؟ نەخێر.

بەڵام گوێ لە ڕا و بۆچونەکانیان دەگرم ئەگەر لۆژیکیی بێت، ڕەنگە بڵێم بەڵێ.

- زۆر چاکە ئەمە ئەو خاڵەیە دەمەوێت شیبکەمەوە، ئەوەی گرنگە کاتێك کەسێك دەیەوێت کاردانەوەیەکی ئیلحادی بگرێتەبەر، مەوقیفە ئەخلاقییەکان دژی دین بەکاردەهێنێت، ئەمە لە کاتێکدایە بابەتە ئەخلاقییەکانتان لە هەموو بارەکاندا پەیوەندییدار و کەسیین، بەڵام کاتێك لە دیدگای ئیسلامییەوە سەیری بابەتە ئەخلاقییەکان دەکەیت، دەبینیت هەڵسوکەوتە ئەخلاقییەکان بابەتیین.

ئەوەی هەمیشە ئاماژەی بۆ دەکەیت (ئێوە هەڵەن... ئەوە پووچە... شەریعەت جیاوازە) ئەمانە هەمووی هەڵچوونێکی سۆزدارییە.

من باوەڕم وایە ئەگەر خودامان وەك بنچینەیەك هەبێت بۆ بەها ڕەوشتییەکان دەتوانین سۆزداربین، لەبەرئەوەی ئەگەر خودا لە وێنەکە دەربکەیت، کە تاقە شتێکی جێگیرە و بەرزترە لە خودی مرۆڤ، هیچ واتایەك بۆ بەها ئەخلاقییەکان نامێنێتەوە.

تۆ دەزانیت کاریگەریی کۆمەڵایەتیی هۆکار نییە، لەبەرئەوەی ئەگەر سەیری نازییەکانی ئەڵمانیا بکەیت ئەو ڕاستییە دەبینیت. پەرەسەندنیش هۆکار نییە، لەبەرئەوەی وا دەکات ئێمە خێرا لەناوبچین و بێسوود بین.

فەیلەسوفی زانست (مایکڵ ڕۆس) گوتوویەتی: "تۆ وا گومان دەبەیت خۆشەویستیی هاوسێ وەك خۆشەویستیی خۆتە، وەك ئەوە وایە ئاماژە بۆ شتێکی زۆر دوور بکەیت، بەڵام مەرج نییە ئەوە واتایەکی هەبێت، ئەو تەنها هۆکارێکی مانەوە و بەردەوامبوونە".

هەر لەبەرئەوە ئێوە هیچ بنچینەیەکتان نییە بۆ ڕێسا ئەخلاقییەکان.

زۆربەی ئەوەی ئێوە و زۆربەی مولحیدەکانی تر دەیڵێن بریتییە لەوەی: (ئێمە باوەڕمان بە بەها ڕەوشتییە واقعییەکان هەیە، کە بریتیین لە ڕاستییە ڕەوشتییەکان).

باشە خۆ ئیسلامیش بەهەمان شێوە ئاوایە، پێغەمبەر موحەممەد ( ) بەهەمان شێوەیە، قورئان بەهەمان شێوەیە، هیچ جیاوازییەکی نییە.

ئەو هۆکارەی وای لێکردم ئەو پرسیارە بکەم هەتا بتوانم بڵێم چۆن دەتوانیت لە دیدگایەکی فیکرییەوە ئاماژە بۆ ئایین بکەیت لە دیدگایەکی ئەخلاقییەوە. ئەوەی جێگلەی گاڵتەیە زۆربەی ئەوەی دژایەتیی ئیسلامت پێکرد لە ڕووی ڕەوشتییەوە هەڵەبوو، لۆژیکییش نەبوو، لەبەرئەوەی تۆ وەڵامی ئەو گریمانانەت نەدایەوە، کە من پێشکەشمکرد.

- بەڵێ، من کردم.

- نەخێر، تۆ نەتکرد، تۆ باسی (بێکۆتا)ت کرد.

- من باسی (هۆکار، بێکۆتا)م کرد، ئەو دەستەواژانەشی بەکارتهێنا.

- دەربارەی هۆکار چیت گوت؟

- گوتم پرسیارکردن دەربارەی هۆکاری سەرەتای درووستبوونی گەردوون پرسیارێکی لەجێ نییە، ئەگەر کەمێك فیزیات بزانیبایە لەوە تێدەگەیشتیت.

- ئەوە گریمانەی پێش وەختەیە دەربارەی هۆکار.

- نەخێر گریمانە نییە، لەبەرئەوەی دەڵێت کات بوونی نییە، بۆشایی بوونی نییە.

- باشە بیر لەو دەستەواژە بکەرەوە (شتێك کاریگەریی دەبێت)، کوا کات لەم دەستەواژەیەدا؟

- دروستیدەکات.

- نەخێر، ناكرێت هەردووكیان وەك یەك بن، دەكرێت كات دانراوە بێت.

- واتای چییە كات دانراوە بێت؟ بە شێوەیەكی فیزیایی بۆم شیبكەرەوە یاریی زمانەوانیی مەكە، نموونەیەكی ماددیی فیزیاییم پێبدە.

- زۆر چاكە نموونەیەكت دەوێت وەك ئەو نموونەی تۆ دەربارەی (هیچ ) هێناتەوە؟

- تۆ بەو شێوەی هەیە شیكارت نەكرد، تۆ تەنها پێشەكییەكەت خوێندەوە وەك زۆربەی خەڵكی، كتێبەكەت تەواو نەكرد.

- لە ڕاستییدا من هەموو كتێبەكەم خوێندووەتەوە و بەدڵیشم بوو.

- باشە ئەو (هیچ )ییەی باسمكردووە چییە؟

- (هیچ ) بچوكترین ئەندازەی هێزی گونجاوە.

- نەخێر.

- ئاوایە.

- نەخێر، نە بۆشاییە، نە کاتە، نە یاسایە، هیچ نییە.

- بەڵام بارستەیەکی کوانتەمییە.

- نەخێر.

- نەخێ،ر هیچ بوونی نییە! هیچ نییە، نەبوونی گەردوونە، سفرە، خاڵی کۆتایی ڕستەیە و تەواو.

# وەڵامدانەوەی

# لاورنس کراوس

دەتـــواتنین گفتوگۆکەمـــان تەواوبکەیـــن، لەبەرئەوەی پێویســـتە گفتوگۆی دووانەمان هەبێت.

لۆژیکییترین پرسیار لێرەدا بریتییە لەوەی: چی شتێك زیاتر دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کرداری لۆژیکیی؟

داوای لێبوردن دەکەم ئێوە باسی لێبوردەیی دەکەن، بەڵام من بێزاربووم لەوەی خەڵکانێـك ببیـنم باسـی لێبـوردەیی دەکەن و لە پاشـان گوێـت لێیاندەبێت خەڵکانی تر کافردەکەن.

پێویستە بوارم پێبدرێت بە ئارەزووی خۆم چۆنم بوێت وا کوفربکەم.

گــاڵتەپێکردن بەشــێکی ســەرەکییە لە دەزگاکــانی ڕاگەیانــدن و گفتوگۆکان.

هەنـدێك کـات گـاڵتەپێکردنی شـتێك دەبێـتە هـۆی ڕوونکـردنەوە و شیکردنەوەی.

هەمیشـە گـوێم لە تەکفیرییەکـان دەبێت، ڕقـم لەوە دەبێـتەوە بگوترێت ئەوان بە هەڵە ئیسلام جێبەجێدەکەن.

دەکرێـت ئیسـلام لە زۆربەی وڵاتە ئیسـلامییەکان بە شـێوازێکی هەڵە پەیڕەوکرابێت.

بەڵام هەموو ئەوەی من دەیبینم لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم شێوازەی ئیسلام، هیچ لێبووردەییەکی تێدا نییە بەرانبەر (کافر و هاورەگەزخوازکان و ...هتد).

ئەگەر پرسیارێکی تر بکەین: کامەیان لۆژیکییترە؟، بۆچی وا گومان دەبەین ئەو خودایەی (کە بوونی نەسەلمێنراوە) دەبێت سەرچاوەی ئیسلام بێت؟

تەنها ئیسلامیش نا، بەڵکوو بۆ هەموو ئایینەکانی تریش بە هەمان شێوە، بۆچی دەبێت وا بێت؟

ئەو خودایە زۆر لە صەدام حوسێن خراپترە، لە بری ئەوەی لە ژیانتدا سزاتبدات، هەتا (بێکۆتا) سزاتدەدات! بەهۆی باوەڕنەهێنانت!

جۆرەکانی ئەو سزایەش لە قورئان باسکراوە، هەر وەك چۆن من دەیزانم تۆش ئەو سزایانە دەزانیت.

ئەگەر بە فیترەتی خۆت پرسیار لە خۆت بکەیت، چی دەبوو ئەگەر تۆ خودا بوویتایە، چەند خانووێکی (مێروولەت) لە ماڵەکەتدا هەبایە، کە خۆت دروستتکردبایە، ئایا هەستت بە سووکایەتیی دەکرد

ئەگەر مێروولەکان ڕۆژی پێنج جار پەیمانت پێنەدەن (مەبەستی پێی نوێژە)؟!

ئایا ئەگەر تۆیان نەدۆزییەوە، یان دانیان بە بوونی تۆدا نەنایە، لەناویاندەبەیت؟!

ئەمە جێگەی بەزەییە!

باشە بۆچی پێویستە باوەڕ بە خودایەکی ڕەق و بێبەزەیی بهێنم؟!

بۆچی باوەڕ بە خودایەکی مایەی بەزەییپێهاتنەوە و ڕەگەزپەرست بهێنم؟!

ئەمە شتێکی زۆر نالۆژیکیی و ناعەقڵانییە.

من نامەوێت لێرەدا تەنها دژی ئیسلام بووەستمەوە.

من دەزانم ئەوەی کەوا گوتم وەك سووکایەتییەك بەرانبەر هەندێك خەڵکی هەژماردەکرێت، بەڵام ئەو دیاردەیە بەسەر خودای (موسا)ش جێبەجێدەبێت.

ئەگەر ئێوە باوەڕ بە کتێبەکەی (موسا) دەکەن، ئەو بەهایانەی لە کتێبەکە باسکراوە شایەنی دڵگرانییە.

باشه، وا بەدیاردەکەوێت فریشتەکانیش چەندان ئەرکیان هەیە، لەوانە دابەزین و هێنانی وەحیی ئیلاهیی بۆ سەر موحەممەد لەخۆدەگرێت.

بەپێی ئاستی زانیارییم دوای بیست ساڵ بەسەر وەفاتی موحەممەد قورئان نووسرایەوە، زۆر قسە هەبوون لەو ساتەدا کە هەندێکیان دوای وەفاتی بوونە ڕەوانبێژیی.

بەڵام ئەم فریشتانە لە چیرۆکی لەوت دابەزین (پیاو) بوون... لەسەر شێوازی پیاو بوون.

گێچەڵەی سێکسییان پێکرا، لوت تەنها توانی بڵێت: دەستدرێژیی مەکەنە سەریان، کچەکانم ببە، لەبەرئەوەی بە کچەکانی وازیاندەهێنا، باشە چ پەندێك لەم چیرۆکەدا هەیە؟

من ئەو جۆرە پەندانە زۆر بە ناعەقڵانیی دەزانم، من دڵخۆشم کە نموونەی لێنەبووردنم لە (پەیمانی کۆن) دەرهێنا لە بری (قورئان).

بیری سزادانی خەڵکی هەتاهەتایە، بەڵگەیە لەسەر نەبوونی لێبووردەیی.

سزادان بە ڕێگەیەکی وەحشیگەریی و قێزەوەن هەتاهەتایە، بە هیچ جۆرێك پەیوەندیی بە سۆز و میهرەبانییەوە نییە، بەڵکوو پێچەوانەی فیترەتی پاك و عەقڵانییە.

ئێستاش لە بارەی دەستەواژە شیکارییەکانەوە، با لە ماوەی چەند خولەکێك هەندێك زانستت فێربکەم.

ئەگەر ئێمە لە دەرەوەی گەردوونمان (بێکۆتا)یی کاتییمان هەبێت، با بڵێین کات بوونی هەیە لەبەرئەوەی بیرەکە ئاسانتر شیدەکرێتەوە.

با بڵێین گەردوون بەهۆی بوونی ئەو یاسا سروشتییانەوە دەکرێت بە هەڕەمەکیی، یان لەخۆڕا دروستببێت، لەو کاتەدا گەردوون دروستدەبێت، لە خاڵکی دیارییکراوی کاتدا دێتەبوون، لە ڕاستییدا ئەگەر لەم کاتەدا بێتەبوون پێویستی بە هیچ هۆکارێك نابێت.

پێویستی بە هیچ کاتێك نابێت هەتا دیارییبکات لەو کاتەدا دەبێت دروستببێت و لە کاتێکی تر نەبێت.

لە هەر کاتێك ئاوابوو گەردوون بوونی دەبێت، بەڵام خەڵکی دەڵێن مەبەستێك بۆ دروستبوونی هەیە.

بەڵام گەردوون لە کات و شوێنێك دروستدەبێت کە هیچ پێویست نییە گرنگیی و مەبەست و حیکمەتێك بۆ دروستبوونی هەبێت، ئەمەیش ناوەکرۆکی قۆناغی دروستبوونیەتی.

ئێستا ئەگەر بڵێیت لە ماوەی دروستبوونی گەردوون چەند یاسایەك هەبوون، لەوانەی یاسای (میكانیكی كوانتەم) كە دەتوانێت بەو وزەیەكی سفری تەواو گەردوون دروستبكات. هەر بەو بۆنەیەوە لەو كاتەی دەڵێت دروستبوونی گەردوون، لەو ساتەدا گەردوون نەبووە، نە بۆشایی، نە كات، نە یاسایەكان، هیچیان بوونیان نەبووە.

پاشان دێیت و دەڵێیت گەردوون هەر بە هەڕەمەكیی دروستبووە لە كاتێكی دیاریكراو هەتا بێتە قاڵبی بوون. لە ڕاستییدا ئەگەر كاتەكە (بێكۆتا) بێت ئەوا ژمارەیەكی (بێكۆتا) گەردوونی لێوە دروستدەبێت. زۆر بە سادەیی ئەمە ئەگەری ڕوودانی هەیە.

پاشان گەردوون دێتەكایەی بوونەوە، دەتوانیت بڵێیت با تایبەتمەندییەكانی ئەم گەردوونە بزانم. باشە، تایبەتمەندیی ئەم گەردوونە دەبێت تەواو هاوشێوەی تایبەتمەندیی ئەو گەردوونە بێت كە لەسەری دەژین، بەو لەرەلەرە گەردوونییانە و ئەو تەقینەوەی گەلەستێرەكانی لێوە دروستبوو و ئەستێرە و هەسارە و بە من و تۆیشەوە.

ئەمە پێیدەگوترێت شیكردنەوە، هیچ شیكردنەوەیەك بەو ئاستە لە كتێبەكەی تۆدا بوونی نییە. ئەوە ئەم گەردوونەیە كە دەكرێت بێتەبوون لە هیچەوە بەبێ بوون مەبەست و پلان و هۆكار.

هەتا خۆم بە دووربگرم لە هەڵەتێگەیشتن، ئەمە تەنها بە ڕووکەشیی قبوڵکراوە، لەبەرئەوەی هێشتا بیردۆزێکی زانستیی تەواومان نییە. بەڵام تۆ بانگەشە بکەیت، کە پێشتر ئەمەت کرد.

تەنها لەبەرئەوەی ئێمە هەندێك شت نازانین خراپ بین بەرانبەر زانست، زۆر شت هەیە ئەمڕۆ تێیان ناگەین، ئەمەش هۆکارێکی بەسە بۆ پاکردنە و فێربوونی زانستەکان.

هەروەك داروین گوتوویەتی لە (پەرەسەندنی جۆرەکان): "من باسی ڕەچەڵەکی جۆرەکان دەکەم، نەك ڕەچەڵەکی ژیان، چونکە ئەگەر لە ڕەچەڵەکی ژیان بگەین، لەوانەیە ئەو کات لە ڕەچەڵەکی مادده بگەین".

بەدڵنیاییەوە داروین نەیدەزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێمە بنەچەی ماددەش دەزانین، هەر وەك پێشبینییدەکەم لە ئاکامی ژیانمان دەگەینە زانینی بنەچەی ژیانیش. تێدەگەین چۆن کیمیا بۆ بایلۆجی دەگۆڕێت، بەهۆی تاقیکردنەوەمان، نەك بەهۆی حەز و ویستمان.

بەم دواییانە گفتوگۆم لەگەڵ یەکێك کرد، گوتی مەحاڵە ماددەیەك بگۆڕێت و ببێتە ماددەیەکی زیندوو، ئەم دەستەواژەیە زۆر ناوازەیە، بەڵام بیروباوەڕە و مافت هەیە تێیدا، بەڵام دەکرێت هەڵە بێت.

ئەو شتە سەرنجڕاكێشەی لە زانستدا هەیە، هەتا ئەگەر بە ئیلحادیش ناوزەنـــدیبکەیت ئەگەر ویســـتت، بـــڕیتییە لەوەی ئەمـــاددەیە بیروباوەڕەكانت بگۆڕێت.

تۆ گریمانەی وەڵامەكان ناكەیت پێش زانینی پرسیارەكان.

تۆ گریمانەی ئەوە ناكەیت لەسەر حەقیت بە شێوەیەكی پیرۆز تەنها لەبەر شیكردنەوەت بۆ كتێبێك هەتا واتایەكت دەستبكەوێت، دەكرێت كەسێكی تر بێت و شیكردنەوەیەكی تری بۆ بكات و واتایەكی جیاوازی دەستبكەوێت، تۆ لەگەڵم هاوڕادەبیت لەوەی شیكردنەوەی جیاواز بۆ هەموو كتێبەكان هەیە بە قورئان و ئینجیلەوەش.

بەڵام ئەو گریمانەیەت كە تۆ حەقیقەتی پیرۆز دەزانیت بەبێ ئەوە لە گەردوون بكۆڵیتەوە كارێكی زۆر نالۆژیكییە.

پێم وابێت پێویستم بە كاتی زیاتر نییە.

# پوختەی گفتوگۆ

سوپاس دکتۆر بۆ ئەوەی پێشکەشتکرد، من بە ڕاستیی دەمەوێت هەندێك بەڵگەکانم یەکلاییبکەیتەوە، تۆ شتێکت دەربارەی قورئان گوت، ئەگەر لە پێشکەشکردنەکەم قووڵبایتەوە دەتزانی قورئان دەفەرموێت: وەك قورئان بهێننەوە، نەك دوو ئایەت لە دوو سورەتی جیاواز بهێنیتەوە.

دووبارە هەمان هەڵەی پیاوی کلێسەت کردەوە لە بابەتی ئیعجازی قورئانییدا، لە بڕگەی پرسیار و وەڵام ئەمە بەدرێژیی ڕووندەکەینەوە، هەتا بە تەواوی بزانین چییە؟

بەڵام من بە دیارییکراوی گوتم ئایەتێك وەك قورئان بهێنن.

بە نسبەت بەرنامەی کۆمپیتەر کە دەربارەی دوایت، من دەمەوێت بیکەمە بەڵگەیەك بۆ موعجیزەی قورئان.

- بەڵام کێ دیارییدەکات وەك ئەوە؟ ئایا تۆ دیارییدەکەیت، یان من؟

خوێندنی شیعرەکانی شکسپیر زۆر لە خوێندنی قورئان جوانترە، یان هەتا 0 جەیمس جۆیس)، هەتا کردارەکیش زۆر بەکارناهێنێت.

من لەو تێدەگەم بەڕێزم، بەڵام پێویستە لەوە تێبگەیت کارەکە لەسەر شێوازی ئەدەبی نەوەستاوە.

- باشە کێ دیارییدەکات وەك ئەوە؟

- بەڵگە ڕاستییە تاقیکراوەکان دیارییدەکات.

- بەڵگە ڕاستییە تاقیکراوەکان چییە؟

- با من دووبارە بیری خۆمت بۆ شیبکەمەوە، لەبەرئەوەی ئەو وەڵامدانەوەیە واتە تۆ بەهەڵە لێم تێگەیشتوویت.

- بەڵام تۆ قسەی خەڵکانێکت هێنایەوە کە کەس نەیتوانیوە وەك قورئان بهێنێت، باشە چی دەبێت ئەگەر من بڵێم بەڵێ هەبووە وەك قورئانی هێناوە؟

- لێمبگەڕێ با ئەوەت بۆ شیبکەمەوە، لەبەرئەوەی تۆ ڕایەکت دروستکردووە لەسەر شتێکی هەڵە، وا گومانت بردوە پێوەرەکە شێوازی ئەدەبییە.

بەڵکوو ئەو لەسەر بنچینە وشەکانی عەرەبیی دامەزراوە، لەبەرئەوەی من تەنها دوو خولەکم هەیە، لەبەرئەوە بە بڕگەی پرسیار و وەڵام ئەو ڕایەم تەواودەکەم.

سەیربکە ئەگەر بۆمان سەلما کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە جا ئایا بە بەڵگەی (تاقیکاریی) بێت، یان بە بەڵگەی (دەرئەنجامیی) بێت، تەرکیزەکەشم ئێستا لەسەر بەڵگەی (دەرئەنجامی)یە.

من باوەڕم وا نییە کەوا تۆ باس لە شێوەی دیاری بێکۆتا بکەیت لە کۆنگرەیەکی ماتماتیکیی، کەوا بەندە لەسەر پێشینەکانی ئەو.

بەڵام تۆ لە کتێبەکەت دانت بەوەدا ناوە کە ئەوە لە حاڵەتی بەشبەشی فیزیاییە پەیوەندییە پچڕاوەکان ناتوانرێت ڕووبدات.

هەر لەبەرئەوە دەگەیـــــــنە ئەو دەرئەنجـــــــامەی کە ئەو گەردوونە سەرەتایەکی هەیە بۆ بوونی، واتە پێشتر بوونی نەبووە. لە ڕێگەی فەلســەفییەوە ئەگەر هۆکارێــك بــۆ بــوونی گەردوون نەبێــت، ئەوا هەرگیز گەردوونێك بوونی نییە.

- تـۆ ئەو فۆتـۆنە دەبینیـت، بەهـۆی ئەو شـتەوە ئەو ژوورەی ڕووناککردووەتەوە؟

ئەوانە پـێش ئەوەی ئەلیکتـرۆن دروسـتبکات بـوونی نەبـووە... بـوونی نەبووە.

- تۆش دەڵێیت هیچ هۆکارێك بۆ بوونی نییە؟

- ئەوەی من دەیڵێم هەموو کاریگەریگەرییەکی فیزیایی پێویستە هۆکارێکی فیزیایی هەبێت، بەڵام هۆکارەکە خودا نییە، خودا فۆتۆنی دروست نەکردووە لەبەرئەوەی فۆتۆن لە هیچەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەمەیش وا نییە هێزێکی لەڕادەبەدەری سروشتیی بووێت، هەر لەبەرئەوە ئەگەر لەناکاو گەردوون پەیدابوو، واتای وا نییە هێزێکی لەڕادەبەدەری سروشتیی پێویستبووە.

- من پێش تۆ ئەو گریمانەم بەتاڵکردەوە، تۆ وا گریمانە دەکەیت کە کاتێك شتەکان دێنەبوون هیچ هۆکارێکی ناوێت.

- من گوتم ئەگەر گەردوون بتوانێت بێتەبوون بەهۆی هۆکاری فیزیاییە، کاتێك هیچ هۆکارێك بوونی نەبێت، ئەوا لە کاتدا ڕوودەدات. ڕای تۆش وایە کە گەردوون دروستبووە و ئەو دروستبوونەش هۆکاری خۆی هەیە، ئەمەیش لەبەرئەوەی لە پێشتر بوونی نەبووە ڕوویداوە، ئەگەر لەم کاتە ڕووی نەدایە، ئەوا لە کاتێکی تر ڕوویدەدا.

- من باسی مەبەستی بوون ناکەم.

- ئایا تۆ نەتگوت گەردوون بە هۆکارێك هاتووەتە بوون و پێویستە ئەو بوونەش مەبەستێکی لە پشتەوە هەبێت؟

- نە خێر من نەمگوت هۆکار.

- باشە چیت گووت، مەبەست؟

- نەخێر من گوتم هۆکاری هاتنە بوونی.

- من وا گومانم برد تۆ دەڵێیت دروستکارێك هەیە و وتارێکی درێژت دەربارەی دا...

- ئەمە دوای شیکردنەوەکە هات، کە دروستکراوێك هەبێت دروستنەکرابێت، یان هۆکارێك هەبێت هیچ هۆکارێکی تر بۆ بوونی نەبێت...

- من دەربارەی گەردوون دەدوام... ئایا لەگەڵ من هاوڕایت کە گەردوون پێویست نییە هۆکار و مەبەستێك لە بوونی هەبێت؟

- بەدڵنیاییەوە نەخێر. ئەوە بەڵگەی من نییە، من دەڵێم بە هۆی بەڵگەی دەرئەنجامیی ئایا گەردوون لە قۆناغێك لە قۆناغەکان بووە بوونی نەبووبێت؟ وەڵامەکە بەڵێ، لە ڕووی فەلسەفییەوە واتە بە سروشت، یان سەرچاوەی واقع ناگونجێت گەردوون بێتە بوون بەبێ بوونی هۆکارێك.

- باشــه، مــن ئومێــدەوارم بەم ڕێــگەیە بێــت، لەبەرئەوەی وا هەستدەکەم ئاوا لەیەکتر دەگەین، دەکرێت بە ڕێگەیەکی تری بێت کە خۆت حەزی پێدەکەیت، دەتوانیـت ئەوە لە مـاوەی مـن کەمبکەیـتەوە هـیچ کێشـەیەکم نییە، خاڵەکە لێرەدا ئەمەیە دەکرێت کات هەبێت لە دەرەوەی گەردوونمــان... ڕەنــگە هەبێــت، بــاوای دانێــین هەیە، ئەو گەردوونەمان هاتەبوون، هۆکـارێکی فیزیـاییش لەئـارادابوو، مـن دژی ئەوە نیم کە گەردوون بەهۆی هۆکـارێکی فیزیـاییەوە دروسـتبووە، وەك چۆن فۆتـۆن دروسـتدەبێت، بەڵام هەر وەك ئەوەی بـۆم ڕوونکـردیتەوە، بەهەمان پلە دەکرێت ئەم لایەنە لە مێشکی ئێمەدا هەبێت لەبەرئەوەی ئێمە مرۆڤین و لەسەر ئاستێکی پێوانەیی دەژین. ئەگەر کات بـوونی هەبێت ئەو کات تێپەڕبوون کەمدەبێت و لە ئەنجامدا بوونی نابێت.

- بیــرۆکەی ئەوەی کــات بــوونی هەیە و بەردەوامە، ڕەنــگە بگۆڕێــت ئەگەر ئەم لایەنە بگۆڕێــت، کــاتیش یەکســانە بە ســفر، لەبەرئەوە وشـەی هۆکـار دەبێـتە نـالۆژیکیی. وشـەی هۆکـار دەبێـتە فـاکتەرێکی بێســوود و گفتوگـۆی لەسـەر ناکرێـت. ڕەنـگە هـیچ پەیوەنــدییەکی بە دروســـتبوونی گەردوونەوە نەمێنێـــت، لەبەرئەوەی ڕەنگە هـیچ کاتێك لە پـێش ئەمەوە بـوونی نەبێت، هەر لەبەرئەوە ئەو

لایەنەی کە هەمـوو کـاریگەرییەك هۆکـارێکی هەیە ڕەنـگە هـیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەوە نەبێت لەبەرئەوەی کات بوونی نییە. مـن نـازانم ئەگەر ئەوە بـابەتەکە بێت، بەڵام مـن ئامـادەم خوێنـدنەوەی بـۆ بکەم هەتا بزانم لۆژیکییە، من ئامادەنیم پێشوەختە گریمانەی بـکەم، هەتا پێش ئەوەی پرسیاریشت لێبکەم.

- بەڵام خاڵەکە لێرەدا ئەمەیە، گریمانەکە پێویستی بە بـوونی کات و پێناسەیەکی فیزیایی بۆ کات هەیە.

- گریمانەکە لێرەدا ئەمەیە تـۆ پێویستت بە کـاتە دوای ئەوەی کات یەکسانبووە بە سفر، بەڵام کاتێك کات بریتییە لە سفر، ئەو کـاتە کات لە هاوکێشەکە دەچێتە دەرەوە.

- مـن نـاتوانم دژایەتییت بـکەم لە فیزیـادا، لەبەرئەوەی بـواری خۆتە.

- ئەگەر کـات بریتییبێـت لە سـفر، ئەوا هـیچ واتـایەکی نامێنێت.

- من جیاواز نیم لەوەدا لەگەڵت... مـن ڕێز لەو ڕایە دەگرم، بەڵام هەموو ئەوانە بە سروشتی خۆی گریمانەیە.

- نەخێر وانییە.

- باشە بەچ بەڵگەیەك وا دەڵێیت؟ بەپێی بەڵگەی دەرئەنجامییە؟

- بەپێی بەڵگەی تێڕامانە.

- کە ئەویش بەدواداچوونە.

- نەخێر هەڵەیە، بەڵکوو تاقیکارییە.

- ئایا تۆ کۆمەڵێکی ڕەهات لە بینراوەکان هەیە؟ ئایا تۆ کۆمەڵێکی ڕەهات لە تێڕامانەکان هەیە؟

- من شتێکی تۆم خوێندەوە دەربارەی زانست نووسیبووت، کە تێیدا وێنەیەکی خراپی زانستت کردووە، بەڵام تۆ ڕاستدەکەیت ئەگەر بڵێیت زانست ناتوانێت هیچ شتێك بە دڵنیاییەکی ڕەهاوە بسەلمێنێت، ئەمە بێجگە لە شتە هەڵەکان نەبێت، زانست ناتوانێت شتە هەڵەکان بسەلمێنێت.

- من ڕام جیاواز نییە لەگەڵت.

- لە ڕاستییدا زانست دەتوانێت دەستمانبگرێت هەتا لە ڕاستیی نزیکببینەوە، زانست ناتوانێت شتی هەڵە بسەلمێنێت.

- من لەگەڵتدا هاوڕام.

- دەتوانێت بڵێت لەتبوونی مانگ بۆ دوو بەش هەڵەیە.

- فاکتەرێکی خۆڵکردنەچاوی بەرانبەر.

- هەندێك لە خەڵکی هەر وەك ئەوەی دەزانیت، هەندێك موفەسیرەکان گوتیان کارەکە بەم جۆرەیە، ئایا تۆ هاوڕایت لەگەڵ ئەو تەفسیرانە؟

- من دەربارەی خاڵکی تر قسەدەکەم پرۆفیسۆر.

- ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەو کتێبە دەکرێت چەندان شیکردنەوەی بۆ بکرێت بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز، هەندێك تەفسیری هەڵە هەیە.

- من گفتوگۆی ئەم فیکرەش دەکەم، تۆ چەندان بابەتت خستەڕوو ئەمەیش ستراتیژییەتێکی نموونەییە هەتا نەزانیت چۆن وەڵامی خاڵێکی دیارییکراو بدەیتەوە.

سەیربکە، بۆ نموونە بابەتی تەفسیر، کاتێك ئێمە بە خشوعەوە قورئان دەخوێنینەوە تێدەگەین کە ئەو تاکە کتێبێکی پیرۆزە کە خۆی ئامرازی شیکردنەوەی خۆیت پێبدات. بۆ نموونە قورئان دەفەرموویت:

ئـایەتی وا هەیە کە پێویست بە قوڵبـوونەوە دەکـات. ئـایەتی تـر هەیە چەنــــد واتـــایەك لەخۆدەگرێـــت کە دیـــاریکراون. لە زانســـتی زمانەوانییشدا ئەوان بە فرەواتا ناوزەندکراون، هەر لەبەرئەوەیە دەرفەتی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنت پێدەدات. بەڵێ، ڕاڤەکردن هەیە مـن لەگەڵت هـــاوڕام، بەڵام شـــتانێك هەن بەدەرن لە ڕێچـــکەی (تەئویـــل)، لەبەرئەوەی تۆ زمان نازانیت، ئامرازەکانی شیکردنەوەت لە لا نییە و تەقلیدی فیقهیش نازانیت.

بەڵـێ، مـن لەگەڵـت هـاوڕام کە بوارێـك بـۆ (تەفسـیر) هەیە، بەڵام جێگیرە.

- باشە لە چیدا جیاوازە لەگەڵ گوتەی قەشە مەسیحییەکانی کڵێسا، کە دەڵێن تەفسیر و شیکردنەوەی جیاواز بۆ ئینجیل هەیە؟

- ئەوە زۆر گـــرنگە، هۆکـــارەکەی ئەوەیە بـــۆ نمـــوونە لە ڕێســـاکانی پرۆســـتانتەکان زۆر دوورە لە کڵێســـای کاســـۆلیکییەکان، لەبەرئەوەی دەیـــانگوت ئەوە کتێبـــی ئـــێمەیە چۆنمـــان بووێـــت ئـــاوا شـیکردنەوەی بـۆ دەکەیـن. ئێسـتا زۆرێـك لە پرۆسـتانتەکان بـۆ لای کاســۆلیکییەکان دەگەڕێــنەوە لەبەرئەوەی دەڵــێن چــۆن لەو وشــانە تێبگەین، هەر لەبەرئەوە سەیری کڵێسا دەکەن وەك کیانێکی شایستە

بۆ تەفسیر و شیکردنەوە. ڕاستە شڵەژانی زۆریان هەیە لەبەرئەوەی کتێبەکەیان پێیان ناڵێت چۆن تەفسیریبکەن، لەبەرئەوە ئێستا قوتابخانەیەك لە ئەڵمانیا هەیە بۆ لاهوتی ڕێکخراو.

- بەڵام ئێستا بۆ نموونە کڵێسەی کاسۆلیکی بیردۆزی پەرەسەندن قبوڵدەکات، تۆ ڕاستیی ئەوان دەڵێن کتێبی (سیفری تەکوین) پێمانڕاناگەینێت چۆن شیکردنەوەی بۆ بکەین، تۆ هەمیشە دەڵێیت ئیسلام تایبەتمەند و جیاوازە، بەڵام من هیچ شتێکی جیاوازی لێنابینم.

- ئایا تۆ ڕێگەدەدەیت لەسەر یەك خاڵی دیارییکراو گفتوگۆ بکەین.

- نەخێر، تۆ قسە فڕێدەدەیت.

- ئێمە باوەڕمان وانییە ئیسلام ئایینێکی جیاوازە، ئێمە باوەڕمان وایە ئیسلام پەیامێکی جیهانییە بۆ ئیمان بە خودای تاك و تەنها.

تۆ خۆت لەو گێژاوە ئازادبکە و ئەو خودایە بپەرستە کە ئازادیی ڕاستەقینەت پێدەبەخشێت، ئەگەر ئازادییت دەوێت، وشەی (ڕۆح) لە زمانی عەرەبییدا واتە (ڕۆح و نەفس).

- ئێستا واتای ڕۆحە، یان نەفس؟

- هەردووکیەتی بەپێی شوێن لە ڕستەدا.

- باشە پێمبڵێ ڕۆح چییە؟

- کاتێك مردیت دەزانیت چییە.

- ئەوە شیکردنەوەیەکی خراپە بۆ بابەتەکە.

- من یۆنانییم، من پێویستە زۆر قسەی بێبنەما بکەم.

- تۆ وایت.

- ئەوەی دەمەوێت بیڵێم، وشەی (ڕۆح) هەمان واتای (ڕاحە) هەیە، کە واتە ئازادیی و ئارامیی. ئەوەی گرنگە ئێمە هەمووومان بەدوای ئازادییەوەین، بەڵام ئەوەی جێگەی گاڵتەپێکردنە لە دیدگای بوونگەراییەکانەوە ئێمە لە بارودۆخێکی کۆیلایەتییدا لەدایکبووین، لەبەرئەوەی نووسەرێکی ئەمریکیی گوتوویەتی: "کاتێك لەدایکدەبین، ئێمە بە کۆیلەکراوین لەبەرئەوەی ئەو کاتەی لەدایکبووین لەدەست خۆمان نەبووە کە لەدایکبین".

- ڕۆسۆ ئەوەی گوتووە، گوتوویەتی: مرۆڤ بە ئازادیی لەدایکدەبێت، ڕۆسۆ ئەمەریکیی نییە بەڵکوو...

- خاڵەکە لێرەدا ئەمەیە ئێمە لەدایکبوونی خۆمان لەژێر دەست نیـــیە، مـــن ئەوەم دیـــاریی نەکـــردوە کە یۆنـــانییەك بـــم بە شـــێوە پاکستانیی...

- ئەگەر ڕیشت بتاشیت وەك پاکستانیی بەدەرناکەویت.

- من وەك تۆ قژم هێشتووەتەوە.

- هەر بەو بۆنەیەوە قژتم زۆر بەدڵە.

- ســوپاس. ئێســتا دەبیــنە هــاوڕێ و ئەو خــاڵەی دەمەوێــت باسیبکەم بریتییە لەوەی پێویستە ئێمە وردبین لەو جیاوازییە سادانەی بـۆ شـیکردنەوەی ئـایین دەکرێت. پێویسـتە تـۆ خـۆت لە بـارودۆخەك دابنێیـت هەتـا نـاوەڕۆکی شـتەکان ببینیـت و هەتـا بزانیـت بـۆچی ئافرەتی مسوڵمان حیجاب دەکات، یان پیاوی مسوڵمان بۆچی ڕیشی دەهێڵێتەو.، ئـێمە وەك جۆرێـك لە پەرستشـێکی کـوێرانە ئەو کـردارانە ئەنجام نـادەین، ئێمە وەك تـاکە ڕێگەیەك بـۆ ئـازادکردنی خۆمـان لەو کـۆتە سروشـتیی و کۆمەڵایەتییـانە ئەنجامیـدەدەین، لەبەرئەوەی ئـێمە گیانداریێکی کۆمەڵایەتیین.

خـۆت ئازادبکەیـت لە بەرانـبەر ئەو ڕاسـتییەی کە تـۆ لەدایکبـوونی خۆتت هەڵنەبژاردووە، تۆ ڕەگەزی خۆتت دیاریی نەکردووە، خۆت لەو کۆیلایەتییەی ئێستا ئازادبکەیت، ببیتە بەندەی خودا.

- من دەمەویت پرسیارێکی لۆژیکییت لێبکەم: بۆچی پێویستە ئافرەت خۆی دابپۆشێت، بەڵام پیاو خۆی دانەپۆشێت؟

- من داپۆشراوم.

- نەخێر، تۆ داپۆشراو نیت، تۆ هیچ کیسیەکەت لەبەر نەکردووە وەك هەندێك لەو ئافرەتانەی لە دواوەن.

- ئەوە کیسە نییە.

- نەخێر، بەڵکوو کیسەیە.

- باشە، ئەوە پرسیارێکی جیاوازە، من دەچمە سەر گفتوگۆی مەرجە ڕەوشتییەکان بەپێی دابونەریتەکان لەبەرئەوەی لە کۆتایی...

- هەر بەو بۆنەیەوە ئەو بابەتانە تایبەت نییە تەنها بە ئیسلامەوە، ئەگەر بتەوێت من سووکایەتیی بە ئایینەکانی تر بکەم، من بەوە دڵخۆشدەبم.

- نەخێر، بەڵام ئەوەی هەوڵدەدات هاوسەرگیریی خزمە نزیکەکان بکاتە بابەتێکی لۆژیکیی، هیچ بنچینەیەکی ئەخلاقیی بەرزی نییە، هەتا ئاماژە بۆ دابونەریتەکانی تر بکات.

ئەو خاڵەی دەمەوێت باسیبکەم (پرۆفیسۆر کراوس) تۆ کاتێك ڕەخنە لە دابونەریت و ڕەوشتی ئەوانی تر دەگریت، چی بنچینەیەکت هەیە پشتی پێببەستیت؟

ئایا لەبەرکردنی ئەو کیسانە ئامانجدار نییە؟

چۆن دەبێت لەبەرکردنی ئەو کیسانە هەڵەیەکی بابەتیی و ئەخلاقیی بێت؟

- من نەمگوتووە هەڵەیەکی بابەتییانەیە، گوتوومە لۆژیکیی نییە.

من پرسیارەکەم بۆ تۆ ئەوەیە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە ئافرەت و پیاو جیاوازییان لە نێوانیاندا هەیە، جیاوازیی جەنەتیکی هەیە، بەهەر واتایەکی تر ئێمە یەکسانین، لایەنی باش و خراپی هەیە.

- من پێچەوانەی تۆ نیم لەوەدا.

- دەمەوێت ئەمە بڵێم من هیچ هۆکارێك نابینم هەتا بەهۆیەوە ڕەفتارکردن لەگەڵ ئافرەت جیاوازبێت لە پیاوەوە.

- باشـه، کەمێـك ڕاشـکاویت تێـدایە. ئەو خـاڵەی دەمەوێـت باسیبکەم، کاتێك دەڵێین بڕیاری ئەخلاقیی، هەندێك جاریش زاراوەی عەقڵانییەت بەکاردەهێنین.

- بەپـێچەوانەوەی تـۆوە، مـن باسـی ئەو شـتانە نـاکەم کە خلاقیـین، بەڵکـوو هەوڵـدەدەم... ئەو پرسـیارەی نووسـراوەتەوە بریتیـی نییە لەوەی (ئایا ئیسلام ئەخلاقییترە، یان ئیلحاد)، پرسیارەکە کامیان لۆژیکییترە... لەو کاتەی دەبینیت خەڵکی بەجۆرێك ڕەفتاردەکەن.

- باشە بۆچی 25 خولەکە ئامـاژە بـۆ بـابەتە ئەخلاقییەکـان دەکەیـت، لە کاتێکـدا مـن لێـرەدا دەمەوێـت گفتوگـۆ دەربـارەی بیـری خۆم بکەم؟

- من بە شێوزی ئەخلاقیی بڕیارم لەسەر شیکردنەوە هەڵەکەت نەکـرد بـۆ بـابەتی (بێکۆتـا) لە ڕووی فیزیـاییەوە، مـن بڕیـارێکی واقعیم دا.

- من هەرگیز ئاوام نەگوتووە، من گوتومە واقعیەتی فیزیایە و تۆ پێویستت بە ماتماتیکە هەتا ڕەفتار لەگەڵ فیزیا بکەیت، مـن لەوەدا لەگەڵت جیاواز نیم.

- واتە پێویستت بە ماتماتیکە هەتا ڕەفتار لەگەڵ حەقیقەتە ماددییەکان بکەیت؟

- بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.

- من زۆر شت لە کتێبەکەتەوە فێربووم، تۆ لە لاپەڕە 81 لە کتێبەکەت گوتووتە: پێویستە فیزیا باشتر بکەین هەتا لەگەڵ ماتماتیکدا ڕێبکات.

- نەخێر نەخێر، پێویستە ماتماتیك باشتر بکەین هەتا لەگەڵ واقعدا ڕێبکات. ئەگەر ماتماتیك لەگەڵ بەڵگەیەکی تاقیکاریی نەدەگونجا پێویستە ماتماتیکەکە بگۆڕدرێت.

- هەر لەبەر ئەم هۆکارە بڕوام وایە تۆ لە کتێبەکەت ئەو دەرئەنجامەت دەرهێناوە، کە ناتوانین هیچ شتێکی (بێکۆتا)مان دەستبکەوێت.

- نەخێر، من وەهام نەگوتووە.

- بەڵێ، وەهات گوتووە.

- پێم پێشانبدە لە کوێدا وەهام گوتووە، ئایا باسی (هێزی بێکۆتا) دەکات؟

- لێبگەڕێ بەدوایدا بگەڕێم.

- هەر بەو بۆنەیەوە ئەگەر وەهام گوتبێت، ئەوا من هەڵەم.

- ئەمە شەرەفمەندییە.

- ئەو شێوازە گفتوگۆیەت وەك سووكایەتییەكە بە نیسبەت منەوە، ئەوەی مایەی سووكایەتییە تۆ قسەی خەڵكی وەردەگریت وەك ئەوەی قسەی خەڵكی گرینگترە. ئەو شتە گەورەی زانست هەیەتی بریتییە لەوەی هیچ دەسەڵاتی تێدا نییە، هەموومان دەكرێت هەڵەبین.

- ها ئەوەیە: (بێكۆتا) چەندێتییەكی پەرشوبڵاو نییە بەلایەنی كەمەوە بە نیسبەت زانایانی فیزیاییەوە، لەبەرئەوە لە حاڵەتی گونجان دەمانەوێت خۆمانی لێ دووربخەینەوە، زۆر ڕوونە كە وزەی بۆشایی بەتاڵ، یان هەر شتێكی تر لەو بوارەدا ناكرێت ببێتە (بێكۆتا)ییەكی فیزیایی.

تۆ گوتووتە (هەر شتێكی تر لەو بوارەدا)، (هێزی هەر شتێك ناكرێت ببێتە (بێكۆتا).

- ئەمە لە كوێی كتێبەكەدایە، هێزی بۆشایی، یان هێزی هەر شتێك لەو بوارەدا.

- ئێستا تۆ کتێبەکەت دەخوێنیتەوە!

- من ئەو کتێبەم نووسیوە، من لێرە نیم هەتا قورئان بخوێنم، بەڵکوو لێرەم هەتا کتێبەکەم بخوێنمەوە.

- تۆ دەربارەی کتێبەکەشت نازانیت!

- کتێبەکە دەڵێت، ڕەنگە وا باشتر بێت وەریبگێڕمە سەر زمانی عەرەبیی هەتا باشتر تێبگەیت.

(وزەی هێزی بۆشایی، یان وزەی هەر شتێکی تر ناکرێت ببێتە (بێکۆتا).

- هەر لەبەرئەوە هەمان خاڵی من پێشکەشدەکات.

- ئەو ناڵێت گەردوون ناکرێت (بێکۆتا) نەبێت، ناشڵێت کات ناکرێت (بێکۆتا) بێت، لەبەرئەوەی ئەوە دەگونجێت ڕووبدات.

- بەڵام ئەو خاڵەی ترم کە باسمکرد...

- تۆ هەڵەیەکی گەورە دەکەیت کاتێك گوتارەکەت ڕوو لە بەشداربووان دەکەیت، بەرانبەر من قسە بکە، من دڵخۆشدەبم ئەگەر هەڵەیەکم پیشانبدەیت لە بەڵگەکانم.

- من دەتوانم وا لە قسەکەت بگەم (هەر شتێکی تر لەو بوارەدا) واتای هەر شتێکی تر، بەڵام من دەزانم پێویستە...

- ئایا ئەو بڕگەیە باسی (وزە) ناکات؟

- تۆ ئێستا باسی سیاق دەکەیت، بەڵام لە دیندا ناگونجێت! تەنها لە فیزیا دەکرێت.

- تۆ باسی تەفسیرە هەڵەکان مەکە بۆ قورئان، باسی دەرهێنانی قسە لە سیاقەکەیدا مەکە.

- من لەگەڵت هاوڕام پرۆفیسۆر کراوس، بەڵام ئەوەی دەمەوێت تێیبگەیت... ئایا لەگەڵم هاوڕایت گەردوون لە خاڵێکی دیارییکراوەوە دروستبووە؟

- بەڵێ، هاوڕام. گەردوون بەر لە 14.72 بلیۆن ساڵ دروستبووە، ئەوەش دوورترە لە بەشێك لە ملیۆن ملیۆن بەشێك لە چرکە، لەبەرئەوە بێگومان گەردوون لە خاڵێکی دیارییکراوەوە دروستبووە.

- من گوتم ئەوە بەڵگەی دەرئەنجامیی لۆژیکییە.

- ئەو بەڵـگە دەرئەنجـامییە بە هەمـان ڕێـگە بـۆ هەمـوو ئەفسانەکانی تریش بەکاردەهێنرێت.

- مـن لەگەڵـت هـاوڕام، بەڵام دوای ئەوە گـوتم ئـێمە دەکرێت باشـترین ڕاڤەی گونجـاو بیـریتییە لە بـوونی دروسـتکەرێکی دروستنەکراو.

- بۆچی ئەمە وەك باشترین ڕاڤە دادەنێیت؟

- لەبەرئەوەی من هەموو شیکردنەوە لۆژیکییەکانم پێبەخشیت، ئەمە خاڵەکەیە.

- نەخێر، من شیکردنەوەیەکی فیزیاییم هەیە زۆر لۆژیکییترە، ئەویش بریتییە لەوەی لە هیچەوە هاتووە.

- تۆ مەبەستت لە هیچ، هیچە؟
- نە شـوێن، نە کـات، گەردوون بـوونی نەبـووە، هـیچ بارسـتە کوانتەمیش بوونی نەبووە، نە کات، نە شوێن، هەموو ئەو شتانەی لەم ژوورە هەن ئەمڕۆ، هەموویان نەبوون.

- باشـە (ئەلیکسـاندەر فیلیـنکن) کە خـۆت وەك زانـایەکی گەردووناسـیی ناوزەندیـدەکەیت، مـن کتێـبەکەیم خوێنـدەوە دان دەنـێم بەوەی زۆر لە من زاناترە...

- تۆ دەزانیت (ئەلیکساندەر فیلینکن) بیری نووسینەوەی ئەو کتێبەی پێدام، کاتێك ویستم دەربارەی دروستبوونی شوێن لە هیچەوە بنووسم.

- بەو دواییانە گوتی: ئەندازەیەکی کاتیی و شوێنیی هەیە، ڕاستە؟

- نەخێر.

- باشە چی گوت؟

- دەتوانین باسی درێژەی کتێبەکەی بکەین، بەڵام ئێرە شوێنی نییە.

- باشە خاڵی سەرەکییم کە ئەو بەڵگەیە وەك بەهێزترین و بە بەهاترین بەڵگەم هەژماردەکەم، بەهایەکی بەرزی هەیە لەبەرئەوەی ڕێگەی بەدواداچوون ناکرێت ببێتە هۆکاری ئەو دەرئەنجامانە، بەڵام ڕێگەی دەرئەنجامیی دەتبات بەرەو حەقیقەت، ئەوەش ئەوەبوو کە تۆ لەگەڵم هاوڕابوویت.

- بەڵام چی ئەگەر دەرئەنجامێکی هەڵەم دەستکەوت؟

من دەتوانم لە هەڵەی دڵنیابم.

- ئەگەر گریمـــانەکە تەواوبێـــت، لـــۆژیکەکە تەواوبێـــت، دەرئەنجامەکە ڕاست دەردەچێت.

- باشـە چـی ئەگەر لەگەڵ زانسـتی گەردووناسـیی گونجـاو نەبوو؟

- پێویســتە تــۆ ئەوە بســەلمێنیت کە لــۆژیکی دەرئەنجــامیی بەکـارت نەهێنـا ڕاسـت نیـیە، یـان لـۆژیکیی نیـیە، بەڵام تـۆ ئەوەت نەکردوە.

- چۆن وەهام نەکرددوە، وەهام کرد.

# پرسیار و وەڵامەکان

*پرسیاری یەکەمم بۆ پرۆفیسۆر کراوسە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی باستان لێوەکرد، من کتێبەکەی ئێوەم کردووەتەوە لێرەدا دەڵێیت (هیچ شتێکە).

- ئەوە ناونیشانی بابەتە؟

- بەڵێ، ناونیشانی بابەتە.

- ئایا دەزانیت مەبەستم لەوە چییە؟

- بەڵێ، دەزانم مەبەستت پێی چییە. کتێیەکەت هەمووی وەستاوە لەسەر ماتماتیك، ماتماتیك هەر وەك دەزانیت لەسەر دەرئەنجام وەستاوە.

- نەخێر، لەسەر بەڵگە وەستاوە.

- تۆش ماتماتیك لە کتێبەکەت بەکاردەهێنیت.

- چەند هاوکێشەیەکی ماتماتیکییم لە کتێبەکەم پیشاندە؟ ئایا هیچ هاوکێشەیەکی تێدایە؟

- بەڵێ، هاوکێشەی تێدایە.

- بەڵێ، یەك، یان دوو هاوکێشەی تێدایە. کتێبەکە 200 لاپەڕە.

- لێمبگەڕێ پرسیارەکەم بکەم. یەکەم تۆ دەڵێیت: هیچ شتێکە، ئەوە لێرەدا نووسراوەتەوە. دووەم دەڵێیت: دەرئەنجام کار ناکات، لە کاتێکدا ماتماتیك هەمووی لەسەر دەرئەنجام وەستاوە.

- نا، من گووتومە ناگونجێت.

- نەخێر تۆ لە پێشەکییدا گوتووتە دەرئەنجام کار ناکات، لە کاتێکدا کتێبەکەت پڕە لە ماتماتیك و دەرئەنجام، ماتماتیك لەسەر دەرئەنجام وەستاوە، ئایا ئەو پێشەکییە دژبەیەکی لۆژیکییە؟

- ئەو بابەتانە زۆر کەم و هیچن، بەڵام باشە. من زۆر لە دەستەواژەی سەرنجڕاکێش دەکەم، وەك ناونیشانی بابەتێك دیارییدەکەم. ئەو خاڵەی زۆرێك لە فەیلەسوفەکان تێی ناگەن، باوەڕم وایە هیچ چەندێتییەکی ماددیە، چەندێتییەکی فەلسەفی نییە، چەندێتییەکی خەیاڵی نییە، هیچ لە فیزیا واتە ونبوونی شت، هەر لەبەرئەوە چۆن لە هیچ دەگەین؟ پێویستە سەرەتا لە شت بگەین. بێگومان ئەوە هەوڵێکی گەورەی دەوێت، ئەو بابەتە هەموو هەوڵی زانا فیزیاییە گەورەکانی دەوێت، کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم

هەوڵیانداوە، ئەوەی لە کتێبەکەم هەوڵمداوە بیکەم شیکردنەوەی واتای (شتە) هەتا لە ڕێگەیەوە خەڵك لە ونبوونی شت و نەمانی تێبگات. هەوڵمداوە زۆر ڕوون و وردبم، من هەوڵم نەداوە وا لەخەڵك بکەم قەناعەت بە شتێك بکەن، بەڵکوو تەنها بۆیانم شیکردووەتەوە (شت) چییە. لە فیزیادا هیچ واتە ونبوون و نەمانی (شت). لەبەرئەوە هەتا لەوە تێبگەتی ونبوون و نەبوونی شت چییە. پێویستە سەرەتا بزانیت (شت) چییە. پاشان تێدەگەیت (ونبوون، یان نەمانی شت چییە).

دووەم: تۆ ڕاستدەکەیت ماتماتیك ماتماتیکە، بەڵام فیزیا ماتماتیك نییە. من بڕوانامەی ماتماتیکم هەیە و بڕوانامەیەکی فیزیاشم هەیە. بۆم ڕونبوویەوە کە من زانای ماتماتیك نیم، لەوەش گرنگتر ئەوەشم بۆ ڕونبوویەوە کە هاوڕێ زانا ماتماتیکییەکانم زانای بواری فیزیا نین، لەبەرئەوەی ئەو ڕێگەیەی فیزیا کارپێیدەکات بریتییە لە بەکارهێنانی نموونە ماتماتیکییەکان، بەڵام دانی پێدا نانێین بەوەی کە ڕاستن. ئێمە بەدرێژایی ماوە ئەو کردارە ئەنجامدەدەین، بەڵام لە زۆربەی کاتەکان هەڵە دەبین، کاتانێك من دادەنیشم و نموونە ماتماتیکییەکان دەهێنم هەتا شیکردنەوەی دیاردەیەکی واقعی پێبکەم، پاشان دەیخەمە ژێر تاقیکردنەوە، لە ئەنجامدا لە 99.9% هەڵە

دەردەچێت، لەبەرئەوەی زانست بەم جۆرە کاردەکات، ئەگەر بەم جۆرە کار نەکات، هەموو کەس دەتوانێت ئەو کردارە ئەنجامبدات. لەبەرئەوە ماتماتیك زمانێکی زۆر بەسوودە بۆ حەقیقەت، تاکە ڕێگەیە بۆ شیکردنەوەی سروشت، بەڵام ئێمە دانی پێدا نانێین. ماتماتیك دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە گەردوون بسەلمێنێت، دەتوانێت هاوکێشەیەکی ماتماتیکیی بۆ ژمارەیەکی بێکۆتایی گەردوون دابنێت. زۆربەی ئەو گەردوونانەش گەردوونی ئێمە نەبێت، ئەو ڕێگەیەی کە وامان لێدەکات دانی پێدابنێین وەك گەردوونی خۆمان بریتییە لە تاقیکردنەوەی و زانست لەسەر تاقیکردنەوە وەستاوە. تەنها بیرکردنەوەی و فیکر نامانگەینێتە ئەنجام. ئەگەر زانایەکی بواری گەردیلە لە ژوورێکدا زیندانیبکەیت و داوای لێبکەیت بیردۆزێکت بۆ بهێنێت بەبێ ئەوەی تاقیکردنەوە ئەنجامبدات، بێگومان دەرئەنجامێکی هەڵەت پێدەدات.

- تۆ وەڵامی پرسیارەکەمت نەدایەوە. دوبارەیدەکەمەوە هەتا وەڵامم بدەیتەوە، تۆ گۆتت بەڵگەی دەرئەنجامیی کار ناکات وەك پێویست.

- نەخێر، وەهام نەگوتووە.

- بەڵێ، تۆ لە پێشەکییدا وەهات گوتووە. گوتووتە بەڵگەی دەرئەنجامیی کار ناکات، کتێبەکەشت پڕە لە ماتماتیك.

- من لەگەڵت هاوڕام پرسیاری دووەمت چییە؟

- پرسیارەکەم: بەڵگەی دەرئەنجامیی چییە، تۆ دەزانیت بەڵگەی دەرئەنجامیی چیە؟ من لە زانکۆ ماتماتیك دەخوێنم، وەها گومان دەبەم نازانیت واتای چییە.

- تۆ دەتوانیت چۆنت بوویێت وا پێناسەی شتەکان بکەیت، منیش دەمەوێت ئەوە ڕوونبکەمەوە گەردوون چۆن کاردەکات، من پێشدەکەوم و تۆش لە شوێنی خۆت دەمێنیتەوە.

* پرسیارەکەی من بۆ (هەمزەیە) کاتێك قسەی دەربارەی زانست و ئیسلام کرد، گوتی هەڵساوە بە لێکۆڵینەوەیەك لە بوونەوەر و پەرەسەندن لە قورئان، ئەوەی بۆم ڕوونبوویەوە پێویستە زیاتر لە قورئان بگەیت هەتا زیاتر بیری زانستیی لە قورئاندا دەربهێنیت، بەڵام ئایا LHC لە کوێی ئیسلامدا هەیە؟

ئایا باشتر نییە لە دیراسەی قورئان بکرێت و ئەو دەرئەنجامانە بدۆزرێتەوە؟

کەی دەتوانین دەرئەنجامی هاوشێوەی ئەوانە بدۆزینەوە؟

- یەکەم: ئەو گوتارەی نووسیومە، نەمنووسیوە بڵێم قورئان زانستمان پێدەدات، بەڵکوو بەسادەیی گوتوومە قورئان کتێبێکی زۆر گشتییە. لەو لایەنانەی پەیوەندیی بە زانستەوە هەیە زۆر شاراوەیە، لە فقهی ئیسلامیی ئایەتانێك هەیە کە وەڵامەکەت ناداتەوە هەتا بەهۆیەوە بیربکەیتەوە لە واتاکەی.

زۆر بە ڕاشکاوی تەنها کەسە گەمژەکان وا دەزانن دەتوان فیزیایی کوانتەم لە کتێبی پیرۆز بدۆزنەوە، ئەوە ئامانج و مەبەستی دروستکەر نییە. (شاگبی) شەرعزانێکە فەرموویەتی: "قورئان

لەبەرئەوە هەیە هەتا بەهۆیە بیر لە گرنگترین پرسیارەکان بکەینەوە دەربارەی ژیان و مرۆڤ و گەردوون".

من کێم؟ من بۆ کێم؟ بۆچی من؟ ئەوانە پرسیاری بوونن.

لەبەرئەوە ئەو خاڵەی دەمەوێت ڕوونیبکەمەوە بریتییە لەوەی قورئان کتێبێکی زانستیی نییە، بەڵام زمانەکەی نموونەیی نییە لە بارەی زانستی سەدەی حەوتەم، ئەوە خاڵی سەرەکیی بوو لە گوتارەکە.

لە هەندێك حاڵەتدا باسی زانستیی هەیە، بەڵام بەو درێژییە نییە.

دەزانیت شتە تایبەتەکەی قورئان چییە؟

کاتێك دەربارەی دیاردەیەکی سروشتیی دەدوێت و وشەیەك بەکاردەهێنێت، واتایەکی دیارییکراوی نییە دەتوانیت خۆت لە واتایەکە دڵنیاببیتەوە، بە شێوەیەکی زۆر گرنگ ئەو وشەیە لەگەڵ هەڵەکەی پێشوو هاتووە و لەگەڵ ڕاستییە وردەکانی داهاتووش دەگونجێت.

من دەڵێم لە هەندێك حاڵەتدا ڕاستییەکانی داهاتوو دەزانیت بە هۆی قورئانەوە.

بەڵگەی مـن بـریتییە لەوەی قورئـان کتێبێکـی زانسـتیی نیـیە، لەبەرئەوەی گریمانە و بەدواداچوون حەقیقەتت پێنادات پرۆفیسۆریش لەو خاڵەدا لەگەڵم هاوڕابوو، ئێمە باوەڕمـان وایە قورئـان بە ڕێگەی دەرئەنجامیی بسەلمێندرێت و پێماندەڵێت زانست بخوێنن هەتا بزانن کارەکان چۆن بەڕێوەدەچێت. ڕەنگە ئێمە هەڵەبین، ڕەنگە ڕاست بین، لەبەرئەوە زۆر هەڵەیە بڵێیـت شـتێکی دەرئەنجـامیی لە ڕێـگەی تێڕامان و گریمانەوە دەسەلمێندرێت.

هەر لەبەرئەوە مـن زۆر جەخت لە بـانگخوازی سـەردەمیی دەکەمەوە، کە بە شـێوەیەکی گەورە پشـت بە زانسـت دەبەسـتن، بەڵام پێویسـتە تێبگەین زانست چییە؟

هەر لەبەرئەوە گوتـارێکم نووسـی دەربـارەی تێگەیشتنی هەڵەمـان بـۆ پەرەسـەندن. مـن دژایەتیـی نیشـانەکانی پەرەسـەندن نـاکەم، مـن تەنهـا دەچمە لای کەسە ئەکادیەمییەکـان لەپێنـاو فەلسـەفەی زانسـت، هەر لەبەرئەوە کێشانێك هەیە وەك کێشەی تاقیکاریی بەهێز و تاقیکاریی لاواز، یـان کێشـەی بەدواداچـوون، یـان کێشـەی دژبەیەك، لەبەر ئەو دیـدگایانە مـن وا بـاوەڕدەکەم تـۆ بەهەڵە لە مەبەسـتی گوتـارەکە تێگەیشتوویت.

- ئەو گوتارە دەڵێت پەرەسەند نەسەلماوە بەهەمان پلە و هێزی سەلمێندراوی کێشکردن، ئێمە چەند دەرمانێکمان بەپێی بیردۆزی پەرەسەندن دروستکردووە، ئەو بەڵگانەی لەسەر پەرەسەندنن وای لێدەکەن ببێتە حەقیقەت.

- من موناقەشەی ئەو بیرۆکەم کردووە...

- هەوڵمدا گوتارەکەت بخوێنمەوە، بۆم بەدیارکەوت تۆ هەوڵدەدەیت... ڕەنگە من بەهەڵە لێی تێگەیشتبم، من هاوڕاتم ڕەنگە من هەڵە لێی تێگەیشتبم.

**سوپاس بۆ ئێوە بۆ ئەم دیبەیتە، پرسیارەکەم بۆ پرۆفیسۆر کراوسە:**

یەکەم: پێویستە زانست و ئیلحاد تێکەڵ نەکەین، لەبەرئەوەی زانست لەبەرەی ئیلحاد نییە، بەڵکوو پارسەنگە و مەنهەجێکە، لەبەرئەوە پرسیارەکەم ئەمەیە: ئایا ڕێچەکەی تاقیکاریی و تێڕامان و تاقیکردنەوە بە هیچ جۆرێک ناتوانێت وەڵامی پرسیارە میتافیزیکییەکان بداتەوە وەک بوونی خودا، وەک مولحیدێک ڕای تۆ لەسەر ئەم بابەتە چییە؟

بۆ نموونە چۆن دەڵێیت خودا بوونی نییە لە کاتێکدا ڕێچکەی بەدواداچوون و عەقڵانییەتت ڕەتکردوە، چۆن مەوقیفی خۆت بە عەقڵانیی و لۆژیکیی دیارییدەکەیت؟

- پرسیارەکەت زۆر جوانە، پێویستە ئەوە ڕوونبکەمەوە، من دووپاتیدەکەمەوە کە ئیلحاد بیروباوەڕ نییە، من وەک زانایەک باوەڕم بە هیچ نییە، پێویستە زاناکانی تریش وشەی باوەڕ بەکارنەهێنن، لەبەرئەوەی شتانێك هەیە ڕوودات و شتانێك هەیە ڕوونەدات، زانست ناتوانێت بە شێوەیەکی دڵنیا شتێك بڵێت هەر وەك لە پێشتر لەگەڵ هەمزە گفتوگۆمان لەسەر کرد، دەکرێت شتێك بە ئەگەری زۆرەوە

بـوونی هەبێـت، شـتێك ئەگەری بـوونی کەمبێـت، ئەمەش وەسـتاوە لەسەر بەڵگەی تاقیکاریی.

هەر لەبەرئەوە ئەو پرسیارەی ئایا کامیان ئەگەری بوونی زیـاترە، ئەو شتەیە کە مولحیدەکان دەیڵێن، هەر بەو بۆنەیەوە زۆربەی زانایـان زۆر بیـر لە بـابەتی خـودا نـاکەنەوە، لەبەرئەوە نیـیە کە مولحیـدن، بەڵکـوو لەبەرئەوەی خودا هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەیانەوە نییە، خودا لە هــیچ کـۆنگرەیەکی زانســتیی و گفوگــۆیەك بەدیارناکەوێــت، زۆر بەسادەیی ئەوان هەوڵدەدەن بزانن گەردوون چۆن کاردەکات.

تۆ لەوەدا ڕاستدەکەیت، لە ڕاسـتییدا ئەو خاڵەی دەمەوێت ئامـاژەی پێبدەم، ڕەنگە کەمێك لەگەڵ هاوڕێم (ڕیچـارد داوکنـز) جیـاوازبم، بە هـیچ شـێوەیەك زانسـت داوای ئیلحـاد ناکـات، بەڵگەشم لەسـەر ئەمە تاقیکارییە. من باوەڕم بە بەڵگەی تاقیکاریی هەیە. چەندان هاوڕێی زانام هەیە مولحید نـین، لەگەڵ ئەوەی زانـای نایـابن و مولحیـد نـین واتای وایە بە هیچ شێوەیەك زانسـت نیشـانەی ئیلحـاد نیـیە. دەکرێت مرۆڤەکـان بیرکـردنەوەی دژبەیەکیـان هەبێـت، بەڵام زانسـت بە هـیچ شـێوەیەك ناتوانێـت مەبەسـتی بـوونی گەردوون ڕەتبکـاتەوە، لەبەرئەوە

ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتەکایەوە بەپێی تێڕامانمان ئایا باشترە بوونی خودا هەبێت؟

خودایەك گرنگیی بە هەسارەیەکی هەڕەمەکیی لە گەلەستێرەیەکی هەڕەمەکیی بدات، کە ئەمەش دەکەوێتە نێوان چوار ملیار گەلەستێرەی هەڕەمەکیی؟

لە گەردووندا ئەوەی دەتوانین بیبینین تەنها 1%؟

خودایەك بتوانێت خۆی ئاگەداری ئێمە و ئەو هەموو هەسارە و گەلەستێرانە بێت، بە نسبەت من و فیترەتی منەوە بیرێکی پووچە کە هەموو ئەوانە لەپێناو مندا دروستکرابن.

**سڵاو بەڕێز کراوس، سڵاو لە تۆش بەڕێز هەمزە:**

پرسیارەکەم بۆ هەمزەیە، تۆ باسی (بێکۆتا)ت کرد، زۆربەی بەڵگەکانت لە (ویلیام لاین کریگ)ت وەرگرتبوو، کە فۆکس نیوز زۆر خۆشیدەوێت و لێرەدا کەسێکمان هەیە وەك ئەوەیە هەزاروسێسەد کتێب بێت لە بواری گەردووناسیی و گەلەستێرەکان.

باسی ئیسلامتان کرد، باسی ئەوەتان کرد کە قورئان بەڵگەی زانستیی و گەردوونیی تیادایە، بۆچی بەم جۆرە گفتوگۆ دەکەن، تۆ بڵێیت تۆ وات گوت ئەویش بڵێت تۆش وات گوت، بۆچی بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ خۆت پرسیاری لێناکەیت؟ ئەو بەرانبەرتە؟ بۆچی نایکەن؟ ئێمە لەپێناوی گفتوگۆدا لێرەین.

من ئەو شێوازەم نەبینی تەنها جارێك نەبێت کە (بۆشایی کوانتەمی) شیکردەوە، جگە لەوە هیچی ترم بەم شێوازە نەبینی، بۆچی گفتوگۆیەکە بەم شێوازە بەڕێوە ناچێت؟

- لەبەرئەوەی گفتوگۆکەم زانستیی نەبوو، من دەتوانم ئەو شێوازە لە ستار بیکس، یان لە قاوەخانەیەك ئەنجامبدەم، من (بێکۆتا)م وەك بەڵگەیەکی بنچینەیی باس نەکرد.

خاڵەکەی مــن پێشـنیازیی بــوو، ئەگەر چـاو لەسـەر ئەو بەڵـگەیەش داخبەیت هێشتا (بەڵگە دەرئەنجامییەکەم) دەمێنێت کە پێیهەڵسام و وەڵام نەدرایەوە.

- مــن ئەوە دەزانــم، بەڵام بــۆچی بەڵــگەی زمانەوانییــت بەکارهێنا لە کاتێکدا زۆرێك لە بەڵگەی تر هەبوون؟

- لەبەرئەوەی بینــیم بەڵــگەی زانســتیی ئەو هێــزە تەواوەی نییە.

- باشە هەر دەبێت بەڵگەکە زمانەوانیی بێت؟

- نەخێـر، بەڵـگەی مێژوویيمـان هەیە، بەڵـگەی تاقیکارییمـان هەیە، بەڵگەی تریشمان هەیە.

- بــا ئــێمە ڕاشــکاو بــین لەگەڵ یەکتــر، بەڵـگەی مێژوویــی ناتوانرێـت لێـرەدا بەکاربهێنـدرێت، لەبەرئەوەی جیـاوازییەکی گەورە و بنچینەیــی دروســـتدەکات، تـــۆ بـــاوەڕت وەهـــا نیـــیە کە دەبێــت بیروباوەڕەکانت یەك بێت لەگەڵ واقع؟

- نەخێر، بەدڵنیاییەوە. بەڵام تۆ هاوڕابوویت لەسەر ئەوەی ئەو زانسـتەی ئـێمە خۆشـماندەوێت و باوەڕمـان وایە نیعمەتـێکە خـودا بە

ئێمەی بەخشیوە هەتا بەکاریبهێنین، چەندان نیشانەی هاوبەشی هەیە کە پێویستە ئێمە حەقیقەت و تاقیکاریی بەکاربهێنین، تۆ وا گریمانەت کرد کە تەنها بەڵگەی تاقیکاریی بەسە بۆ تێگەشتن لە واقع بەتەواویی.

- نەخێر من وەهام نەگوت، بەڵکوو هەمیشە گوتوومە عەقڵانەیە، پێشبینییکراوە، پێشبینیی نەکراوە، ئەوە زانستە، پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە ئایا کامەیان عەقڵانییترە؟

من پێشتر گوتوومە، بە ڕێگەی تاقیکاریی 1000 ئایین هەیە، ئێوە باوەڕتان بە 999 نییە، من باوەڕم بەو دانەش نییە.

بۆچی بەڵگەی تاقیکاریی و بەدواداچوونی بەکارهێنا هەتا ببێتە بیروباوەڕ، باوەڕم وایە پێشتر ئەو جەختی لەسەر کرابوویەوە، ئەمەش باش نییە، من ئەگەر دڵنیابم لە شتێك وەك بوونی خودا، یان موعجیزە قورئانییەکان، هەرگیز بەڵگەی بەدواداچوون و ئەگەر بەکارناهێنم، ئەوەی تۆ ڕەتیدەکەیتەوە لەوەی هاوڕامبیت لە 0ەوە هەتا 99 %یە. لەبەرئەوە ناچارم بەڵگەی تری وەك دەرئەنجامیی بەکاربهێنم.

هەر وەك ئەوەی كارل ساگان گوتوویەتی: "بانگەشە نابەجێیەكان بەڵگەی نابەجێی دەوێت". بانگەشەی ڕاستیی ڕەهایی، بانگەشەی ئەوەی تۆ وەك كەسێك حەقیقەتی ڕەهاییت لایە، بانگەشەیەكی نابەجێ نییە، هیچ بەڵگەیەكی نابەجێی نییە.

- ئەوە قسەی بێبنەمایە، من گوتوومە هەندێك حەقیقەتی ڕەهاییم لایە لە هەندێك بابەتی دیارییكراوی بنچینەیی، ئەوەش ناوم ناوە بنچینەكانی مەعریفە.

- من ئەو گریمانەم نییە.

- تۆ ئاواتەخوازیت گریمانەیەكت هەبێت لەسەر ئەوەی بەدواداچوون كارایە.

- من باوەڕم وا نییە حەقیقەتی ڕەها دەزانم.

* پرسیارەكەم بۆ هەمزیە، بەڵام دەمەوێت شتێك ڕوونبكەمەوە پێش كردنی پرسیارەكە، ئایا تۆ باوەڕت وایە زانست و لۆژیك دوو ڕێگەی جیاوازن بۆ زانینی حەقیقەت؟ لەبەرئەوەی كراوس بابەتەكانی بەلای زانستیدا دەبرد و تۆش بە لۆژیكیی موناقەشەت دەكرد؟

- نەخێر، بێگومان. ئەگەر بەڵگەی دەرئەرەنجامییت هەبێت و پشت بە گریمانە ببەستێت ئەوا قبوڵکراوە، بەڵگەی بەدواداچوون لە پێناسەییەوە گریمانەییە و لە سروشتییەوە تاقیکارییە.

بەڵام ئەو خاڵەی دەمەوێت بیگەینم بریتییە لەوەی جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان بەڵگەی (بەدواداچوون و دەرئەنجام)ییدا هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر بەڵگەیەکی دەرئەنجامیی و لۆژیکیی و ڕاستمان هەبوو لێبگەڕێن با پێشکەشیبکەین، لە بری ئەوەی بڵێین ئێوە خێزانەکانتان کیسە لەبەردەکات، یان تۆ ڕۆژی یەکشەم گوێت دەخورێنێت، بۆچی گوێچکەکانتان پاك ناکەنەوە، زۆرێك لەو پڕوپاگەندە هەڕەمەکییانە.

- ببوورن پرسیارەکەم ئاوا نەبوو، پرسیارەکەم بریتییە لەوەی ئایا ئەو گریمانانەی بەڵگەکانت لەسەری دامەزراندوە لەسەر بنچینەیەکی تاقیکاریی دامەزراوە؟

- هەندێکیان پاڵپشتیی کراوە بە بەڵگەی تاقیکاریی، بەڵام زۆربەی تەنها بەڵگەی دەرئەنجامییە. گریمانەیەکی دەرئەنجامییت هەیە و دەرئەنجامێکی ڕاست و تەواوت دەستدەکەوێت، ئەمەشە وا دەکات بەڵگەی دەرئەنجامیی بەهێزبێت، لەبەرئەوە گوتم زۆر

ناعەقڵانییە تۆ بەڵگەی بەدواداچوون وەربگریت لە بری بەڵگەی دەرئەنجامیی لە حاڵەتێك بەڵگەی دەرئەنجامییت هەبێت.

- چۆن دەزانیی بەڵگەکەت ڕاستە ئەگەر تاقینەکەیتەوە؟

- بەوەی تۆ بە ڕێگەی غەیبیی نەزانراویی و فەلسەفیی بیزانیت.

- بەهەمان ئەو ڕێگەیەی ئافرەتەکە زانی منداڵەکانی خۆی بخنکێنێت.

- ئەوەی زۆر جێگەی بایەخە ئەو دەستەواژەی بەکارتهێنا غەیبییە، لەبەرئەوە دەبێت هەر بە ڕێگەی غەیبیی لێی حاڵی ببین. بۆ نموونە: (گریمانە تاکە ڕێگەیە بۆ چەسپاندنی حەقیقەتێکی زانراو)، ئەو دەستەواژە هەر بۆ خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی ناتوانرێت بە تاقیکاریی بسەلمێندرێت، لەبەرئەوەی دەستەواژەیەکی بەداواچوونییە.

- من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە شتێك ڕاستە تەنها بەوەی بڵێم من دەزانم ڕاستە.

- نا نەخێر، بەڵکوو پێویستە تۆ لەم دەستەواژەیەدا ئەم کارە بکەیت، لەبەرئەوەی بە بابەتەکانی زانستخوازەکان و فەلسەفەی

دەستکرد دەچێت، زانستخوازەکان پێیان وایە زانست تەنها ڕێگەیە بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان، ئەو دەستەواژەیە هەر خۆی دژی خۆیەتی، لەبەرئەوەی زانست ناتوانێت بیسەلمێنێت.

خاڵی دووەم: زانست خودی خۆی خاڵێکی نێگەتیڤی هەیە، لەبەرئەوەی ناتوانێت ڕاستییە ماتماتیکییەکان بسەلمێنێت، بەهەمان شێوە ناتوانێت ڕاستییە بوونییەکان و مێژووییەکان و ئەخلاقییەکان بسەلمێنێت.

- چۆن دەزانیت ناتوانێت ڕاستییە ماتماتیکییەکان بسەلمێنێت؟

چۆن دەزانیت ناتوانێت ڕاستییە ئەخلاقییەکان بسەلمێنێت؟

- باشە چۆن دەزانیت ئەرستۆ بوونی هەبووە؟

- بەڵگەی زۆرمان هەیە.

- با من بەڵگەیەکت پێبدەم، ئێمە دەزانین ئەرستۆ بوونی هەبووە لە ڕێگەی ئەفلاتۆنەوە ڕاستە؟

- بەلایەنی زۆرەوە هەبووە، زانست وا دەڵێت.

- هەتا ئەوەشی زانستی مەعریفەشی خوێندبێت... تۆ دەزانیت زۆربەی یاسایەکانی ئەوروپا لەسەر بەڵگەی تاقیکاریی دانەمەزراوە.

- بەڵام دەكرێت ئەمە هەڵە بێت، دەگونجێت ئەرستۆ بوونی نەبووبێت.

- تۆ لە خاڵەكەم تێنەگەیشتیت، من دەمەوێت بڵێم زۆر ڕێگەی تر هەن بۆ مەعریفە.

- ئەوە مەعریفە نییە.

- بۆ نموونە دانپێدانانەكان، دانپێدانانە باوەڕپێكراوەكان.

- هەر بەجددیی تۆ باوەڕت وایە دانپێدانان بەڵگەیە؟ هەر بەڕاست باوەڕت وایە؟

- تۆ بڕۆ سایتی بێركلی نووسراوە لە ڕێگەی زانستییەوە...

- من ناچمە هیچ سایتێك، من خۆم زانست بەكاردەهێنم.

- ئەوەش زانستە گوێی بۆ بگرە، لە سایتەكەدا هاتووە: بەشێكی سەرەكیی لە ڕێگەی زانستی لە كاری زاناكانی ترەوە سەرچاوەیگرتووە.

- پێویستە تاقیبكەیتەوە... ئاوا باوەڕ مەكە، دەبێت تاقیكردنەوەكانیان دووبارەبكەیتەوە، لەبەرئەوەی باوەڕ بە دەرئەنجامەكانیان ناكەیت، زانست بەم جۆرە كاردەكات.

- ببورە، بەڵام زۆر زانست هەیە پێویستی بە شایەتییدانە.

- وەك چ زانستێك؟

- با نموونەیەکت پێبدەم، ئایا خۆت هەموو تاقیکردنەوەکانی پەرەسەندنت کردووە؟

- نەخێر.

- باشە تۆش باوەڕت وایە پەرەسەندن ڕاستە؟ سوپاس.

- دەتەوێت وەڵامدەمەوە، یان نا؟

- بێگومان وەڵامبدەرەوە.

- تۆ وەڵامێکت بەدەستهێنا پێش ئەوەی وەڵامبدەمەوە، ئەوە ڕێگەی منە.

- من لە تۆوە فێردەبم.

- پێمگوتیت من باوەڕ بە هیچ شتێك ناکەم، بەڵام بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی لە بەردەممە سەبارەت بە پەرەسەندن، باوەڕم وایە پەرەسەندن بە ئەگەری زۆرەوە ڕاستە، لەگەڵ ئەوەی من نەچوومەتە ناو بۆشایی گەردوونەوە، بەڵام دەزانم نێوانەکانیان چەندە.

* تەنهــا دەمەوێــت كۆمێنتێــك بــدەم لەســەر ئەو ڕوداوەی پــێش دەســتپێكردنی دیبەیــتەكە ڕوویــدا، دان بەوەدا دەنــێم كە ئەو بــرایەی كورســـییەكی دەســـتنەكەوت لەو شـــوێنەی لێــوەی هـــاتە ژوورەوە... باوەڕیشم وایە مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێنێك دەیەوێت دابنیشێت، بەڵام ئەوە هەڵەتێگەیشتنێك بوو.

یەكەم ئیسلام زۆر ڕوون و ئاشكرایە سەبارەت بە یەكسانیی، ڕەشپێست لە سپیپێست باشتر نییە و سپیپێستیش لە ڕەشپێست باشتر نییە، بەڵام بابەتەكە باشتر و چاكتر نییە، لەبەرئەوەی جیاوازیی بەسەردا نەســەپێندرا، بەڵكــوو ڕێــگەی پێــدرا لە نێــوان ئافرەتەكــان لە دواوە دابنیشێت، بەهەمان شێوە ڕێگەی پێدرا لە پێشەوە لەگەڵ ئافرەتەكان دابنیشێت.

هەنــدێك لە خانمــان ویســتیان دوور لە پیاوەكــان دابنیشــن، بــۆچی ئەو دەیەوێت خۆی بەسەرماندا بسەپێنێت؟

ئەگەر لە قاوەخــانەیەك لەگەڵ هــاوڕێیە كچەكــانم دانیشــم دوور لە پیــاوان، ئایــا گونجــاوە ئەویــش لای ئــێمە دابنیشــێت؟ مــن هەســتم بە سووكایەتیی كرد بەهۆی ڕێزنەگرتنی بەهاكانمان.

- خاڵەکە بریتییە لەوەی کە گوتت، من باوەڕم وا نییە خەڵکەکان پێویستە ئاسوودە نەبن و پێویستە دووربکەونەوە ئەگەر ئەوان بێزاربوون، بەڵام ئەگەر تۆ هاتوویتەتە گفتوگۆیەکی تێکەڵاو و هەستت بە ئارامیی نەکرد، پێم وایە مافی خۆتە لێرە نەبیت و بە شێوەیەکی تۆمارکراو سەیری گفتوگۆیەکە بکەیتەوە، بەڵام تۆ ئەوەت هەڵبژاردووە کە بێیت و دەزانم تۆ ئارام نیت بەوەی پیاو لێتەوە نزیکبن، من ڕێزی ئەو مافەت دەگرم، پێویستیش نییە لەسەر ئەوە زۆرت لێبکرێیت، ئەگەر ئەوەت هەڵبژارد بچیتە یاریی هۆکۆ، یان دووگۆڵیی، تۆ خۆت دەخەیتە ناو ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی ئەو شوێنەوە. من ڕێز لە ویستەکانت دەگرم، ناشمەوێت زۆرت لێبکرێت لەسەر کردنی شتێك. لە ڕاستییدا پێویستە دووربکەویتەوە لێرە، ئەگەر وا دەزانیت ئەو بارودۆخە سووکایەتییە بە لای تۆوە. ئەو دیبەیتە تێکەڵاوە تۆش پێش ئەوەی بێیت ئەوەت دەزانیت.

# گوتاری کۆتایی

## لاورنس کراوس

مـــن دڵخۆشـــم بەوەی بە شـــێوەیەکی هـــاوبەش گفتوگۆمـــانکرد، لەبەرئەوەی بـاوەڕم وایە بیـری دیبەیـت زۆر گەمـژانەیە، بمبـورن بـۆ ئەمە، لەبەرئەوەی دیبەیت بوار نادات بە بەژدارییکردن. لە ڕاستییدا چەند لایەنێکی باش هەبوو لە گفتوگۆیەکەم لەگەڵ هەمزە، چەندین لایەنـی ئەرێنیـی زیـاتری هەبـوو لە پێشـەکیی ڕەوانبێژیـی درێـژ و هەوڵـی پێناسـەکردنی شـتەکان و بەدیارخسـتی دژایەتیـی لـۆژیکی کەسـی بەرانـبەر، ئەم شـێوازە بـاش نیـیە بـۆ فێربـوون. مـن دڵنیـانم هەنـــدێك کـــارم ســـووکایەتیی بـــووە، بەڵام مەبەســـتی مـــن ســـووکایەتییپێکردن نەبـــووە، مـــن هەمیشـــە دەبـــمە هۆکـــاری ســـووکایەتییپێکردن بـۆ هەنـدێك زانـا هاوڕێکانیشـم، نیەتـی مـن وروژانـدنی هەنـدێك پرسـیار بـوو هەتـا هـانی خەڵکـی بـدات بـۆ بیرکـردنەوە. ئـاواتەخوازم هەنـدێك دەسـتەواژەم گوتـووە ببێـتە هـۆی بیرکـردنەوەی هەنـدێك خەڵـك، بـاوەڕم وایە پێویسـتە ئێوە ڕێگەیەکتـان هەبێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاریی دەربـارەی ئەوەی زانسـت چـۆن کاردەکـات، لەبەرئەوە مـن کتێبـی زانسـتیی دەنووسـم و باسـی زانسـت دەکەم، لەبەرئەوەی باوەڕم وایە جوانترین شـتە کە مـرۆڤ هێنـاویەتی. پێویسـتە لە زانسـت نەترسـین و وەك سـووکایەتییەك سـەیریان نەکەیـن. ئەگەر بـوونە مـایەی سـووکایەتییکردن بە هەنـدێك بیروباوەڕمـان ئەوە

کارێکی باشە، لەبەرئەوەی واتای وایە بیروباوەڕەکانمان هەڵەن. من هەمیشە ئەوە بە قوتابییەکانم دەڵێم، ئەو دیارییە بریتییە لەوەی مێشکمان بگۆڕین، بزانین زانست هۆکاری پێشکەوتن بووە و ڕێگەیداوە بە دروستبوونی ئەو ژوورە و ئەم کامیرایانەی کە وێنەمان دەگرن، لەبەرئەوە ئومێدەوارم و ئامادەم مێشك و بیروباوەڕەکانم بگۆڕم دەربارەی هەر شتێك لە کاتی بوونی بەڵگەدا، لەبەرئەوە ئاواتەخوازم هەندێك لەو شتانەی کە گوتوومە شتێکی لە مێشکتان دروستکردبێت هەتا بیربکەنەوە. بەدڵنیاییەوە هەرگیز نامەوێت ئێوە ئایینەکەتان بگۆڕن بۆ هەر شتێکی تر، سوپاس بۆ گوێگرتنتان.

# گوتاری کۆتایی

## هەمزە تزۆرتسس

باوەڕم وایە زۆر گفتوگۆ هەبوو دەربارەی پێناسەی موعجیزە، بەڵام ئەوەی پێویستە زیاتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت ئەو پێناسە پەیوەندییدارەیە کە من پێشکەشمکرد. ئەوەی پەیوەندیی بە شێوازی ئەدەبییەوە هەبوو پێم وایە هەڵەتێگەیشتنێك هەبوو. ئەو نموونە شیکارییەی کۆمپیتەر پێشکەشیدەکات کە تایبەت نەبوو بە بەشێك، بەڵکوو نەبوونی توانا لە هێنانی یەك دەقی قورئانیش.

بەڵگەی دەرئەنجامییمان پێشکەشکرد کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە و ناکرێت لە هیچەوە دروستبووبێت، دوای ئەوەی لە پێشووتر بوونی نەبووە، لەبەرئەوە ناکرێت خۆی دروستکردبێت و ناکرێت دروستکراوێکیش دروستیکردبێت. گوتەی لۆژیکیی بریتییە لەوەی لە لایەن دروستکەرێکی دروستنەکراوەوە دروستکرابێت، ئەمەش لەگەڵ ئەو پێناسەی ئێمە دەگونجێت کە بۆ (هۆکار)مان کرد، کە دەبێتە هۆکاری کاریگەریی و بواردەدات بە هۆکاری لێکنەچوو.

باسی (بێکۆتا)مان کرد، باسی (بێکۆتایی چەندییمان کرد)، باسی (بێکۆتایی جۆرییمان)رکرد، ئەو نموونەی پرۆفیسۆر پێشکەشیکرد لەسەر بەڵگەنەویستەکانی ماتماتیك وەستابوو، نەك لەسەر واقع.

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم باوەڕم وا نییە ئەو گریمانە بنچینەییانەی بەڵگەکانم گفتوگۆی لەسەر کرابێت، ئەمەش لەو لایەنەوە وەك بەڵگەیەك لەسەر ڕاستیی ئیسلامی دەزانم، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە زۆر هەڵە و نالۆژیکیی بین، ئەوا بەڵگەی بەرانبەرمان زۆر بەهێز دەبوو لەو لایەنەوە.

بەڵام ڕەنگە هەتا ڕۆژی دوایی وەڵامی ئەو بەڵگانە نەدرێتەوە، بەڵام دەتوانین لەگەڵ یەکتر دابنیشین و گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەین. ڕەنگە بەتوڕەیی و گاڵتەپێکردنەوە، هەر بەو بۆنەیەوە من داوای لێبوردن لە هەر کەسێك دەکەم ئەگەر بوومبێتمە مایەی سووکایەتیی پێی، بەتایبەتیی پرۆفیسۆر کراوس. پێویستە ئێمە ڕێز و تێکەڵاویی و کۆمەڵایەتیی لەیەکتر بگرین، لەبەر ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیهێناوە. هەندێك لەو وشانەی گوتم گونجاو نەبوون، لەگەڵ ئەوەی ڕەوانبێژییەکی باش بوون.

لە کۆتاییدا با ببینە مرۆڤێك و پەیوەندییمان لەگەڵ یەکتر هەبێت بەبێ گریمانەی پێش وەختە. ئەمەیش کارێکی ئەستەمە، بەڵام تاکە ڕێگەیە کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ یەکێك دەکەین هەتا لە نواندن و گریمانە پێشییەکان خۆمان بەدووربگرین، لەگەڵ مرۆڤ ڕەفتاربکەن،

نەك لەگەڵ بیروباوەڕەکەی، یان ئەو گومانانەی بەرانبەری هەتە.

نەگەیتشووینەتە ئەو قۆناغە، بەڵام ئەوە سەرەتایە

# چەند تێبینییەک لەسەر ئەم دیبەیتە

ئەم دیبەیتە لەبەر ئەوەی شێوازی گفتوگۆ و خێرا بووە، بۆیە چەندان بابەت مافی خۆی پێ نەدراوە، چەندین بابەت بەشێوەیەکی ڕوون قسەی لەسەر نەکراوە و ڕوون نەکراوەتەوە، تەنیا بەسەریدا ڕەتبوونە و باسیان کردووە.

بۆیە بە پێویستم زانی ئەم چەند تێبینییەی خوارە زیاد بکەم تا خوێنەر بە وردەکاری بابەت و بەڵگەکان ئاشنا ببێت، خۆ ئەگەر لەم کتێبەش وەڵامێکی قووڵ و وردی دەستنەکەوت لانی کەم بتوانێت بەرچاوڕوونییەکی هەبێت لە کتێبە درێژ و باشەکانی تر وەڵامی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی مێشکی شیکار بکا. تێبینییەکانیش ئەمانەن:ـــ

١-ناونیشانی بابەتەکە: ناونیشانی بابەتەکە (ئیسلام یان ئیلحاد کامیان لۆژیکیترە)، پرۆفیسۆر لۆرنس کراوس یەکەم ڕەخنەی کە لە هەمزە تزۆرتسسی گرت ئەوە بوو کە ناونیشانی بابەتەکە باسی بوونی خودا نییە، بۆچی ئەو یەکراست چووە سەر باسی بوونی خودا.

لە وەڵامدا دەڵێین: هەمزە تزۆرستت بۆ سەلماندی ئەوەی کە ئیسلام لۆژیکترە لە ئیلحاد پێویست بوو سەرەتا بوونی خودایەک بسەلمێنێ

کە خاوەنی ئەو ئیسلامەیە، پاشان باسی قورئان بکا کە پەیامی ئەو خودایەیە کە سەلماندوویەتی، دوایی بگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئیسلام لۆژیکیترە.

لە بەشێکی باسەکەشی هەڵساوە باسی ئەوەشی کردووە کە ژیان و گەردوون لای ئیلحاد هیچ مەبەست و ئامانجێک لە بوونی نییە، تەنیا بوونی ماددەیەکی بێ مەبەستە، بۆیە ناکرێ کە فکرەیەک دیدگای بەرامبەر ژیان بەمجۆرەبێت لۆژیکی بێت.

ڕەخنەیەکی تری پرۆفیسۆر کراوس کە باسیکرد ئەوە بوو کە ئیسلام هیچ داهێنانێکی نییە، پرۆفیسۆر کراوس ئایین بە زانست تێگەیشتووە، کە ئەمەش خوودی خۆی هەڵەیە، چونکە زانست پەیوەندی بە ئایین و ئیلحادیشەوە نییە، بەڵکو هەم مسوڵمان دەکرێ زانابێ، هەمیش مولحید، چەندان زانای مسوڵمان لە پێشتر و ئێستاش هەبوونە و هەشن کە داهێنانی بەرچاویان لە زۆربەی بوارەکانی زانستدا کردووە.

٢_بوونی خودا: هەمزە تزۆرسس بۆ سەلماندنی بوونی خودا بەڵگەی دەرئەنجامی کەلامی بەکارهێناوە، کە پشت دەبەستێ بە پێشەکی سەلمێندراو بۆ گەیشتنە دەرئەنجامی دروست لەڕووی لۆژیکییەوە،

بەمەرج گیـــراوە بـــۆ ئەوەی دەرئەنجـــامەکەت ڕاســـت بـــێ، پێشەکییەکانت بەهیچ شێوەیەک ناڕاستی تێدا بەدی نەکرێ.

پێشـــەکی یەکەمـــی کە بەکاریهێنـــا؛ گەردوون ســـەرەتایەکی بـــۆ دروستبوون هەیە، هەم لە ڕووی ماتماتییەکەوە ناکری گەردوون هەر لە بێکۆتـــاوە هەبێـــت، هەم لە ڕووی فیزیـــاییەوە گەورە زانـــایە فیزیاییەکـــان گەشـــتوونەتە ئەو دەرئەنجـــامەی کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە بۆ بوونی.

پێشـــەکی دووەم کە بەکـــاری دەهێنـــێ: هەمـــوو پەیـــدابووێک بەدیهێنەرێکـــی هەیە بەدیهێنـــابێ، لەڕووی لـــۆژیکییەوە مەحـــاڵە شتێک بێ هۆکـار ڕووبدات، هەم لەڕووی فەلسـەفی و لـۆژیکی، هەم لە ڕووی فیزیاییەوە.

هەر بـــۆیە چـــوار گریمـــانە بـــاس دەکـــات کە گەردوونـــی لێـــوە ئافرێندراوە:-

أ-گەردوون لە هـــیچەوە دروســـت بـــووە، کە لەو باســـەدا بەڵگەکـــانی پرۆفیسۆر کراوس باس دەکا لە هەمبەر ئەو هیچەی لە کتێبەکەی باسیکردووە، بەدرێژی باسی لێوە دەکەین لە تێبینییەکان.

ب- گەردوون خۆی خۆی دروستکردووە، کە بەشێوەیەکی لۆژیکی زۆر سادە وەڵامی ئەو گریمانەیی داوەتەوە، بەوەی ئەگەر بەخۆی خۆی دروستکردبێ، ئەوا لەیەک کاتدا دەکرێ بوونی هەبێ و بوونی نەبێ، کە ئەمەش لە لۆژیک پێی دەگوترێ کۆبوونەوەی دژەکان (اجتماع النقیضین)، سادەترین لۆژیکزان و فەیلەسووف دەزانێ کۆبوونەوەی دژەکان مەحاڵە ڕووبدا و هەبێ.

ج-گەردوون دروستکراوە لەلایەن دروستکراوێکی ترەوە، کە ڕەنگە مەبەست لێی لە گەردوونێکی ترەوە دروستبووبێ، ئەو گەردوونیش لە گەردوونێکی تر تا ناکۆتا، کە بەڵگەکانی ناکۆتا ڕووندەکەینەوە کە لە جیهانی ڕاستەقینە ناکرێ هەبێ، بۆیە لەم حاڵەتەدا زنجیرەیەک دروستکراو بوونیان نییە، بەڵکو زنجیرەیەک لە نەبوو هەیە، بۆیە گەردوون لەلایەن دروستکراوێکی ترەوە دروستنەکراوە.

د-گەردوون لەلایەن زاتێکەوە دروستکراوە کە ئەو زاتە دروستنەکراوە بەڵکو هەمیشە هەر هەبووە، دەبێ لە دەرەوەی کات و شوێن بێ، لە دەرەوەی دروستکراوەکانی بێ لەڕووی تێکەڵبوون و یەکبوونی لە دروستکراوەکانی، بەدەرە لە سیفەت و شێوەی دروستکراوەکان، نە هیچ خەیاڵەک دەیگاتێ، نە هیچ بیرێک پەی بە تەواوی دەبا.

پاشان دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە گەردوون لەلایەن بەدیهێنەرەکەوە ئافرێندراوە کە خوایە و خاوەنی ئیسلامە، بۆیە لەڕووی بنچینەیی بوونی گەردوونییەوە ئیسلام لۆژیکیترە.

**٣- بێکۆتا:** یەکێک لەو ئارگیۆمێنتانەیە کە هەمزە تزۆرسس ڕەتی دەکاتەوە، ئەو بەڵگانە باس دەکات کە زانایان گوتویانە دەربارەی مەحاڵی بوونی بێکۆتا لەم جیهانی فیزیکیدا، هەر چەندەش بەڵگەی بێکۆتا بوونی هەبێ لە ماتماتیکدا ئەوا نابێتە بەڵگە کە لە واقعیشدا بوونی هەیە، لۆرنس کراوس لە وەڵامدانەوەی بەڵگەی بێکۆتا پەنا دەباتە بەر بوونی بێکۆتا لەلایەنی ماتماتیکییەوە، لە گفتوگۆیەکەش وێنەی بازنەیەک دەکێشێ و خەتێکی بەناودا دەکێشێ دەڵێ ئەندازەی ئەو هێڵە بۆ نیوە تیرەی بازنەکە چەندە، پاشان دەڵێ بێگومان دەکاتە بێکۆتا، ئەوەش هەر خوودی بەڵگەیەکی زۆر لاوازە، چونکە کێشانی بازنەیەک و خەتێکی ڕاست بەناویدا با لەلایەنی ماتماتیکی ببێتە بێکۆتا بەڵام لە جیهانی فیزیکی هیچ بێکۆتایەک بوونی نییە، هەشبێ تەنیا لە ئەندێشە و خەیاڵ بوونی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەم خودی بازنەکە و هەم خودی هێڵەکەش دەتواندرێ بپێورێ بۆیە ناکۆتا نین.

یەکێک لەو بەڵگانەی هەمزە دەیهێنێتەوە ئەوەیە دەڵێ: ئەگەر بێتو ئێمە گەردوونی یەک لە گەردوونی دوو هاتبی، گەردوونی دوو لە گەردوونی سێ هاتبێ... تا ناکۆتا ئەوا هیچ گەردوونەک بوونی نابێ، چونکە هەموو گەردوونەکان بۆ بوونیان پێویستیان بە گەردوونێکی پێشخۆی هەیە.

٤- هیچ: یەکێک لەو بەڵگانە هەمزە باسی دەکات و ڕەخنە لە لۆرنس کراوس دەگرێت کە کتێبێکی نووسیوە بەناوی (گەردوون لە هیچەوە)، بەو واتایەیی گەردوون لە هیچەوە هاتۆتە کایەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکی کتێبەکەی کاتێک باسی ئەو هیچە دەکات دەڵێت چەند شتێکی کوانتەمییە، ڕەخنە لەوە دەگرێت کە چۆن زاراوەی (هیچ) ی شێواندووە، لە زمانەوانی و زاراوەییشدا (هیچ) بە مانای نەبوونی شت دێت، بەڵام ئەو دەڵێ هیچەو کەچی دەشڵێ شتە.

کراوس خۆشی دەدان بەوەدا دەنێت کە گەردوون لەڕێگای چەند هۆکارێکی فیزیاییەوە دروستبووە، بەڵام باوەڕی بەوە نییە کە ئەو گردوونە بە مەبەست دروستبووبێ لەلایەن دروستکارێکەوە، بەڵکو پێش دروستبوونی گەردوون دەڵێ نە کات، نە شوێن، نە هیچ هۆکارێکی فیزیاییتر بوونی نەبووە، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی کە ئەو

خودایەیی باسی دەکەین نە کاتە، نە شوێنە، نە هیچ هۆکارێکی فیزیاییشە.

هەر نکوڵی ئەوە دەکات کە گوتبێتی ئەو (هیچ)ەش شتێکە تا یەکێک لە ئامادەبووان کتێبەکەی دەهێنێت و ئەو دەقەی بۆ دەخوێنێتەوە کە دەڵێت ئەو (هیچ)ەش شتێکە، پاشان چەندان پێچ و پەنای بۆ دەدۆزێتەوە.

٥- قورئان و بەڵگەی موعجیزەبوونی: هەمزە یەکێک لەو بەڵگانەی باسی دەکات بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئیسلام لۆژیکیترە لە ئیلحاد، ئەوەیە کە ئەو قورئانەی هاتووە لە دەرەوەی سرووشتی مرۆڤەوەیە، مرۆڤ ناتوانێ هاوشێوەی بهێنێ چونکە ئەوە لایەنی ئەدەبی نییە کە قورئانی داڕشتووە، سەر بە یەکێک لە ڕێبازە ئەدەبییەکان نییە، بەڵکو ئەوە خوودی زمانی عەرەبی و یاسا و ڕێسایە زمانەوانییەکانن کەوتوونەتە ژێر کاریگەری قورئان.

بەڵام پرۆفیسۆر کراوس چەندان بابەت باس دەکات کە زۆر دوورە لەو بابەتە، وەک (بۆچی قورئان بە زمانی عەرەبییە؟، ئەدی ئەو مرۆڤانەی پێشتر کە قورئانیان بۆ نەهاتووە چیان بەسەر دێت؟، چۆن باوەڕ بەوە بکرێت کە وەحی هاتووە؟)، لەکاتەکدا ئەو پرسیارانە

خوودی ئەو باسە نەبوو کە هەمزە باسی لێوەکرد، هەر یەکێک لەو پرسیارانەش وەڵامی زۆر ئاسان و سانایی خۆی هەیە، بەڵام چونکە پرۆفیسۆر کراوس تاکە کتێبێکی شەریعەت و ئایینی نییە و قسەشی لێ دەکا، بۆیە کەوتۆتە ناو ئەو هەڵانە.

٦- حوکمی شەرعی شتەکان: پرۆفیسۆر کراوس، زۆر بابەت باس دەکات لەبەر ئەوەی وا دەزانێ کە ئەو بابەتانە لە ئایین و شتی نالۆژیکین وەک ئاگری دۆزەخ و فرەژنی و لەبەرکردنی ئافرەت بۆ کیسە (حجاب)و، چەندانیتر، بەڵام بابەتە سەرەکییەکە سەلماندنی قورئابە کە لەلایەن خواوە هاتووە، لەگەڵ سەلماندنی ئەوەی کە ئەو قورئانە موعجیزەیە و وێنەی نەهاتووە بەڵگە سەرەکییەکان، بەهەمان شێوەی بابەتی موعجیزەبوونی قورئان ئەو پرسیارانەی کە پرۆفیسۆر کراوس باسیکردوون، زۆربەی وەڵامی زۆر سادە و ئاسایی هەیە.

٧- ئەخلاق: بابەتێکی تری سەرەکی کە باسی لێوە کرا ئەخلاق بوو، هەمزە تزۆرتسس پێی وابوو کە ئەخلاق بابەتییە و پەیوەندی بە دابونەریت و کۆمەڵگادا نییە، چونکە دابونەریت و کۆمەڵگا لە گۆڕاندان و پێوەرێکی تایبەتییان بۆ چەمکە ئەخلاقییەکان پێ

نییە، بەڵام لۆرانس کراوس پێی وابووە ئەگەر هەر کارێک لەڕووی لەڕووی زانستییەوە کێشەی نەبێت ئەوە نا ئەخلاقی نییە هەرچەندە هەندێک کۆمەڵگا و بنەمای تریش دژایەتی بکەن، وەک بابەتی هاوڕەگەزخوازی، کە بە چەندان دێڕی دەربارە دەنووسێت و دەڵێت شتێکی زۆر زۆر ئاساییە لەبەر ئەوەی لەناو ئاژەڵانیش بوونی هەیە بەڕێژەی سەدا ١٠، خۆ ئەگەر بابەتەکە نا ئەخلاقی با چۆن خودا ئەو فیترەتەی لە ئاژەڵانیش دروست دەکرد؟، بەڵام قیاسێکی زۆر هەڵە ئەنجام دەدا، لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکان هەر کاتەک بیانەوێ کرداری زاوزێی ئەنجام دەدەن، هەر کاتێک بیانەوێ پیسایی دەکەن، مەرج نییە ئەو حەزە و ویستانەی خودا لە مرۆڤدا دروستی کردبن شتی باش و ئەخلاقی بن، بەڵکو ئەخلاق ئەو چەمکەیە کە فیترەتی پاکی کۆیی مرۆڤەکان بە خراپی دەزانن یان بە باشی دەزانن، هیچ دژایەتی و زیانێکیشی نییە لەگشت ڕووەکان.

٨- کۆتا تێبینی: لەم دیبەیتە چەندان بابەت گفتوگۆیی لێ کرا، هەندێک بابەت مافی خۆی پێ نەدرا، هەندێک بابەت ئێمە وەک تێبینیش باسمان نەکرد، لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکی نەبوون زۆر لاوەکی بوون، لە دیبەیتەکەدا دەبینی کە زۆر جار لە ئەسڵی بابەت

لادانەکان زۆر هەیە بەتایبەت لۆرنس کراوس، باسی چەندان بابەت دەکا بەشێوەی پرسیار و وەڵام کە هەمزە هەر دەیەوێ لە ئەسڵی بابەتەکە لا نەدات، بەڵام خۆی لە شوێنەک دەڵێ ناونیشانەکە بریتیی نییە لەوەی کە (ئایا ئیلحاد ئەخلاقیترە یان ئیسلام)، لە وەڵامیدا هەمزە دەڵێ باشە ئەگەر بابەتەکە ئەوە نییە بۆچی ٢٥ خوولەکە باسی ئەخلاق دەکەیت.

دڵنیام لەم کتێبەدا کۆمەڵێک پرسیاری زۆر لە مێشکتان دروستبووە کە پێویستی بە وەڵامی درێژتر هەیە بۆ ئەوەی باشتر لێی حاڵی ببن، هەر بۆیە پێشنیاری چەند کتێبێکتان بۆ دەکەم کە بیخوێننەوە تا لە ورد و قووڵی بابەتەکان حاڵی ببن:

١- حەقیقەتی ئیلاهی، نووسینی: هەمزە تزۆرتسس، وەرگێڕانی: م.زانا سەلام، ناوەندی ڕێنوێن چاپی کردووە.

٢- خوڕافەی ئیلحاد، نووسینی: دکتۆر عەمر شەریف، وەرگێڕانی: موزەفەر عەبدوڵڵا قەسرێ، ناوەندی تەفسیر.

٣-گەشتی عەقڵ، نووسینی: دکتۆر عەمر شەریف، وەرگێڕانی: موزەفەر عەبدوڵڵا قەسرێ، ناوەندی تەفسیر.

٤- بوونەوەر چۆن بەدیهات، نووسینی: دکتۆر عەمر شەریف، وەرگێڕانی: داستان محەمەد، پێشەوا یاسین، ناوەندی تەفسیر.

٥- ئیلحادی نوێ و عەلمانییەتی توندڕەو، نووسینی: سی.جی، ویرلیمان، وەرگێڕانی: سیروان موحەمەد گەنجانی، ناوەندی ڕەها.

٦- چۆن لەگەڵ مولحیدێک گفتوگۆ دەکەیت؟، نووسینی: ئەمین عەبدولهادی خەربوعی، وەرگێڕانی سیروان گەنجانی، ناوەندی ڕەها.

٧- گەڕان بەدوای حەقیقەت، نووسینی:نانسی بیرسی، وەرگێڕانی: سیروان مەحمود گەنجانی، ناوەندی ڕەها.

٨-بوونی خودا، نووسینی: سامی عامری، وەرگێڕانی: مەودوود جەبار، ناوەندی ڕێنوێن.

٩- زوبانەکەی خودا، نووسینی: فرانسس کۆڵینس، وەرگێڕانی: شەنیار جەلال، ناوەندی ڕێنوێن.

# ناوەڕۆک

بابەت ........................................ لاپەڕە

سوپاس و پێزانین ........................................ 6

پێشەکیی ڕێکخەری دیبەیت ................................. 7

دەستپێکردنی گوتار (هەمزە تزۆرتسس)........................ 12

دەستپێکردنی گوتار (لاورنس کراوس).......................... 43

وەڵامدانەوەی (هەمزە تزۆرتسس) ............................. 75

وەڵامدانەوەی (لاورنس کراوس) .............................. 93

پوختەی گفتوگۆ.............................................102

پرسیار و وەڵامەکان ........................................ 126

گوتاری کۆتایی (لاورنس کراوس) ........................... 150

گوتاری کۆتایی (هەمزە تزۆرتسس) ........................153

چەند تێبینییەکان لەسەر ئەم دیبەیتە.........................157

## بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕەها

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| 1 | ئیسلام یان ئیلحاد | و/ ئەیاد نادر |
| 2 | جوانتر بیربکەوە | سبحان سەید |
| 3 | دێڕی نامەکان | تەنیا محەمەد |
| 4 | کچی کافرۆش | هێدی سەلیم |
| 5 | هونەری جەنگ | ن/ سون تزو<br>و/ نیاز مەستی |
| 6 | پیانۆ | ن/ ڕۆزمێری بۆردەر<br>و/محمد جەمیل عەلی |
| 7 | عاشقانە دێم | زامدار قادری |
| 8 | چیرۆکی ڕەوشتە باڵاکان | محمد کەریم حاجی |
| 9 | ئایا دەکرێ خوێن درووست بکرێ؟ | ئەحمەد محەمەد نەقاش |
| 10 | پوختەیەك لە ژیاننامەی زانا و پیاوچاکانی کورد | زانا قەرەداغی |
| 11 | ستیف جۆبز کێ بوو؟ | ن/ پام پۆڵا جك و مەگ بەلڤسۆ<br>و/ ڕەوەند حەکیم |
| 12 | بەختەوەرترین ئافرەت لە جیهاندا | ن/ عائض القرني<br>و/ نیاز مەستی |
| 13 | پوختەیەك لە ژیانی عەلی کوڕی حوسێن (زین العابدین) | عبدالرحمن محمدامین |
| 14 | ماهی نوورین | هێدی سەلیم |
| 15 | ئەبولحەسەنی ئەشعەری ( قوتابخانە کەلامی و فەلسەفییەکەی) | عەدنان ئەمین |
| 16 | ئەتەکێکی قسەکردن | ن: د: ئیهاب فکری<br>و/ دەشنێ تالیب شوانی |
| 17 | 101 کۆدی بەرپەرۆسا | ن/ جیهاد الترباني<br>و/ ئەحمەد حمدامین مەنتك |
| 18 | فیقهی سانا | خ.ڕەشید ڕەحیم<br>نیاز مەستی |
| 19 | لابردنی گومانەکان لەسەر ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان | م. جاسم کەرکووکی |
| 20 | لا يأتيه الباطل | ن/ محمد سعيد رمضان البوطي<br>و/ محەمەد مەلا سعدالدين |
| 21 | 101 چیرۆکی سەرسوڕهێنەر | ڕەوەند حەکیم |
| 22 | ئامۆژگاری باوکێك بۆ ڕۆڵەکەی | ن/ ئەشرەف عوسمان<br>و/ ئەیاد فەهمی |
| 23 | تاوانە دەروونییەکان | ن/ محمد سعيد رمضان البوطي<br>و/ عومەر ڕێشاوی |

| | | |
|---|---|---|
| 24 | بەیانی جوانتر دەبێت | ن/ عبدالله المغلوث<br>و/ موحسین ئەمین |
| 25 | گەورە بژی | ن/ کەریم شازەلی<br>و/ نێچیروان جاسم وەلی |
| 26 | پەروەردەی ژیرانە | ن/ کەریم شازەلی<br>و/ هندرێن هەژار |
| 27 | درەختی گەردوون | ن/ محی الدین ابن عربی<br>و/ یاد نووری- بوشرا خۆرانی |
| 28 | ژیانەوەی دڵەکان | ئەحمەد محمد سەعید |
| 29 | ڕێبازێکی پەروەردەیی تاقانە لە قورئاندا | ن/ محمد سعید رمضان البوطي<br>و/ عومەر ڕێشاوی |
| 30 | بیرکردنەوەت بگۆڕە ژیانت بگۆڕە | ن/ برایان ترێسی<br>و/ داستان شەریف |
| 31 | 10 خاڵ پێشچوونە زانکۆ | ن/ یاسر عبدالکریم بکار<br>و/ ڕەوەند حەکیم |
| 32 | چیرۆکەکانی ژیان | ن/ عەلی تەنتاوی<br>و/دیار ئیبراهیم سەنگەسەری |
| 33 | زمانی دووەم | نەهرۆ جەرجیس |
| 34 | سڵاوت لێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا | ن/ موستەفا حوسنی<br>و/بەسام مەحمود |
| 35 | فێربوونی فەڕەنسی | بابان عەلی مەحمود |
| 36 | فەرهەنگی دەرمان | ئەحمەد گوڵ |
| 37 | دوایین پیاوی ئەندەلووس | زامدار قادری |
| 38 | لەگەڵ خەڵکدا | ن/ عەلی تەنتاوی<br>و/ ئەیاد فەهمی |
| 39 | مرۆڤ و دادپەروەری خودا لە زەویدا | ن/ محمد سعید رمضان البوطي<br>و/ عومەر ئەحمەد نیزامی |
| 40 | نزاکانی مەولانا | کۆساران ئەحمەد |
| 41 | ڕەوشتی گفتوگۆ لە قورئانی پیرۆزدا | ن/ محمد سعید رمضان البوطي<br>و/ ئەمجەد تەهاوی |
| 42 | یادی پیاوچاکان | ن/ عەتتار نەیشاپووری<br>و/ کۆساران ئەحمەد |
| 43 | 101 کۆدی ئاریۆس | ن/ جیهاد الترباني<br>و/ ئەحمەد حمدامین مەنتک |
| 44 | ئەوروپا لە تەکنەلۆژیاوە بەرەو ڕۆحانییەت | ن/ محمد سعید رمضان البوطي<br>و/ دیار ئیبراهیم سەنگەسەری |
| 45 | پەندەکانی سەعدی | ن/ غوڵامڕزا سەوالونی |

| | | |
|---|---|---|
| | | و/ مەهدی عەبدوڵڵا |
| 46 | سەعدی ( شاعیری عیشق و ژیان) | ن/ د.مەنوچەهر دانش پژوه<br>و/ مەهدی عەبدوڵڵا |
| 47 | خاڵبەندی<br>ڕێساکانی بەکارهێنانی بە نووسیندا | جووتیار قارەمان |
| 48 | جلاء الخاطر بە کوردی | ن/ شێخ عبدالقادر گەیلانی<br>و/ عبدالرحمن محمد امین |
| 49 | فیزیایی بەختەوەری | ن: سەعید نوبان<br>و: ئەیاد فەهمی |
| 50 | 4 شەقامی سەرکەوتن | ن: د. ئیهاب فکری<br>و: مەحمود یاسین |
| 51 | دوکانی خۆکوژی | ن: ژان توولێ<br>و: هەدیە عەلی |
| 52 | ماچی یەکەم | ن: کەریم کاکە |
| 53 | ڕووی نازەنینی خودا ماچ کە | ن: مستەفا مەستوور<br>و: بێژەن تۆفیق |
| 54 | دەرگاکانی میهرەبانی | ن: وەسیم یوسف<br>و: کامەران عومەر |
| 55 | موریدی حەزرەتی پەروانەم | زامدار قادری |
| 56 | خۆت بە | ن: لەمیا ئیبراهیم هومەیل<br>و: نێچیروان جاسم وەلی |
| 57 | ئێوەڵڵا | ن: جیکمەت ئەنلێ ئۆزتەکین<br>و: بوشرا خۆرانی |
| 58 | ایها الولد | ن: ئیمامی غەزالی<br>و: محەمەد مەلا سعدالدین |
| 59 | جەنەتم وەصڵی ئەوە | ن: هونەر خورشید |
| 60 | بە فەرەنسی قسە دەکەم | ن: بابان عەلی مەحمود |
| 61 | پڕ لە ئەوین بە | ن: عمر ال عوضة<br>و: زامدار قادری |
| 62 | غەیب | ن/ موحەمەد متەوەلی شەعراوی<br>و/ دیار ئیبراهیم سەنگەسەری |
| 63 | کچانی بەیبوون | هێلین خەلیل |
| 64 | چۆن لەگەڵ مولحیدێك گفتوگۆ دەکەیت؟ | ن/ ئەمین عەبدولهادی خەربوعی<br>و/ سیروان محەمەد گەنجانی |
| 65 | خودامان لەگەڵە | ن/ عایز موتەیری.<br>و/ دیار ئیبراهیم سەنگەسەری |
| 66 | ژیانت دروست بکە | ن/ عەبدولحەمید موحەمەد دەروێش. |

| | | |
|---|---|---|
| | | و/ سیروان موحەممەد گەنجانی |
| 67 | خزمەتکارەکەی مەحوی | شەوکەت شێخ بزێنی |
| 68 | خاوەن خەونەکان بنیاتنەرانی جیهانن | ن/ جیمس ئاڵن<br>و/ هاوکار عەبدوڵلا مەلا کەریم |
| 69 | ئیلحادی نوێ و عەلمانیەتی توندڕەو | ن/ سی.جی ویرلیمان.<br>و/ سیروان موحەممەد گەنجانی |
| 70 | مەترسییەکانی نادیدەگرتنی ( سوننەت) لەسەر خودی ( قورئانی پیرۆز) | ن/ پ.د. حەسەن خالید موستەفا<br>مەحمود موفتی |
| 71 | بیل گەیتس کێیە؟ | ن: پاتریشا برینان<br>و: ڕەوەند حەکیم |
| 72 | ئەوانەی جێپەنجەیان بەجێ هێشت | ن: دەستەیەك نووسەر<br>و: ژیڤان بەکر |
| 73 | تەسەوف | ن/ عوسمان نووری توباش<br>و: قاسم سەلام |
| 74 | دڵاوا | ن: د. ئیبراهیم سەنگەسەری |
| 75 | بۆ خەونی خۆت بژی و داهاتووت دروست بکە | ن: عبدالله العامری<br>و: موحسین ئەمین |